


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست

١- چۆنیەتی دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لەرووداوی ئەو کۆمارە ........................ ........................................................................................ وەرگێرانی: خالید عەزیزی ......... ٥

٢- کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا .......... کەماڵ کەریمی ........... ١١

٣- مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی .................. عومەر باڵەکی .......... ١٦

٤- قازی محەمەد: من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم ..... ئامادە کردنی بۆ کەناڵی خاک: زاهیر سدیق ........................................................................................ ٢٢

٥- کۆماری کوردستان و ناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری ................................ جەماڵ فەتحی .......... ٤٩

٦- پانۆرامای مێژووی کۆماری کوردستان ................................ ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی ....... ٥٢

٧- پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان .................. ٧٦

٨- پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ................................... ٨٢

٩- پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات بەبۆنەی دووی ڕێبەندان ...................... ٨٦

١٠- پەیامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ................................................................. ٨٩

## ڕێزگرتن لە یادوبیرەوریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

لە دەرەوەی کوردستان: لاپەڕەی ......... ٩١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئاڵمان
* حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی سوید
* حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک
* حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی ئامریکا
* حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی ئۆتریش
* کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - سویس
* قەڵای دێموکرات کۆیە باشووری کوردستان
* کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - نۆروێژ
* کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - فینلاند
* کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا
* کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - لە شاری یوتوبوری سوئید

## ڕێزگرتن لە یادوبیرەوریی ۷۲ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

لە ناوخۆی کوردستان: لاپەڕەی ....... ۱۲۲

* پاوە
* بانە
* پیرانشار
* پارێزگای ئیلام
* سنە
* ئیلام
* کرماشان
* مەهاباد
* شنۆ
* ئاوایی سرنجیانەی سنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆماری کوردستان

## بەرهەمی قۆستنەوەی هەلێکی مێژوویی و بلیمەتیی پێشەوا بوو

٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٧٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی سیاسیی کورد تێپەڕی. لە٢ی ڕێبەندان و لە یادی کۆماری کوردستاندا هەر تەنیا کۆمەڵێک شانازی، کۆمەڵێک بەها و بایەخی دەوڵەتداریی پێشکەوتووی کورد بۆ ئەو نەتەوەیە بە میرات نەماوە؛ بەڵکوو شان و شکۆیەک بەجێ ماوە کە ڕۆڵەکانی کورد هەوڵی وەدیهاتنەوەی بۆ دەدەن. ٧٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و یاد و بیرەوەریی ئەندازیارە بلیمەتەکەی، پێشەوا قازی محەممەد تێپەڕی؛ بەڵام ئاگردانی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەروا ئیمان و باوەڕەکەی پێشەوایە بە ڕزگاریی نەتەوەیی و وەدیهێنانی مافی ڕەوا.

دوای ٧٢ ساڵ لە دامەزران و ڕووخانی دوور لە ئیرادە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمارە، کورد لە هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانە ئاڵای کۆماری هەروا بە دەستەوەیە و پێشمەرگە وەک یادگاری کۆمار چەکی شانازیی بەرگری لە کەرامەتی ئەو نەتەوەیەی هەروا لە شانە.

لە ساڵیادی دامەزرانی کۆمارەکەی کوردستاندا، بزووتنەوەی مافخوازیی کورد ڕێگەیەکی ڕژد و سەخت دەبڕێ و لە هەنگاوەکانی بەرەو لوتکەدا کۆمەڵێک کۆسپی لەبەردەم دایە، بەڵام وانەکانی پێشەوا قازی محەممەد و بیری ڕوونی پێشەوا هەروا ڕچەشکێنی ڕێبەندانی ئەو سەخڵەتە و نەسرەوتن و هەدانەدانن هەتا سەرکەوتن.

ڕۆژنامە کوردستان ژمارە: ٧١٩

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چۆنیەتی دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لەڕووداوی ئەو کۆمارە.

وەرگێرانی: خالید عەزیزی



ئارچی ڕۆزوێلت، کاربەدەستی سفارەتی ئەمریکا لە تاران، لە سەردەمی کۆمارداسەردانی مەهاباد دەکا و چاوی بە پێشەوا دەکەوێ. دەوری ٣ مانگ پاش لە سێدارەدانی پێشەوا لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٧ لە ژمارەی ٣ی میدڵئیست جۆرناڵدا وتارێکی پڕ نێوەڕۆک لە ژێر ناوی "کۆماری کورد لە مهاباد"، بڵاو دەکاتەوە

## ئەمەش چەند بەشێکی کورت لەو وتارە:

## سەبارەت بە لە دایکبوونی کومار:

ئاواتی ناسیۆنالیزمی کورد واتە کوردستانێکی سەربەخۆ، لە دیسامبری ١٩٤٥ تا دیسامبری ١٩٤٦، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی بچووک لە کوردستانی ئێراندا وەدیهات. چۆنیەتی دامەزران و پێکهاتنی کۆماری کورد، مێژووی کورت و پڕ لەرووداوی ئەو کۆمارە، هەروەها تێکچوونی کوتوپرو لە نەکاوی، یەکێک لە بەسەرهاتە هەرە سرنجڕاکێشەرەکانی سەردەمە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا...

## سەبارەت بەکەسایەتی پێشەوا:

ئەو کەسانەی کە دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبوو و لە نیزیکەوە قازی محەممەدیان دیتبوو، بە باشی بۆیان دەرکەوتبوو کە چ کەسایەتییەکی هەیە. هەروەها زۆر زوو تێگەیشتبوون کە لە هەموو جێگایەک چلۆن بووە بە سیمبولی کوردایەتی. قازی پیاوێکی کورتە باڵاو تەمەنی دەوری ٥٠ ساڵ بوو، باڵتۆیەکی کۆنی ئەرتەشی دەبەردابوو و ریشێکی مەخمەریی‌و رەنگو روویەکی زاهیدانەی هەبوو. بەهۆی نەخۆشیی مەعدە تا رادەیەک رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. ئینسانێکی کەم خۆر بوو. نە جگەرەی دەکێشاو نە خواردنەوەی ئەلکۆلیشی دەخواردەوە. لەسەرخۆو مەتین بوو. زۆر بە ئارامی قسەی دەکردو زۆر زووش کاری دەکردە سەر ئینسان. چوارچێوەیەکی فکریی زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە. هەموو نەتەوەکانی‌تری دنیای خۆش‌دەویست. گەلێک لە زمانەکان، بۆوێنە رووسی، کەمێک ئینگلیسی‌و ئیسپرانتۆی دەزانی. لەسەر میزی کارەکەی هەمیشە کۆمەڵێک کتێب دەربارەی رێزمان‌و زمانەکانی بێگانە لەسەر یەک داندرابوون.

وادەردەکەوت کە قازی محەممەد بیرو باوەڕێکی زۆر قووڵی هەیەو ئامادەیە خۆی لە پێناویدا فیدا بکا، لە هەمان کاتیشدا رووناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو.

## سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ تەوریزو تاران:

گیرانی " رەزاییە" بە دەستی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەو سەروبەندەدا، گیروگرفتێکی تازەی بۆ دەوڵەتی کورد خوڵقاند. هەرچەند کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی دەشتی رۆژئاوای گۆلی ورمێ، لە "رەزاییە"وە هەتا ماکۆ تورکی ئازەربایجانین، بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەو ناوچەیەدا عەشیرەتە کوردەکان دەژین کە بەرزاییەکانیان بەدەستەوەیە و بەسەر دەشتاییەکانی مەڵبەندەکەدا زاڵن.لە ناوچەی میاندواو، لە باکووری گۆلی ورمێ دانیشتووانی تێکەڵاوێکن لە کورد و تورک.

دەوڵەتەکانی تەورێز و مەهاباد، لەسەر ئەم ناوچانە کێشەو ناکۆکییەکی زۆریان بوو، چونکە هەردوولا ئەم ناوچانەیان بە هی خۆیان دەزانی. ئەمەرخان و عەشیرەتەکانی زۆر دەربەستی دێموکراتە ئازەرییەکان نەبوون و بێ‌پسانەوە هێرشیان دەکردنە سەر ئەو گوندانەی کە حکوومەتی تەورێز بە هی خۆیانیان دەزانین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لە مانگی ئاپریلی ١٩٤٦دا سۆڤیەت بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانە قازی محەممەدی بانگهێشتی تەورێز کرد.

لەبەر ئەوەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی دیاریکردنی چەند و چۆنی داهاتووی ناوچەکانیان، دەیانهەویست لەگەڵ دەوڵەتی ئێران وتووێژ بکەن، بۆیە پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان دوو دەوڵەتی سازکراوی کورد و تورکدا، شتێکی زۆر گرینگ و پێویست بوو.

ئاکام و بەرهەمی دانیشتنەکانی سێ قۆڵی، واتە پیشەوەری سەرۆکی دێموکراتەکانی ئازەربایجان و قازی محەممەد و سۆڤیەت، بوو بەهۆی ئەوە کە لە ٢٣ی ئاوریلی ساڵی ١٩٤٦دا رێککەوتننامەیەک لە نێوان نوێنەرانی کورد و ئازەربایجانیدا ئیمزا بکرێ. بڵاوبوونەوەی ئەو رێککەوتننامەیە حکوومەتی ئێرانی فرەنیگەران و پەشێو کرد. لە راستیدا نیگەرانیی تاران زۆرتر لەوبەشەی رێککەوتننامەکە بوو کە باسی سەربەخۆیی ئەو دوو حکومەتە دێموکراتانەی دەکرد کە مافی دیاریکردنی نوێنەر لە لای یەکترو پێوەندی بازرگانییان لەگەڵ یەکتر بۆخۆیان هیشتبۆوە.

### دەقی رێککەوتنەکە بەو چەشنە بوو:

١- ئەو دەوڵەتانەی کە ژێر ئەو رێککەوتنەیان ئیمزا کردووە لە کاتی پێویستدا نوێنەر بۆ لای یەکتر دەنێرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- لە ئازەربایجاندا، لەو شوێنانەی کەوا کوردەکان لە کەمایەتی دان، پێویستە ئەوانیش لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کارەکان دەوریان هەبێ. هەروەها دەبێ ئەو مافە بۆ کەمایەتییە ئازەرییەکانیش کەوا لە کوردستاندا دەژین دیاری بکرێ.

٣- کۆمیسیۆنێکی ئابووریی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکانی هەردووکلا پێک بێت، ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیی هەردووک وڵات دیاری بکرێن.

٤- هێزی چەکداری هەردووک دەوڵەت کە ئەو ڕێکەوتننامەیان ئیمزا کردووە لە کاتی پێویستدا یارمەتی یەکتر بدەن.

٥- هەرچەشنە وتووێژێک لەگەڵ تاران، دەبێ بە گوێرەی قازانجو بەرژەوەندیی هاوبەشی دوو دەوڵەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان بێت.

٦- دەوڵەتی ئازەربایجان بۆ بەرەوپێشبردنو پەرەپێدانی زمان و کولتووری کوردی لە نێو کوردەکانی دانیشتووی ئازەربایجاندا هەوڵی پێویست دەدا. دەوڵەتی کوردیش هەر بەو شێوەیە بۆ ئازەرییەکانی دانیشتووی کوردستان هەوڵ دەدات.

٧- هەر دووکلا بە مەبەستی سەرکوت کردنی ئەو کەس و تاقمانەی کەوا لە پێناو تێکدانی برایەتی دێموکراتیک و دۆستایەتی مێژوویی گەلانی ئازەری و کورد، پیلان دەگێڕن هەوڵی پێویست دەدەن.

پاش ماوەیەک دێموکراتەکانی ئازەربایجان بە مەبەستی وتووێژ و ڕیککەوتن لە گەڵ ئەحمەدی قەوام، سەرۆکوەزیرانی ئێران، چوون بۆ تاران. بەپێی ڕیککەوتنێک لە نیوان قەوام و ئازەرییەکاندا تەواوی مەڵبەندی ئازەربایجان کە کوردستانیشی دەگرتەوەو هەر بەقسە و لەسەر کاغەز وەک پارچەیەک لە ئێراندا مابۆوە، بە ڕەسمی کەوتە دەست دێموکراتەکان کە دەمێک بوو هەموو پلەو پۆستە بەرزەکانی حکوومەتیان لەدەست خۆیان گرتبوو.

کوردەکان ئەو ڕێککەوتنەیان زۆر پێناخۆش بوو ولەدژی راوەستان. هەرچەند کە سەدری قازی برای قازی محەممەد، نوێنەری دوایین پارلمانی ئێران خۆی وەک نوێنەری کوردەکان لە تاران، لە هێندێک لەم وتووێژانەشدا بەشدار ببوو، بەڵام دیسانیش کوردەکان پێیانوابوو کە زۆربەی خاڵە سەرەکییەکانی ویستی ئەوان، لەو ڕێککەوتنەدا لەبەرچاو نەگیراوە و لە پەراوێز خراون.

لەراستیدا دێموکراتەکانی ئازەربایجان رەنگوروو وچوارچێوەیەکی قانوونییان دابوو بە ماوەو مەودای حکوومەتی خۆیان، لە کاتێکدا دەوڵەتی قازی محەممەد هیچ چەشنە بناخەیەکی قانوونی ئەوتۆی نەبوو. کوردەکان لە ڕادەی کەمایەتییەکی نەتەوایەتی لە چوارچیوەی ئێراندا، هاتنە خوارتر و ئەوجار بوون بە کەمایەتییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکی ئازەربایجانیدا.

لە ئاکامدا قازی محەممەد بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی لە دژی ئەو ڕێککەوتنە بۆ وتووێژ لەگەڵ قەوام چوو بۆ تاران. قازی داوای لە قەوام کرد کە هەموو ناوچەکانی کوردی گرێدراو بە ئازەربایجان لە لایەک، و ناوچەکانی خوارووی کوردستان کە سنەشی دەگرتەوە و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا مابۆوە لە لایەکیترەوە بخرێنەوە سەر یەک.

مەبەست مەڵبەندێکی گەورەو بەربڵاو بووە کە لە سنووری سۆڤیەتەوە تا کرماشانی دەگرتەوە و دەبوایە لە ڕادەی ئۆتۆنۆمیدا دەسەڵاتی هەبوایە. کاربەدەستان و هیزی چەکداری مەڵبەندی ئۆتۆنۆم دەبوایە کوردبان. هەروەها قازی داوای کرد کە سەرۆکایەتیی ئەو مەڵبەندە خودموختارە خودی خۆی بیکات.

قەوام سەرۆک وەزیرانی فێڵبازی ئێران، بەڕواڵەت داواکانی قازی محەممەدی بە مەرجێک قەبووڵ کرد کە قازی بتوانێ رەزایەتی دوکتور جاوید، سەرۆکی دەوڵەتی ئازەربایجان وەربگرێت. بەڵام دوکتور جاوید بە قەڵسی وتووڕەییەکی زۆرەوە گەلاڵەو داواکانی قازی محەممەدی رەت کردەوە. بەو چەشنە ناکۆکیی لە نێوان کوردەکان و دێموکراتەکانی ئازەربایجان پێکهات و رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرەی ئەستاند.

## سەبارەت بە کۆتایی کۆمار:

دەستبەسەرداگرتنەوەی مەهاباد لەلایەن ئەرتەشی ئێرانەوە، خەبات و تێکۆشانی ئەم دوایەی کوردەکان لە پێناو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کــوردی دا کۆتــایی پێهــات. ئــەم جــارەش هــەروەک جارەکــانی پێشــوو هــۆی ســەرەکیی سەرنەکەوتنی کوردەکان، نەبوونی یەکیەتی لە نێو ریزەکانی خۆیان دابوو.

ئێستا ئیتر نە کۆمەڵەی ژ. ک ماوە و نە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەشێکی زۆر لـە رێبـەران و بەرپرسەکانی کورد یان مردوون یان زیندانی کراون و یان لە دوورەوڵاتیدا دەژیـن. بـەڵام دیسانیش هەمووی ئەوانـە بـەو مانایـە نییە کە ناسیۆنالیسمی گەلی کورد لە ناوچووە. پشت و پەنای کۆماری کوردستان بەشی روونـاکبیر و پێشکەوتووی کۆمـەڵانی خـەڵک بـوون کـە رۆژ بـە رۆژ لـە بـاری چەندایـەتیو چۆنایـەتی، لـە حـاڵی پەرەئەسـتاندندا بـوون. نەیارەکانی کۆمار لە کەسانێک پێکهاتبوون کە رۆژ بە رۆژ لە حاڵی کەم بوونەوە و لەناو چووندا بوون.

**تێبینی**:

١- رۆژی دامەزرانی کۆمار ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ بووە نەک دێسامبری ١٩٤٥ کە ڕۆزوێلت باس دەکات.
٢- پێشەوا لە ساڵی ١٩٠٠ لە دایک بوو و لە ساڵی ١٩٤٧ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا لە سێدارە درا.
٣- وادیـارە بە لای نووسـەر شـارەزایی و ئاشـنایی پێشـەوا بە زمانەکـانی فارسـی و تـورکی و عەرەبـی شـتێکی زۆر ئاسایی بووە بۆیە ئاماژەی پێنەکردووە.

سەرچاوە فەیسبووکی بەریز خالید عەزیزی:

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا



## کەماڵ کەریمی

لەگەڵ دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران، ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە داگیر کرا.

یەکیەتیی سۆڤییەت لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە دەریای خەزەرەوە لە ڕێگای تورکەمەنستانەوە هێزەکانیان دەگەیننە ئێران و لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری باکووری ئێران داگیر دەکەن و هێزەکانیان لە ئازەربایجان و بەشێک لە ڕەشت و گیلان جێگیر دەکەن و تەنانەت لەوبەر دەریای خەزەریشەوە هەتا سمنان هێزەکانیان جێگیر دەبن. هاوکات بریتانیاش کە لە بەغدا جێگیر ببوو، لە ڕێگای خانقینەوە هێزیک بەرێ دەکاتە ئێران لە کرماشان، هەمەدان و قەزوێن جێگیر دەبێ و ئەوە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی هێزەکانی بریتانیا بتوانن دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەکانی خواروی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەقز، سنە هەتا کرماشان و خوارتر دابگرن. بریتانیا هەروەها لە ڕێگەی بەسرەشەوە هێزێک دەنیرنە نێو ئیران بۆ ئەوەی دەست بەسەر کوردستاندا بگرن کە گرینگترین چاڵە نەوتەکانی ئەو دەمی ئێران و ئێستای ئێرانیشی تێدایە تا بەو جۆرە کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچانە بکەن. دیارە ئەوە لایەنی سەربازیی کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمانەکە بڵێین لە کوێوە هاتوون و لە کوێ جێگیر بوون، بەڵام گرینگتر لەوە کاریگەریی هاتن و جێگیربوونیانە لەسەر دۆخ و هەلومەرجی ناوچەکە.

لەو کاتەدا ئەمریکاش کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاتبووە نێو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، بەدوای قایمکردنی پێگەی خۆی لە ئێران و شوێنەکانی دیکەی ناوچەوە بوو.

لەو هەلومەرجەدا سۆڤیەتییەکان بەشێکی زۆر لە خاکی ئیرانیان بەدەستەوە گرتبوو. ئەوان شانسی زۆر زیاتریان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە هەبێ. ئەوان لە هەلومەرجێکدا هێزەکانیان لەو بەشە گرینگەی خاکی ئێراندا مابوو، کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە توانیبوویان بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەن و حکومەتی سۆسیالیستیی لێ دابمەزرێنن. لە بارودۆخێکدا کە قسەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لەسەر ناوی ئەوان تاپۆ ببوو و لە دنیادا وەردەگیرا، لە هەلومەرجێکدا کە لانیکەم دوو نەتەوە لە نێو خاکی ئێران، واتە نەتەوەی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازەربایجان پێشوازییان لە هاتنی ئەوان کردبوو، بۆیە یەکیەتیی سۆڤییەت دەیانتوانی ببنە پێگەیەکی باش بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانیان لە ئێراندا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە بریتانیاییەکان بوون کە توانیان گرەوی یارییەکە لە ئەوان ببەنەوە و بە تەئسیردانان لەسەر تاران و لەسەر پیاوانی سیاسیی ئێران، سیاسەتەکانی خۆیان ببەنە پێش هەتا ئەو جێیەی کە دوای چوار ساڵ بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی گەورەیان بۆ ساز بێ، سۆڤیەت ناچار بکەن بە بڕیاری ستالین هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەر. ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پشتیان بەستبوو بە بوونی ئەو هێزانە، لە ڕاستیدا بە تەنیا بمێننەوە. مەبەستی هاتنی ئەو سپا و هێزانە بۆ ئێران دیارە. سروشتییە هەر سپایەکی بێگانە کە دێتە وڵاتێک بۆ داگیرکارییە و بە مەبەستی دانانی کارتێکەریی سیاسییە لەسەر وڵاتەکە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن.

سەرەتای ئەو کارە لەلایەن بریتانیاییەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا و بە لادانی ڕەزاشا دەستی پێکرد. ڕەزاشا کە لە ماوەی ١٦ - ١٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا وەزعی ئێرانی وا لێکردبوو کە ناسەقامگیری لە هەموو جێیەک دەبیندرا. مەعلووم بوو کە بریتانیاییەکان نیزامێکی سیاسیی ئەوتۆیان لە ئێران دەویست کە سەقامگیر بێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییە درێژماوەکانیان لە ئێراندا دەستەبەر بکەن. ئەوان دەیانزانی لە وڵاتێکی ناسەقامگیری وەک ئەوکاتەی کە ڕەزاشا حکومەتی بەسەردا دەکرد بۆ ئەوەی مەبەستیان بوو دەستی نەدەدا، هەر بۆیە پێش هەموو شتێک ڕەزاشایان لادا و کوڕەکەی کە تازە پێ دەگەیشت لە جێگە دانا. بەڵام سەرۆک وەزیرێک ئەودەم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت - محەممەدعەلی فروغی - کە لە ڕاستیدا هەم بۆ ئێرانییەکان کەسێکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بوو، هەم بۆ سیاسەتکردن کەسێکی شارەزا و لەکل دەرهاتوو بوو. ئەو توانی لە ژێر سەرپەرستیی بریتانیاییەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدارەی دۆخی ئەو کاتی ئیران بکا کە بەدەست قەیرانێکی گەورەی وەک هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانەوە گرفتار بووو. دیارە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی لادانی ڕەزاشا جیا لە ناسەقامگیربوونی وڵاتەکەی بەشێکیشی بەهۆی بوونی ئاڵمانییەکان بوو لە ئێراندا. پێوەندی ژێر بە ژێری ڕەزاشا لەگەڵ ئاڵمانییەکان و بوونی زیاتر لە سەدان کەس لە جاسووسەکانی ئاڵمانی لە ئیران کە بەردەوام هەوڵیان دەدا لە سەر سۆڤیەت - کە بەرەی ڕاستەوخۆی شەڕ لەگەڵ ئاڵمانییەکان بوو لە باکووری ئێران - زانیاری کۆبکەنەوە؛ کە ئەوەش بۆ سۆڤییەت و بۆ بریتانیا و ئەمریکاش زۆر گرینگ بوو کە پێشی پێ بگرن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە دواتر کاریگەریی دانا لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران کۆبوونەوەیەک بوو بە ناوی «پەیمانی ئیتحادی» کە لە تاران بەسترا. ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان کۆنسوولی بریتانیا و کونسوولی سۆڤیەت و سەرۆک وەزیرانی ئێران بەسترا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمان ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وڵاتی ئێران جێ بهێڵن. لە ساڵی ١٩٤٣دا کە بۆ یەکەمجار ڕۆزڤێڵت و چرچیل و ئیستالین لە تاران کۆ دەبنەوە، ئێران پێداگری لەسەر وەگەڕختستنەوەی ئەو خاڵەی پەیمانی ئیتیحادی دەکا کە لەوێشدا موافقەتی لەسەر دەکرێ و هەر ئەوەش بیانووی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا و بریتانیا کە دواتر فشاری زیاتر بخەنە سەر سۆڤیەت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی هێزەکانی هاوپەیمان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە دەست بەسەر داگیراوەکان دەبێ بڵێین کە سروشتییە هاتنی ئەوان لە سەرەتادا بۆ ئەوە بوو کە ئێرانیان بەدەستەوە بێ. چونکی سۆڤیەت لە بەرەی ڕۆژئاوای شەڕی خۆیدا لەگەڵ ئالمان بە تەنیا بوو و پێویست بوو ئەمریکا و بریتانیاییەکان یارمەتیی پێ بگەیەنن. ئیرانیان وەک پردێک دیتەوە کە بتوانن پێیدا بپەڕنەوە بۆ سۆڤییەت و یارمەتییە نیزامییەکانیان بگەیەننە ئەو وڵاتە. ئەمە بیانووی سەرەکیی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران بوو. بەڵام لەسەر کاریگەرییەکانی؛ ئەگەر باسی کاریگەرییە کاتییەکانی بکەین کە هیندێک لایەنی پۆزیتیڤی لێ کەوتەوە؛ هاتنی ئەو هێزانە بۆ نێو ئێران وەزعێکی لە ئێراندا خولقاند کە دوای نیزیک دوو دەیە دەسەڵاتی پۆلیسیی ڕەزاشا خەڵک هەستیان بە بوونی ئازادی و جۆرێک دێموکراسی لە وڵاتدا دەکرد. هەر ئەوەش وایکرد کە کۆمەڵێک حیزبی باش لە ئێراندا دروست ببن و ئەو حیزبانەی پێشووش کە هەبوون بە جۆرێک زیندوو ببنەوە و ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ کرانەوەیەکی سیاسی لە ئێراندا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabarì.org

ئەگەر لە ناوچەی کوردستان بڕوانین، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کوردستانیش کاریگەریی خۆی لەسەر هەلومەرجەکەدا دانا. بوونی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان و دواتر کشانەوەی لەو بەشەی کوردستان سەر بە پارێزگای ورمێ، لە موکریان کاریگەریی زۆری هەبوو. بریتانیاییەکان نەیانتوانی هێزەکانیان بێننە ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی کە لە ڕووسەکان نزیک نەبنەوە و ئەوە دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند تا هەم ئازەرییەکان و هەم کوردەکان لەو ناوچانە بیر لەوە بکەنەوە کە زیاتر لەو دۆخەکە کەڵک وەر بگرن.

بە سەرنجدان بە کێشە و ئاستەنگەکانی ئەو دەم و تایبەتمەندیی دۆخەکە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر لەوەی کە دەیانتوانی هەنگاویان هەڵێناوەتەوە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەکرا دەسکەوتیان وەدەست هێنا. لەو هەلومەرجە نالەبارە و لە کۆمەڵگەیەکی عەشایری و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواردا کە سیستمی ئیداری، پشتیوانیی ماڵی، هێزی تۆکمەی چەکداری نیە و لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کوردستان هەر هیچی نیە؛ بەڵام قازی محەممەد دەکەوێتە پێش کۆمەڵە کەسێکی تێکۆشەر و لەو بێ دەرەتانییەدا ئەو هەنگاوە پیرۆزەی هەڵێناوە و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی یەکجار زۆر و گەورەیە. دەسکەوتێک کە دەتوانین بڵێین لەژێر کاریگەریی بوونی کاتیی هاوپەیمانان لە ناوچەدا وەدەست هاتووە و لە ڕاستیدا بۆ ئێمە بۆتە مێژوو. بەڵام جیاواز لە کارتێکەریی بوونی هێزەکانی هاوپەیمان، ڕۆڵی خودی ئەو هێزانە شتێکی دیکەیە.

بریتانیاییەکان نە ئەو کات و نە دواتر و نە تا ئێستاش قەت نەهاتوونەتە پشت سەری پرسی کورد و بابەتی دەوڵەت - نەتەوەی کورد لە ستراتیژیی ئەو وڵاتەدا نەبووە. لە سەردەمی کۆماردا بریتانیاییەکان سیاسەتێکیان هەڵبژارد کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان دەدا لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو بە ئارامی بجوڵێنەوە، لەولاوە بەبەردەوامی یارمەتییان دەدا بە، بەهێزکردنی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی.

یەکیەتیی سۆڤییەتیش لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بەرنامەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانیان نەبوو. ئەوان لەسەرەتاوە دەیانویست کوردستان بەشێک بێ لە دەوڵەتی سەربەخۆی ئازەربایجان، دواتر کە دەوڵەتی سەربەخۆش لە بەرنامەیان چووە دەروە هاتن باسی سیستمی ئەیالەتیی ئازەربایجانیان کرد کە لەوێشدا کوردستان بەشێک بێ لە ئازەربایجان. بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە لە بەرامبەریاندا وەستا و پێیانی ڕایگەیاند کە ویست و

داخوازی ئێمە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆیە. بۆیە سۆڤییەتەکانیش لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەهاتوونەتە پشتی پرسی کوردەوە تا کورد وەک پاڵپشتێک حسێبیان بۆ بکا. کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بوونی هێزەکانی هاوپەیمان ببێتە هۆی ئەوە کە سۆڤییەتەکان لە ناوچەدا بمێننەوە و لە مانەوەی ئەواندا بتوانن زیاتر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و کارەکانی خۆیان بەرنە پێشێ. دیارە بەداخەوە ئەو دەمیش کە سۆڤیەت لە ژێر هەڕەشەکانی ئەمریکادا لە ئێران کشایەوە، ئیتر دەرکەوت کە لە ڕاستیدا مەسەلەی ئازەربایجانیشی بەلاوە گرینگ نەبوو، چ بگا بە کوردستان.

* ئەم باسە لە پەنێلێکدا پێشکێش کرا کە یەکیەتیی لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی پێکی هێنابوو


(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریویری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی



## عومەر باڵەکی

دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ناوچەکە کەوتە بەر دەستی بەڕێوەبەرانی کۆمار. لە هەلومەرجی ئەو کاتدا کە حکومەتی تاران بە کردەوە ناوچەکەی چۆڵ کردبوو، هەموو ئەرکێکی بەڕێوەبەریی ئەم ناوچەیە لە کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کەوتبووە سەر شانی دامەزرێنەرانی کۆمار و بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە دامودەزگای ئیداری پێک بێنن.

کۆماری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا و لە دوای حکومەتی شێخ مەحموود دووهەمین ئەزموونی حوکمرانیی کوردە و لە مێژووی کورددا یەکەم حکومەتی کۆمارییە و لەو سەردەمدا ڕەمز و نوێنگەی یەکیەتی و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بووە. لەهەمان حاڵدا دەتوانین بڵێین ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد بوو بەگشتی؛ چونکە نوینەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی تیدا بەشدار بوون و تەنانەت هیندێکیان هەتا ڕووخانی کۆمار لە نێو دامودەزگای کۆماری کوردستاندا مانەوە و جێپەنجەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بە جێ هێشت. بێگومان هەتا ئیستا لە سەر کۆماری کوردستان زۆر وتار و کتێب لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە نوسراون، بەڵام ئەو بابەتە

هەڵدەگرێ کە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ و لە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان بنووسرێ.

ئەوەی لەو نوسینەدا بە کورتی دەخرێتە بەرچاو، چەند تایبەتمەندییەکی کۆماری کوردستانە کە هەرکام لەوانە دەکرێ بە جیا هەڵسەنگاندن ولێکۆلینەوەیان بۆ بکرێ.

## تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان:

کۆمار لە هەنگاوی یەکەمدا لە سەر بنچینەی کوردستانی بوون دامەزرا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی باوەڕی بە دێموکراسی هەبوو. لە هەمان کاتدا لە نێو خۆیدا هەوڵی یەکڕیزیی نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەدا و لە دەرەوی سنوورەکانی بەشوێن برایەتیی گەلان بە تایبەت گەلانی دراوسی لەگەڵ خۆی بوو. کۆماری کوردستان پێشکەوتنخوازبوو و هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوە بوو کوردستان لە قافڵەی پێشکەوتن دوا نەکەوێ و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خۆی و تەنانەت دوژمنانی خاوەنی گیانی لێبوردەیی هەبوو.

## کوردستانی بوونی کۆمار

### بۆ کوردستانیبوونی کۆمار دەتوانین بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەند خاڵ:

أ. وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە تیدا باسی مێژووی کورد دەکا و هیوای ئەوە دەدا بە خەڵکی ئامادەبوو کە ئیدی سەردەمی شکان تەواو بووە و کورد ئێستا ئازادە و خاوەنی خاک ونیشتمانی خۆیەتی.

ب. لە دیواردان و هەڵاواسینی نەخشەی کوردستانی گەورە لە ژووری کاری پێشەوا.

ج. بە کردەوە بەشدارکردنی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئیدارەدانی کۆماری کوردستان.

د. پەرەستاندن و گەشەکردنی بیر و هۆشی تاکی کورد لە خۆناسینەوەی وەک نەتەوەیەک.

ه. هێنانەخوارێی ئاڵای ئێران و هەڵدان و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

و. پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچوونە ژێر ئەو فشار و زۆرییانەی تەورێز و باکوو کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە کۆماری دێموکراتیکی ئازربایجان.

ز. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بەو شێوەیە باس لە هەڵویستی کوردستانیبوونی پێشەوا دەکا: «وادەردەکەوێ هەتا ئەو دەمەی کە بارودۆخ لە ئیران قائیم دەبێ دژ بە ئاڵۆزی و هەرای ئەو دیو سنوورە، بەڵام

بە لاینگرانی خۆی گوتوە لە دوارۆژدا دەبێ پشتگیری لە مەلا مستەفا بکرێ و دەگوترێ لە تورکیە و سووریە پێوەندی بە ڕێبەرانی خویبوونەوە هەیە.»

## باوەڕ هەبوون بە دێموکراسی و مافی شارۆمەندی:

أ. بە قسەی دۆست و دوژمن پاراستنی دیموکراسی وای لە کۆماری کوردستان کردبوو کە لە ناوچەکەدا تاقانە خۆ بنوێنێ.

ب. پاراستنی مافی تاکەکان یەک لە بەهاکانی کۆمار بوو. بۆ نموونە هەموو کەس لە خۆی ڕادیوە کە لە هەموو ئۆرگان و دامودەزگای حکومەتی بەدوای مافی خۆیدا بڕوا و تەنانەت ئەگەر پێویست بووبێ توانیویەتی چاوت بە خودی پێشەوا بکەوێ.

ج. ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان. بۆ نمونە: «ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، گەلاوێژی ١٣٢٥ باس لە کردەنەوەی قوتابخانە بۆ هاونیشتیمانانی کەلیمی دەکا کە دەبێ بە زمانی کوردی و عیبری وانەی تیدا بگوترێتەوە و لە هەمان حاڵدا خوێندن بۆ کچ وکوریان ئیجباری بووە.»

د. بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بە ڕاوێژ بووە؛ بۆ نمونە پێشەوا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبارەی بڕیاردان بەم شێوەیە دەدوێ: «ئەمن بەبێ تەسویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شخص نەتوانێ مەسئەلەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی.» ئەو بۆچوونەی پێشەوا سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قووڵ بە دیموکراسییە.

## یەکیەتیخوازی و باوەرمەندبوون بە برایەتیی گەلانی ئازادیخواز و ئازاد

أ. کۆماری کوردستان ئەو یەکیەتییەی بە کردەوە لە نێوخۆیدا دروست کردووە. بۆ نموونە: لابردنی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان، هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان شار و دێ و هەموو بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەمان کاتدا دامەزراندنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

ب. هاوپێوەندی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و جمهوری دێموکراتیکی ئازەربایجان.

ج. پێوەندی لەگەڵ جمهوریی باکۆ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە.

د. پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە لە ڕاپۆرتی بێگانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی کونسولی بریتانیا لە تەورێزدا هاتووە: « ... لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕزگاربوون لە زۆرداریی ڕەزاشادا پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن...»

ه. پێشوازیکردن لە بارزانییەکان و تەنانەت بەشدارکردنیان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمار خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو هەوڵەی پێشەوا و بەڕێوەبەرانی کۆمارە بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان داویانە.

## پێشکەوتنخوازی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا

أ. هەولدان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو.

ب. بایخدان بە بواری فەرهەنگی و لەشساغی.

ج. دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوە کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان.

د. بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی و فسادی ئیداری.

ه. هاوڕەنگکردنی جلوبەرگی منداڵانەی قوتابخانەکان لە بەر ئەوەی هیچ منداڵێک هەست بە جیاوازیی چینایەتی نەکا.

و. کردنەوەی نەخۆشخانە بەناوی گوڵی سوور.

ز. هەڵمەتی کوتانی منداڵان بۆ پاراستنیان لە نەخۆشی.

ح. خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بەکوردی و کەلکوەرگرتن لە خوتبە بۆ بەئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان حاڵدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لە نێو خەڵکدا.

ط. دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەمای گەڕۆک.

ی. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەی دی.

## بایخدان بە پەروەردە و بواری خویندن

أ. بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی.

**ب**. بە ئیجبارکردنی خویندن بۆ منداڵان بەبێ فەرق و جیاوازیدانانی ڕەگەزی.

**ج**. کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەساڵان.

**د**. کردەنەوەی قوتابخانەی زمانە بێگانەکان.

## بایخدان بە قانوون و قانوون پارێزی

**أ**. دەرکردنی قانوون بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە کاروباری کۆمەڵگەیان پێ ڕێک دەخرێ .

**ب**. دەرکردنی قانوونی سزادانی گشتی.

**ج**. دانانی وەزارەت یا ئیدارەیەک بە ناوی وەزارەتی داد.

## گیانی لێبوردەیی و پێکەوە سازان

**کۆماری کوردستان لەوسەردەمدا نموونەیەکی شازە لە پێکەوە ژیان. ئاماژە بە چەند خاڵ لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی:**

**أ**. کردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بێگانە (ڕووسی، فەرەنسی و ئینگلسی)

**ب**. ئازادبوونی ئایینە ئاسمانییەکان لە بەڕێوەبردنی هەموو بۆنەکانی خۆیاندا.

**ج**. ئەو پێکەوەسازان وگیانی لێبووردەیە بەڕادەیەک کاریگەری هەبووە کە کونسوولخانەی بریتانیا لە تەورێز لە ڕاپۆرتێکدا بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە دەکا: «ڕاپۆرتی زۆر سەبارەت بەکاری بەڕێ و جێ و دادپەروەرانەی کوردان دەگاتە دستمان... ئەو مەسەلەیە بە ڕادەیەک بۆ خەڵکی ورمێ گرینگە کە تەنانەت گوتراوە بازرگانە عەجەمەکانی نێوشار حکومەتی کوردییان دەوێ، هەروەها خاوە موڵکەکانی ورمێش وا خۆ نیشان دەدەن کە لاینگری کوردانن...»

**د**. هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ دیلەکانی شەر. (تیمارکردنی بریندارەکان، پێدانی خواردنی باش، پێدانی ڕۆژانە ۱۰ قران.)

**ە**. پێکهینانی ئەمنیەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵک. بۆ نموونە: لە حاڵێکدا هەموو یا زۆربەی خەڵک چەکدار بوون، بەڵام کەس هەڕەشەی لێ نەکرا. لە حاڵێکدا لە ئیران تیرۆر و ڕەشەکوژی هەرای نابۆوە و نائەمنی لە ئێراندا دروست کردبوو، خەڵک لە کۆماری کوردستاندا بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبری و ئازادانە

هاتووچۆیان دەکرد. خەلک ئازادانە گوییان لە ڕادیو ئەستامبول و لەندەن دەگرت، لە حالێکدا هەر لە تەورێزی دراوسێ خەڵک تەنیا مافی ئەوەیان هەبوو گویی لە ڕادیۆ مسکۆ بگرن.

(لە ژمارەی ٧١٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریویری ٢٠١٨



# قازی محەمەد:

## من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم



**ئامادەکردنی بۆ کەناڵی خاک: زاهیر سدیق**

زەمانێ کورد بانگەشەی دەوڵەتی کۆماری کرد ودایمەزراند، ئێران لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتێکی پاشایەتیدابوو، چەوساوەی بن دەستی شا بوو، ئەو عەیامە کوردی بندەستەو دیل وزەلیل و بەشی زۆری نەخوێندەواربوو، بەڵام بیری پێشکەوتووبوو، ئەندێشەی ئەو زەمانەی کورد ئەندێشەی کۆماری هەبوو، ئەو رۆژگارە نەک هەر ئێران و وڵاتانی رۆژهەلات، بەڵکو گەلێکلە دەوڵەتەکانی رۆژئاوایش سیستەمی حکومیان پاشایەتی بوو، کورد لەو وەختەدا بەبیری نوێیوە کۆماری دامەزراند و ختسێ سەرپێ، لێ زلهێزەکانی دنیا بەتایبەت روسیای بەلشەفی کە شۆڕشەکەی دژی دەرەبەگ و ئاغاوات و پاشاوات بوو، کەچی بۆ ئەخیری حسابێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی شاهەناشی ئێران یەکخست و پشتی لەو کۆمارە بچکۆلانەیەی کوردستان کرد، ئیدی گلۆڵەی کورد کەوتە لێژی و هێشتایش گلۆڵەی بەختمان لە لێژییەو رووما لەشکستە، دوای ئەو هەموو ساڵە کە سەرانسەری دنیا باش دەزانن کوردیش وەکو هەرمیللەتێک مافی خۆیەتی خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت کەچی ئەوەتانێ هێشتا بن دەستەی دەوڵەتانین و ئەوانەی ئەمڕۆیش خاوەن بڕیارن بەقسە لەگەڵ ئێمەدان وبەکردار لەگەڵ داگیرکەرانی ئێمەن، وەک دەڵێن قسە هیچی تێ ناچێ وبەحەوادا ئەڕوات وەکو دووکەڵی جگەرەی ئەو

پیرەمێردەی پتر لە پەنجا ساڵە دووکەڵی غەمی ئەم چەوسانەوەیە بەبادەدات. شۆڕشی قازی و هاوڕێکانی چ لەکۆمەڵەی ژێکاف وپاشتریش لەحزبی دیموکرات ئاکامەکەی کۆماری کوردستانی لێ سەوز بوو، بەڵام هێندەی نەبرد کۆمار بە پاییزی تەمەنی گەیشت و ئێرانی ئەو عەیامە زۆر بەئاسانی و بەپشتیوانی دەوڵەتانی دیکە نەک هەر کۆمارەکەی هەڵوەشاندەوە، بەڵکو پێشەوای گەلیشی لەسێدارە دا و ئیتر موکریانی غەمبار و بریندار بۆ ماوەیەک کپ بوو، بەڵام هەموو کپ بوونێک خۆخواردنەوەیەکە بۆ تەقینەوەیەکی گەورەتر و شۆڕشێکی تر. گەرچی کورد لەسەرنسەری کوردستانی داگیرکراودا بەردەوام سەرکوت دەکرێ. لێ بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشان. ئاخر کپکردنی کورد کپکردنی خێڵێک نییە، سەرکوتکردنی نەتەوەیەکی چل بۆ پەنجا ملیۆنی سەرکوتکردنی حزبێک وبەرەیەکی بچوک نییە، دەوڵەتانی داگیرکەر وزلهێزەکان دەبێ ئەوە بزانن کە نەتەوەیەک رەگێکی قووڵی هەیە هەڵناکەندرێ، لەناونادرێ. لەپاییزێکدا دەیخنکێنی، لەبەهارێکدا لەگەڵ کانییەکاندا دەتەقێتەوە. دەبوو داگیرکەران ئەوەیان بزانیبایە کە ئارامی وشادمانی ئەوان بەندە بەئارامی و شادمانی ئێمەوە، تا ئەوان بیریان لای سەرکوتکردن و قڕکردنی ئێمە بێت ناحەسێنەوە. بوونی ئەوان بەندە بەبوونی ئێمەوە. نەتەوە وەکو بورکان وایە وەختێ فشاری بۆدێت دەتەقێتەوە، کاتێ لەباکوورەوە سەرکوت دەکرێت بورکانەکە حەجمینی نییە و بەبنی زەویدا دێ و دەچێ تا لە باشوورەوە یان لەسەر شاخە بەرزەکانی رۆژهەڵاتەوە دەتەقێتەوە.

ئەم بابەتەی لێرەدا و لە دووتوێی پاشکۆیەکی تایبەتدا بە یادی رێبەندانی تێکۆشان و کوردایتییەوە بڵاو کراوەتەوە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی خاکە و ساڵانێک بەر لەئێستا میدیاکار وهونەرمەند زاهیر سدیق ئامادەی کردووە وئەمڕۆیش جارێکی تر لەدووتوێی پاشکۆیەکدا لە چوارچێوەی پرۆژەی هاوبەشی خاک و کوردستانی نوێدا بڵاوی دەکەینەوە.

## جەنگی جیهانی و ئازادی گەلانی بندەستە

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، سەرەتای فراوان بوونی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتانی زلهێز بوو هەر دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم گۆڕانکاری گەورەیان دروست کرد. میللەتانی ژێر دەستە هەمیشە لە پەراوێزی جەنگەکاندا هەوڵی سەربەخۆیان داوە، گەلی کوردیش وەکو زۆربەی گەلانی جیهان هەوڵی زۆری داوە بۆ رزگاری و ئازادی هەوڵەکانی شێخی نەمر لە کوردستانی باشوور لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەوڵەکانی دروستبوونی کۆماری کوردستان لەمهاباد و ناوچەی موکریان، بە رابەرایەتی پێشەوا قازی محەمەد دەکرێت وەکو دوو ئەزموونی

حوکمڕانی دوو سەردەمی هەستیار و پڕ بایەخ سەیر بکرێ، قازی محەمەد خاوەنی پلەوپایەیەکی گەورەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی بووە، ژیانی ئەزموونی کۆماری مهاباد ئەزموونی قۆناغێکی گرنگە قازی محەمەد تێیدا سەرقافڵەی کاروانی ئەو ڕۆژگارانەیە کە هەتا ئێستاکەیش لەبیر نەکراون، بۆ ئەوەی پێشەوا بناسین پێویستە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێوەرەکانی سەردەمی خۆی هەڵبسەنگێنین.

## بنەماڵەیەکی خوێندەوار بوون

***جەلیل گادانی:*** بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد یەکێکە لە بنەماڵە قەدیمییەکانی مهاباد، کە پێشینەیان بۆ چوارسەد ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، بنەماڵەیەکی خاوەن فەرهەنگ بوون و زۆربەیان خوێندەواریان هەبووە، هەوڵیان داوە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە هەیابووە لەخزمەت کۆمەڵانی خەڵکدا بن، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا میرزا فەتاحی قازی کە بۆ خۆی یەکێک بوو لەکەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو دەمی مهاباد، لە بەرنگاربوونەوەی ڕوسەکاندا شەهید بووە، دوو کوڕیشی بە نێوی سالار و محەمەد بە دیل گیراون و براون بۆ سیبیریا و هەتا کودەتای ئۆکتۆبەر لەوێ بەندبوون، دوای ئەوە ڕزگاریان بووە و گەڕاونەتەوە. قازی عەلی باوکی قازی محەمەد لەساڵی ١٩٣٠ لە مهاباد ڕێکخراوێکی کوردی نهێنی بەنێوی بزوتنەوەی محەمەد سازکردووە، کە هەوڵی بۆ هەستی نەتەوایەتی داوە، ئەو بزوتنەوەیە لەگەڵ جوڵانەوەی شێخ محەمەدی خیابانی لە ئازربایجان کە ناوەندەکەی تەورێز بووە، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبووە، ڕێکخراوەکە تا ساڵی ١٩٣٤ یش کە قازی عەلی فەوتی کردووە تێکۆشانی بەردەوام بووە، قازی عەلی دوو کوڕی هەبووە، کوڕە گەورەی ئەبولقاسمی سەدری قازی، ناسراو بە سەدرولئیسلام، کوڕی دووەمی محەمەدی قازی بووە کە بەدوای باوکیدا بووەتە قازی شار.

## قازی محەمەد خەڵکی هاندا مهاباد بپارێزن

***سەلاحەدینی موهتەدی:*** شاری مهاباد، یان وەکو ناوە کۆنەکەی ساباڵاخ لە زۆر ڕوداوی مێژووییدا داگیرکراوە یان تالان کراوە لە لایەن عەشایەری دەوروبەرەوە، بۆیە کاتێک لە سەرەتای چلەکانی زاینیدا یان 1320ی ئێرانیدا ڕژێمی پاشایەتی ئێران رووخا یان باشتر بڵێم دەسەڵاتی لەکوردستان لەدەست دەرچوو، بۆشاییەکی دەسەڵات لە مهاباد پەیدابوو. مهاباد لەکۆنەوە لەزەمانی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینانەوە هەتا زەمانی سمایل ئاغای سمکۆ، تا زەمانی دەسەڵاتی عەشایەری دەوروبەر زۆرجار تالان کراوە، زۆر لە مەترسیدا بوو، ئەو سەفەرەش ئەو مەترسییە ڕووی کردە ساباڵاخ، قازی محەمەد دەورێکی گرنگی بوو وەکو سەرکردەیەکی کۆمەڵایەتی ناو شاری مهاباد کە خەڵکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاندا بۆ پاراستنی شارەکەی خۆیان، بۆ ڕاگرتنی ئارامی و هێمنی ناوشار. تەعلیمی نیزامی بەگەنجەکاندا، خەڵکی سازکرد تاوەکو ئاگایان لەدووکان و بازاڕ و شار و گەڕەک و کۆڵان بێت. بەمجۆرە قازی محەمەد لەناو شاری مهاباد وەکو ڕابەرێکی ناوشار خۆی دەرخست بۆ پاراستنی شار.

***جەلیل گادانی:*** پێشەوا قازی لەساڵی ١٩٠٠ی زاینی لەشاری مهاباد هاتووەتە دنیاوە، هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە هەستی نیشتمانپەروەری زۆربەهێز بووە، گرنگی زۆری بەفێربوون داوە، زانستی ئاینی لەلای باوکی بەڕێزی فێربووە و سودی لێ بینیوە، و هەر بۆیەش کاتێک باوکی فەوتی کردوە لەجێگای باوکی وەکو قازی شار دانراوە.

## لایەنگری شارستانی و خوێندەواری بووە

***سەلاحەدینی موهتەدی:*** خۆی پیاوێکی موخلیسی کۆمەڵایەتی بوو، هەر لە زەمانی ڕەزا شادا هەوڵێکی زۆری دا بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری تازە، دانانی مەکتەبی تازە، سەردەمێک بوو بەسەرۆکی مەعاریف لەشاری مهاباد هەر لەدەورەی ڕەزا شادا، قازی محەمەد وەکو کەسێک لایەنگری تەمەدون و خوێندەواری و ڕۆشنبیریی بوو، لە شاری مهاباد ناسرابوو.

## یەکەم قوتابخانەی کچان لەزەمانی ئەودا لەمهاباد دامەزرا

***جەلیل گادانی:*** پەیوەندییەکی زۆری بەکاری فەرهەنگییەوە هەبووە، هەر بەو پێیەش لەگەڵ ئەوەی کە قازی شاربووە، لە زەمانی ڕەزا شادا بەرپرسیارێتی کاروباری فەرهەنگی هەبووە، و بەرپرسی پەروەردەبووە، یەکێ لە شانازییەکانی کە بۆی دەگەڕێتەوە یەکەم مەدرەسەی کچان لە زەمانی بەرپرسایەتی ئەودا لەشاری مهاباد دامەزرا، لەگەڵ ئەوەی زانایەکی خاوەن هەستی زۆر بەهێزی کوردایەتی بووە، هەوڵی داوە بچێتە نێو خوێندنی زمانیشەوە، من دوای ئەوەی ئیعدام کرا کتێبخانەکەیم بینیوە ئەوکات لەهەموو موکریاندا کتێبخانەیەکی وەکو کتێبخانەکەی پێشەوا نەبووە.

***کەیوان ئازاد ئەنوەر:*** دەکرێت بڵێم قازی محەمەد یەکێکە لەکەسایەتییە هەرە گەورە و سەرکەوتووەکانی مێژووی کورد بەراورد بەسەرکردەکانی تری مێژووی کورد، بەراورد بە سەرکردەکانی وەکو شێخ مەحمودی نەمر و شێخ سەعیدی پیران، سمکۆی شکاک و بەدرخان پاشا و شێخ عوبەیدوللای نەهری و دەیان سەرکردەی دیکەی مێژووی

کورد کە هەریەکەیان سەرکردەی سەردەمەکەی خۆی بووە، قازی محەمەد یەکێکە لەسەرکردە هەرە دیارەکانی مێژووی کورد بووە، لەبنەماڵیەکی ناسراو بووە، قازی بووە، ئەو توانیویتی لەیەک کاتدا بنەما ئاینیەکان لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا تێکەڵاو بکات بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیەی خەڵک بارودۆخی کۆمەڵگاکە لێی تێدەگات و پێویستی پێیەتی، سەرباری ئەوە توانیویتی بەڕووکارێکی ئاینی و بەواقیعێکی ئاینی ببێتە دەمراست و ڕێنماییکەر و دەستپێشخەری چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و ململانێ هۆزایەتییەکانی ئەو سەردەمەی دەڤەری موکریان. جگە لەوەش تاکە سەرکردەی کوردە کە بەسەر هەشت زماندا سەرکەوتوو بووە، هەشت زمانی زانیوە بە قسەکردن و بەنووسین و بەخوێندنەوە، بەهەر سێ شێوەزاری گۆران و کرمانجی باکوور و سۆرانی زانیوە، توانیویتی بە ئازاری قسە بکات. زمانی روسی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و فەرەنسی زانیوە. کاتێک لەگەڵ وەفدی وڵاتان دانیشتووە وەرگێڕ نەبووە ببێتە وەسیە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی خۆی راستەوخۆ بەو زمانە قسەی کردووە کە وەفدەکان هاتوون، بۆیە تاکە سەرکردەی مێژوویییە کە توانیویتی ئەو زمانانە بزانێ.

***جەلیل گادانی:*** پێشەوا زمانی فارسی و ئازاری و عەرەبی زۆرباش زانیوە، و ئینگلیز و فەرەنسیشی لە ئاستی تێگەیشتنی داواکاریدا زانیوە، بۆیە کاتێک دوای رووخانی حکومەتی رەزا شا، ئەو بەشە لە کوردستان بێ حکومەت مایەوە، زۆربەی بیانییەکان کە هاتبوونەتە شاری مهاباد یەکسەر موراجەعەیان بەشەخسی پێشەوا کردوە.

***کەیوان ئازاد ئەنوەر:*** پێشەوا بەر لەوەی ببێت بەسەرۆک کۆماری مهاباد سەرۆکی دائیرەی مەعارف بووە، بەڕێوبەری پەروەردەی شاری مهابادبوو، کەواتە هەموو ئەو پرۆسەیە، هەموو خوێندەوارەکانی مهاباد و دەوروبەری هەمووی بۆ لای ئەو دەگەڕانەوە، چونکە ئەو سەرپەرشتی هەموو دەزگای معاریفی مهابادی کردووە، واتە لێپرسراوی پەروەردە و خوێندن بووە لە مهاباد دا، لێپرسراوی ئەو توێژە خوێندەوارە بووە، کە لەو کاتەدا لە کۆماری مهاباد و لە کۆمەڵی کوردەواری مهاباد دا لەسەدا یەکێ خوێندەوار بووە، سەرنج بدە ئەو سەردەمە ساڵی ١٩٤٦ کوردستانی ئێران تێکڕا سێ ملیۆن کەس بووە، لەو سێ ملیۆن کەسە لەسەدا یەکێ خوێندەوار بووە، قازی محەحمەد لە نێو ئەو سەدا یەکەدا هەڵکەوتووە، هەم لەرووی بنەماڵەی ئاینی و هەم لەرووی کەسایەتی کۆمەڵایەتی و هەم لەرووی خوێندەوارییەوە ناوێکی دیاربووە بۆ ئەو قۆناغەی مێژووی کوردستان و بۆ بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد، بۆیە پێم وایە بۆ ئەو رۆژگارە کەسایەتییەکی سەرکەوتووبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**جەلیل گادانی:** رۆشنبیرێکی وەکو قازی محەمەد کە خاوەنی هەستێکی زۆر دڵسۆزانەبووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی نەیتوانیوە لە هیچ هەڵسوکەوتێک کە لەناوچەکەدا هاتبێتە پێشێ خۆی ببوێرێ، وەکو کەسایەتی خۆی دوای رووخانی حکومەتی رەزا شا و ئازادبوونی ناوچەکە بەکردەوە بەرپرسایەتی ئوموری ناوچەکەی بەدەستەوە گرت، لەلایەک بۆ دیتنی سەرۆک خێڵەکان، لەلایەک بۆ دیتنی فەرهەنگییەکان و خاوەن بیروراکان، لەلایەک بۆ کەسانێک کە دەیانتوانی کاریگەرییان هەبێ لەناوەندی ئێراندا وەکو مەرکەز، تاران. ئەو کارەی زیاتر لە رێگەی سەدرولئیسلامەوە ئەنجامداوە، کەسێک بووە کە هەرگیز ماندوو نەبووە، هەوڵیداوە لەگەڵ لاوەکان و لەگەڵ مامۆستاکان تێکەڵاوییەکی زۆری هەبێ. و لە واقیعەدا لەگەڵ تیپی رۆشنبیری ئەو کات زۆر زۆر حسابی کردووە و لەگەڵ ئەوەش کە مەلاکانی ناوچەکەیش رێزێکی زۆریان لە پێشەوا گرتووە و حورمەتی لە هەموو ناوچەکەدا هەبووە.

لەدوای نەمانی جەنگی خوێناوی جیهانی دووەم ناوچەی موکریان و شاری مهاباد رووبەرووی قەیرانێکی گەورەی ئیداری بووەوە. بە تایبەت لەدوای نەمانی دەسەڵاتی رەزاشای ئێران، ئا لەو کاتە ناسک و دژوارەدا پێشەوا قازی محەمەد وەکو کەسایەتییەکی ناسراو رۆڵی بەرچاوی هەبوو لەپاراستنی ناوچەکە و دابینکردنی ئارامیدا و هاوکات کۆمەڵەی ژێکاف (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) وەکو حزبێکی کوردستانی دەورێکی کاریگەری هەبوو بۆ فراوانبوونی ئاسۆی بیری نەتەوایەتی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، قازی محەمەد دوای چەند ساڵێک لە دامەزراندنی ئەو حیزبە دەبێتە ئەندامێکی چالاکی ژێکاف و بە نازناوی بینایی کار دەکات و لە کاتی دروستبوونی کۆماری کوردستانیش بەهۆی چەند فاکتەرێکی تایبەت و دەرەکییەوە دەوری کاریگەر دەبینێ لەگۆڕینی ناوی ژێکاف و گۆڕینی هەندێک داوا و ئامانجی ئەو حیزبە. ئەگەرچی باری سەرنجەکان لەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵەی ژێکاف دا، بەڵام جودایی دید و بۆچوونەکان دەبێ وەکو راستییەکی مێژوویی تۆمار بکرێ.

## کاریگەری لەسەر کۆمەڵەی ژ.ک هەبوو

**جەلیل گادانی:** کۆمەڵەی ژێکاف هاتە وجود، پێشەوا بەهیچ شێوەیەک بێدەخل نەبووە، نە لەپێکهاتنی و نە لەپەرەگرتنیدا، راستە چەند ساڵ دوای ئەوە ئەندام نەبووە، بەڵام دەتوانم بە مەسئولیەتەوە بڵێم زۆربەی زۆری ئەو رۆشنبیرانەی کۆمەڵەی ژێکافیان پێکهێنا لە ژێرکاریگەری راستەوخۆی پێشەوا بووە، هەربۆیەش لەگەڵ تەشویق و تەقویەتیدا هێندێک ئیمکانیات و ئاسانکاری بە کەڵک وەرگرتن لە نفوزی خۆی بۆ فەراهەم کردن، ئەوانەی

کۆمەڵـەی ژێکافیـان بـۆ پێکهێنـا هیچیـان نفوزیـان بەقـەدەر شەخسی پێشـەوا نـەبوو کـە لـەئازاربـایجان ئـەو دەمـە دراوسێی کوردستان بوو ئێستاش هەر دراوسێن لەبواری فەرهەنگییەوە نەدەگەیشتنە پێشەوە بۆیە هەوڵیانداوە پرس ورای پێبکەن. پێشـەوا لەبـەر حسـاب و کیتـابێکی تـایبـەت ئـەو دەم نەبووەتـە کۆمەڵـەی ژێکـاف. ئـەوەیش ئەوەیـە بمانەوێت و نەمانەوێت شەخسیەتێکی مەزهەبی هەبووە، خانەوادەیەکەی ئـاینی بـوون و چەنـدین قـازی پشتاوپشت لە بنەماڵەکەیاندا هەبووە. رەنگ بوو بۆ خەڵکی ئەودەمی کوردستان بڕێک سەنگین بێت کە پێشـەوا بـێ زەمینـە سازی پێشوو، هەستی بەوە کردبوو لە عالەمی عەشایەری ئەو کاتدا ئاوا بمێنێتەوە باشتر دەتوانێ کارەکـان بـەرێ بکات هەتا ئەوەی خۆی لەکۆمەڵەی ژێکافدا ئاوا زوو دەخالەت بکات.

## دیپلۆماسی شوورەویی دروستکردنی کوردستانی تێدا نەبوو

***سەلاحەدینی موهتەدی:*** ئەگەر تۆ دیقەت بدەیت کۆماری کوردستان بەرهەمی چوارساڵ خەباتی پێش خۆی بـوو، کاتێـک لـە بیسـت و پێنجی گـەلاوێژدا، لەسـاڵی ١٣٢١ ئێرانـی کۆمەڵـەی ژێکـاف دامـەزرا، ئـەم کۆمەڵەیـە هـەم روناکبیران و تێکۆشەرانی ئێران و بەتـایبەت شاری مهاباد تێیدابوون و پێکهێنەری بوون و هەمیش بۆ یەکەم جـارە لەمێژووی حزبێکی سیاسیدا کە تێکۆشەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشداری دەکەن، وەکو ئـەو ئەفسـەرانەی لـەحزبی هیـواوە هـاتبوون، بـۆ نموونـە میـر حـاجی ئەحمـەد و مستەفا خۆشنـاو، کۆمەڵـەی ژێکـاف بـە هاوکـاری و بەئیلهام وەرگرتن لەحزبی هیوا بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بوو، بەرنامەی سەربەخۆیی کوردستان بوو، کوردستانی گەورە، بۆیە هەر لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤاری نشتمان کە بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵە بـوو، نووسـرابوو بژی کورد و کوردستانی گەورە. ئەمە شیعاری سەرەکی لاپەڕەی یەکەم بوو، تەنانەت لە هەنـدێک شوێندا دەنووسرا بـژی سـەرۆک، بـژی هیـوا، مەبەسـت لەسـەرۆک رەفیـق حیلمـی بـوو، کـە سـەرۆکی هیوابـوو، ئـەوە یـەکگرتوویی و پێکەوبوون و هەمەئاهەنگی دوو حزبی سەرەکی کوردستانی ئێران و عیراق دەردەخات کە کۆمەڵەی ( ژێکاف و هیوا ) یە. بەم ئاوات و ئارەزووەوە کۆمەڵەی ژێکاف دروست بوو، ئەمەش بەرنامەی بوو، تەنانەت لەنامەیەکدا کە دوایی لەئەرشیفی ئینگلیزەکاندا بڵاوبووەوە. دەبینین سەرکردایەتی ژێکاف ئەو کات لەشۆڕشی بارزانـدا نامەیـەکی بۆ مەلا مستەفا نووسیوە و داوای لێـدەکات بێتـە سـەرکردایەتی سـەربازی شۆڕشێکی سەرتـاسەری هـەموو کوردستـانی گـەورە بەدەستەوە بگرێ و شورایەکی سیاسیش لە لایەنە سیاسییەکانی هەموو کوردستان بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم شۆڕشە و شۆڕشەکە بکەن بە شۆڕشی رزگاری خوازی و سەربەخۆخوازی گەلی کورد. ئەمانە ئـەو بۆچوونانـەی کۆمەڵـەی ژێکـاف بوون، راستە ئەم بۆچوونانە نەگەیشتە ئەنجام. لەدەرەجەی یەکەمدا لەبەر ئەوەی ئـەو بۆچوونـە لەگـەڵ سیاسـەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێتی سۆڤیەت کە ئەو کات دەسەڵات داری کوردستانی ئێران بوو، بەتایبەت موکریان بوو نە دەگونجا، دیپلۆماسی شوورەویی دروستکردنی هیچ بەشێکێ کوردستانی تێدا نەبوو، بەڵکو ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێرانی تێدا بوو، تەنانەت کە باس لەکوردستانیش دەکرا بۆ ئەوە باس دەکرا ببێت بەوەسیلەیەکی فشار لەسەر دەوڵەتی ناوەندی تاوەکو داخوازییەکانی سۆڤێت جێبەجێ بکات، یەک لەوانە ئەوەیە پایەدا نەدا بەئەمریکییەکان لەسنووری سۆڤێت و دۆستایەتی لەگەڵ سۆڤێت راگرێ و بێ لایەنی خۆی راگرێت، دواتریش مەسەلەی نەوتی باکووریشی هاتەسەر، هەموو ئەوانە وای کردبوو سۆڤێت تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵک لەمەسەلەی کورد وەربگرێ. بۆیە ئەم سیاسەتەی کۆمەڵەی ژێکاف لەگەڵ دەوڵەتی شوورەوییدا نەدەگونجا، ئەوەبوو کە فشاریان بۆ سەرکوردەکانی ئێران هێنا، فشاریان بۆ سەر کۆمەڵەی ژێکاف هێنا کە دەبێ خۆی حەل بکات، و ڕێگا ساز بکات بۆ حزبێکی دیموکرات لەکوردستان و ئێران. کە هاوتا و هاوسەنگ بێت لەگەڵ تورکە دیموکراتەکەی ئازربایجان، ئەویش هاوکار بێت لەگەڵ حزبی دیموکراتی ئێران کە لە تارانیش دروست ببوو، هەموویان هاوپەیمان بن لەگەڵ حزبی تودە کە نوێنەری راستەقینەی سیاسەتی سۆڤێت بووە ئەو کاتە لەناو ئێراندا. بۆیە فشارێکی زیاتر و گەورەتر لەتوانای کورد هاتە سەر کوردستان و ڕێبەرانی سیاسی کورد، بۆ ئەوەی کۆمەڵەی ژێکاف مونحەل بکەن، بەمەش راستە کۆمەڵەی ژێکاف مونحەل نەبوو، سەرکردەکانی رازی نەبوون، بەڵام بێدەنگ کران، یان بەگوزارشتێکی تر خنکێنرا. بەڵام بیروباوەرەکەی و ئامانجەکانی مایەوە، کۆماری کوردستان نوێنەر و ئاوێنەی ئەم ئامانجەبوو کە چوار ساڵ بوو کۆمەڵەی ژێکاف بردبوویە ناو جەماوەر و خەڵکەوە. چونکە ئەگەر هەر بەپێی بۆچوونەکانی حزبی دیموکرات بوایە کوردستان دەبوو لەچوارچێوەی ئێراندا بمێنێتەوە وەکو بەشێک لەئێران. پەیڕەو و پرۆگرامەکەی خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت ئێمە هیچ شتێکمان نییە لەگەڵ ئێران کە بە ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر نەکرێت، جا ئەگەر وابێ ناکرێت حزبێکی ئاوا لەدەوڵەتێکی پاشایەتیدا کۆماری ئیعلان بکات. کۆماری نیشانەی سەربەخۆیی خوازییە. بۆیە کۆماری کوردستان لەلایەک خۆی لەچوارچێوەی ئێراندا دەهێڵێتەوە بەپێی بیروباوەڕەکەی حزبی دیموکرات و لەلایەک داوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی کۆماری دەکات، بەپێی بۆچوونەکانی کۆمەڵەی ژێکاف، لە تێکهەڵکێشکردنی ئەو دوو بیروباوەڕەدا، کە کۆماری بەم شێوەیە بەوجود هات. لەلایەکەوە نیشانە و زۆر ئاسەواری تێدا دەبینی کە نیشانەی سەربەخۆییە و ڕێکەوتنە لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی، بەڵام لەلایەکەوە مانەوە لەئێرانی تێدا دەبینی، ڕێکەوتنی لەگەڵ ئازربایجانی تێدا دەبینی، ڕێکەوتن لەگەڵ ستایلی گەلانی ناو چوار چێوەی ئێرانی تێدا دەبینی، هەوڵدان بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تێدا دەبینی. ئەم ناکۆکییە لەسیاسەت و دیپلۆماسیەتە سەرئەنجام کۆماری روخان. رابەرانی ئێمە لەو سەردەمەدا لە نێوانی ئارەزووی دڵی خۆیان کە سەربەخۆیی بوو، و فشاری سۆڤێت کە مانەوەبوو لەچوارچێوەی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیریان خوارد.

***حەسەنی شەرەفی:*** ئەمن پێم وایە کۆمەڵەی ژێکاف لەکوردستانی ئێران پێکهات، بەڵام بیروباوەڕی یەکگرتنەوەی هەموو کوردی لێ دوورنەبوو، هەروەکو هاوکات لەگەڵ وی حزبی دیکەش لەکوردستانی عیراق و کوردستانی تورکییە دروستبووبوون کە ئەوانیش بیروباوەڕێکی بەو جۆرەیان هەبوو. ئەگەر دیقەتی ئەو ئامانجانەی کۆمەڵەی ژێکاف هەیانە بدەین، ناسیۆنالیستی کوردایەتییەکەی پتر بەهێزبوو، لەگەڵ هەلومەرجی ئەو وەختەی کە دەبێ دیموکرات و باری ئینسانی و ئابووری و ئەوانەشی تێدابوو. بەڵام خەڵکێکی زۆری لەباری نەتەوایەتییەوە بەدەورەوەبوو، ئەو شتانەی کە دەبوو لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف زیادبکرێ بەناوی حزبی دیموکرات، شتێک نەبوو خەڵکەکە قبوڵی نەبێ. دیموکراسی بوونی رێکخراوەیەک یان ویستی دیموکراتی بۆ خەڵکێک کە زیاد بکرێ لەداوای مافی نەتەوایەتی شتێک نییە خەڵک نەیەوێت، یان بوژانەوەی باری ئابووری و باشبوونی ژیانی خەڵک ئەوانە شتێک نەبوون کە ئەگەر لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف زیاد بکرێ و خەڵک پێیانەوە تەنگاو بێت، بۆیە ئەو شتانەی کە لە بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف زیادکران و حزبی دیموکراتیان لێ پێکهات و حزبی دیموکرات لەسەر بناغەی بۆچوونی نەتەوایەتی لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، بەڵام بە رەنگێکی پێشکەوتوانە تر ئەو وەختە. حزبی دیموکرات لەسەر ئەساسی تەشکیلاتی کۆمەڵەی ژێکاف دروست بوو، کەوابوو کۆمەڵەی ژێکاف هەڵنەوەشایەوە و حزبی دیموکرات شێوەیەکی پێشکەوتووتری کۆمەڵەی ژێکافە، بۆیە من پێم وایە لە نێوان کۆمەڵەی ژێکاف و حزبی دیموکراتدا لەباری تەشکیلاتدا لەباری ئەندامانییەوە شتێکی لەیەکتر جیانین، تەنیا بەخۆوە گرتنی رەنگی ئەمرۆیی و بە خۆوەگرتنی هەندێک بەرنامەی پێشکەوتوانەتر کە بتوانێ وەڵامدەری خەڵکی زەمانی خۆی بێت، دەنا من وای نابینم کۆمەڵەی ژێکاف هەڵوەشابێتەوە و حزبی دیموکرات دروست بووبێ، حزبی دیموکرات لەسەر ئەساسی تەشکیلاتی بناغەی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە، حزبی دیموکرات بەشی پێشکەوتووی کۆمەڵەی ژێکافە، ئەوانە شتێکن کە ناکرێ لەیەکیان جودا بکەینەوە و بڵێین یەکێکیان لەبەین چوو، یەکێکیان سەرکەوت، هەردووکیان پێکەوە هاتن.

بەر لەوەی کۆماری مهاباد دامەزرێ، دوای تاوتوێکردنی هەلومەرجی سیاسی ئەو سەردەمە و گەشتی پێشەوا بۆ یەکێتی سۆڤێت، قازی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵەی ژێکاف لەو کاتانەدا بۆ ئازاد بوونی کوردستانی گەورە چەندین کۆسپی سیاسی و جوگرافی و سۆسیۆلۆژی و ئابووری دێتەرێ. بۆیە لەگەڵ دەستەیەک لە رووناکبیرانی کۆمەڵەی ژێکاف هاتنە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی کۆمەڵەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێکاف، لەو کاتەدا بەرنامەیەکی نوێیان بۆ کوردستانێکی خودموختاریی دیموکراتی لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا داڕشت، ئەم هەنگاوەش بە لەبەرچاوگرتنی هەموو بارودۆخە سیاسییەکەی ئەو سەردەمە بوو، ئەگەرچی لەبەندی چواری بەشی چوارەمی بەرنامە نوێیەکەیاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بەدیهێنانی کوردستانێکی خود موختار لەئێرانێکی دیموکراتدا بەقوناغێکی دیاری کراو و بەچارەسەرێکی هەتاهەتایی کێشەی کورد دانەنراوە، دوا بەدوای ئەو گۆڕانکارییانە قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسی و خەباتی دیپلۆماسی قازی محەمەد دەستی پێکرد.

***جەلیل گادانی:*** پێشەوا هەستی بەوە کردووە ئیدی وەختی ئەوەی هاتووە لەقەراغی ژێکاف نەمێنێتەوە، دەبێ بچێتە ناوەوە، کە چووەتە ناوەوە ناوی خوازراوی بینایی بۆ دادەنرێت، بەو ناوەوە چووەتە نێوی کۆمەڵەی ژێکاف، لەو کاتانەوە سەفەر دێتە پێشێ بۆ سۆڤێت، سەفەری باکۆ دێتە پێشێ، دیارە سەفەر بۆ ئازربایجان زۆربووە، بەڵام نەهاتوونەتە حیساب، بۆ؟ چونکە میللەتێکی دراوسێیە، هەستی نەتەوایەتی ئازربایجانیش گەشەی کردووە، دەبێ لەگەڵ ئەوانیش بیت لە بڕیارێکدا، بزانی ئەوان چی دەکەن، لەو بارەوە تەکبیری زۆری بووە، بەتایبەتی لەگەڵ شەخسی پێشەوەی، هەندێک لە پیاوانی ئازاربایجان لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ حزبە ئێرانییەکان کە سەنتەریان ئێرانە، لەرێگای سەدرولئیسلامەوە خەریکی وتوێژبوو تاوەکو بزانێ هەوای ئەوێ چییە؟ ئەگەر کارێک بکەن داخۆ پشتیوانی لێ دەکرێ یان نا؟ لە یەکەم سەفەردا دەیکەن بۆ باکۆ وەکو بەشێک لە سۆڤێتی ئەو کات، خەڵکێکی زۆری لەگەڵ بووە، بێگومان لەوێ شتی تازە هەیە، پێشەوا لەوێوە نموونەی فەرهەنگی هێناوە، کە ئەو دەمی فەرهەنگێکی پێشکەوتوو بووە بەنیسبەتی ئێرانەوە، کە دێت بۆ خەڵکی باس دەکات، کە دنیایەکی ئاوهاش هەیە، باس دەکرێت لەوەی کە ئێمەی کورد دەمانەوێت شتێک بکەین، باقروڤ هەوڵ ئەدات زیاتر بۆ زەمینە کردنی کوردستان بە ئازربایجان، چونکە بەشێکی زۆر لەو خاکەدا کە ئەو دەمە ئازاد بووە، زەمینەی ئازاربایجان بووە، لەباری ئوستان بەندی و پارێزگاوە، بەڵام پێشەوا ناچێتە ژێربار.

## پێشەوا سووربووە لەسەر دروستکردنی کۆمار

***سەڵاحەدینی موهتەدی:*** دەوری پێشەوا لەپێشدا دەورێکی گرنگ و ئەساسی بوو لە ئیعلانی کۆماری و پێسەلماندنی ئەوەی کە دەبێ کۆماری ببێت بەروسەکان، لە سەفەری دووەمی وەفدی کوردستان بۆ باکۆ بۆ دیداری باقرۆڤ ئیسڕاری گەورەی سەرکردایەتی کۆماری ئازربایجان کە دیارە پشتیوانی سۆڤێتیشیان لەپشت بوو، ئەوە بوو کە کوردستان خۆی نابێت کۆماری بێت، کوردستان دەبێ بەشێک بێت لەکۆماری ئازربایجان، چونکە کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوکات کە دەیویست ئیعلانی سەربەخۆیی بکات تەنیا موکریان بوو، کە پایتەختەکەی مهاباد بێت، و موکریان لەباری دابەشکردنی ئیدارییەوە بەشێکە لەئازربایجانی ئێران، ئەوان ئیسراریان لەسەر ئەوە کرد وەکو بەشێک لە کۆماری ئازربایجان بێ و خودموختارییەکی محللیش بدرێت بەکورد، زمانی خۆیان هەبێ، خوێندن و نووسینی خۆیان هەبێ، مەئموری ئیدارەکانی خۆیان کوردبن و هەر ئەوەندە و لەچوارچێوەی ئازربایجاندا بمێننەوە، شتێکی وەهاش بۆ ئەرمەنییەکان بکەن، لەباکۆ پێداگری و خۆڕاگرییەکی مێژوویی کە زۆر جێگای شانازییە کە پەنجا ساڵ دوای قازی محەمەدیش ئێمە ئەو باسە دێنینە گۆڕێ، کە شەخسی قازی محەمەد دەورێکی گرنگی هەبووە لەسەر ئەوە کە ئیللا دەبێ کۆماری بۆ کوردستان بێت، ئەو قسە بەناوبانگەی هەیە گوتویەتی ئەگەر ئێمە بڕیار لەوە بێت لەبەر دەستی لایەنێکی دیکەدا بین، جا بۆ لەبن دەستی تەورێزدا بین بۆ لەبندەستی تاراندا نەبین؟!. ئێمە دەمانەوێت کوردستان وەکو کۆماری رابگەیەنرێ، سەرئەنجام باقرۆڤ لەبەرانبەر ئەم ئیسرارەی باقرۆڤدا کە دیارە هەموو وەفدی کوردستانیش لەگەڵی بوون و پشتیوانیان لێ دەکرد ناچاربوو قەبوڵی کرد با کۆماری بۆ کوردستان دابنرێ.

## راگەیاندنی کۆماری کوردستان

***جەلیل گادانی:*** ئەو فەرهەنگێکی هێنایەوە، لەوێ داوای چاپخانەی کردووە، داوای رادیۆیی کردووە، ئەمە بەر لە کۆمار، بەر لە دروستبوونی حزبی دیموکراتیش. دوایی دێینە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵەی ژێکاف، کۆمەڵەیەکە هەستی نەتەوایەتی بەگشتی خستوەتە بەرباس، لەراستیدا ئامانجی کوردستانی گەورەبوو، بەو تەحلیلەی کە هەیابووە، وای بۆچوون ئەوە لەهەلومەرجی ئێستادا نەگونجاوە، ئیمکانی نییە، کەوابوو ئێمە لەگەڵ ئەوەی دەبێ کوردایەتی بکەین، دەبێ بۆ رزگاری نیشتمانەکەمان تێبکۆشین، دەبێ شتێک بهێنینە گۆڕێ کە مەعقول بێت. بۆیە پاش بەحس و جەدەلێکی زۆر لەکۆبوونەوەیەکدا کە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی ژێکاف بەئامادەیی پێشەوا و چەند کەسایەتییەکی دیکە کۆبوونەوەیەک دەکەن، بڕیار دەدەن شتێکی ئاوا پێویستە، راستە کۆمەڵەی ژێکاف زۆر فەعال بووە، ناونیشانێکی دەرکردوە، نەک هەر لەکوردستانی ئێران بەڵکو لەکوردستانی باشووریش لایەنگری زۆرە، ئەندامی هەیە، هەتا نوێنەری هەیە، بەڵام ئەگەر ئەو ناوە بگۆڕن مەقبولترە، رەنگێکی دیموکرات تری پێوە دیارە، زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیش موافەقەت دەکەن و بەدوای ئەویشدا ئیعلامییەکی هەژمارەیی دەردەچێ، زۆربەی هەرە زۆری شەخسیاتی کۆمەڵەی ژێکاف واژۆی دەکەن، کە لەو رووەوە ئێمە دەمانەوێت بەو هەژمارەدە وەکو بناغەی ئەساسنامەیەک حزبی دیموکرات تەشکیل بکەین، ئەوە بوو حزبی دیموکرات لەسەر ئەو هەژمارەدیە پێکهات، دوای ئەوەی ئەو ئیعلامییە بڵاوبووەوە و لەنێو رۆشنبیرانی ئەو کات کەوتە بەر باس بەفاسیلەی دوو تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێ مانگ یەکەم کۆنگرەی حزبی دیموکرات دەبەسترێت، ئیستسنائەن لەوانەیە یەک دووکەس لەو کۆنگرەیەدا لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژێکاف بەشدارنەبوون، باقی هەموو بەشداربوون، لە یەکەم کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستاندا پێشەوا وەکو سەدری حزب هەڵدەبژێردرێ و بەرنامە هەشت مادەییەکە تەبدیل دەبێ بە بەرنامەیەکی بیست و یەک مادەیی، لەو بەرنامەیەدا نووسراوە ناوی حزب «حزبی دیموکراتی کوردستان»ە لەمادەی سێیەمدا دەڵێت «دوو گوڵە گەنم و قەڵەم، وەکو لۆگۆی حزبی دیموکراتی کوردستان پەسەن کرا. ئەو ماوەیە تێپەڕی، زەمینە ئامادەتر بوو، ئۆکەیەکی یەکێتی شورەوییشی لەگەڵ بوو، ئازربایجانیش قەناعەتی بەوە کردبوو کوردەکە ئەگەر بۆ خۆی بێت لەوانەیە باشتربێ، هەرچەند ئەوان بەکردەوە پێیان خۆش بووە کوردستان زەمینەی ئازاربایجان بێ و کۆماریش کۆماری ئازربایجان بێ، ئەمەش لەواقیعدا جارێکی تر بکەوینەوە بەردەستی ئەوان، بەڵام پێشەوا قازی و ڕێبەرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لێرەدا زۆر کاریگەربووە بەلێبڕاوی وتویانە ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین و ئیلا دەبێ خۆمان بین. واهات کە لە بیست و شەشی سەرماوەرز 1324ی هەتاویدا لەرۆژێکی تووشدا، رۆژێکی بەفراوی و هەوراوی زۆر سارد، بەڵام هەستی خەڵکەکە ئەوەندە گەرم بوو بەبوونی نوێنەری پارچەکان لەژێر ئەو بەرفردا لەو ساختمانە کە ئێستا دەیبینن، کە ئێستایش ماوە، ئاڵای سێ رەنگی کوردستان بەلۆگۆی حزبی دیموکراتەوە بۆ یەکەم جار بەو شێوە رەسمییە هەڵکرا. بەدوای ئەوەدا زەمینە سازبوو بۆ پێکهاتنی کۆمار، لەدووی ڕێبەندانی ١٣٢٤هەتاویدا، یەعنی تەقریبەن چل رۆژ دوای هەڵکردنی ئاڵا لەگەڵ ئەوەی هێزێک ئامادەکرابوو وەکو پێشمەرگەن لەگەڵ ئەوەی پێشتر بیست ویەک مادەی پەسەندکراوی حزبی دیموکرات بەشێوەیەکی بەربڵاو چووەتە نێو هەموو عەشایەر و شارەکانەوە، نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان لە بەشێکی زۆری کوردستان، بابڵێین لەماکۆ ڕا تا نزیکی سنە، وەهەروەها ئێلی بارزان و بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی کوردستانی باشوور، و شەخسی حەمە رەشیدخان بەخۆی و هێزێکی زۆرەوە، ئەو دەم هێشتا ناوی هێزی پێشمەرگەیان لێ نەنرابوو، دوایی بووە هێزی پێشمەرگە، هێزی بارزان کە بەحزوری خودی مەلا مستەفای و ئێلاتی ئەو کات کە پێکهاتنی ئاڵا و پێکهاتنی حزبی دیموکرات و بەهێزبوونی کوردایەتی توانیبووی کاریگەری هەبێ هەموویان لەو ڕێورەسمەدا ئامادەییان هەبووە، لەشاری گچکەی ئەو کاتی مهاباد کە بەبڕوای من هەر پێنج شەش هەزارکەسێک دەبوو، زیاتر لە بیست هەزار کەس بۆ بەشداری لەبەرێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئیعلانی کۆماردا ئامادە بوون. دوای ئەوەی پێشەوا قازی لەماڵەوە هاتەدەرێ لەپێش ئەو هێزە چەکدارەی لەوێدا سەفیان بستبوو بەپێشیاندا تێپەڕی هانیدان و تەشویقی کردن، سوپاسی کردن بۆ ئەو هەستە جوانەی کە دەریان خست چووە مەیدانی چوارچرا، لەوێ تەرتیبات درابوو، ئەو تەرتیباتەی کە ئێستایش وێنەکەی ماوە و لەتەلەفزیۆن دەبینرێ ئەوە رێوڕەسمی تەشکیلی کۆماربوو ئەنجامدرا، بەو پەڕی شادی و سروودی خەڵکدا پێشەوا دوای ئەوەی مامە غەنی خوسرەوی رۆحی شاد بێ

کە ئەو دەم سەرۆکی شارەوانی مهاباد بوو، بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و بەرنامەکەی ئیعلان کرد، دوای ئەوەی کە مەلا حوسێنی مەجلیس بەخوێندنەوەی چەند ئایتێک و تەفسیری چەند ئایەتێک خەڵکی هاندا بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی. پێشەوا قازی رەسمەن ئیعلانی کۆماری کرد و کۆماری دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژووی کوردا هاتە وجود.

کۆماری میللی کوردستان دوای دامەزراندنی کەشوهەوایەکی ئازادی لەناوچەی موکریان و شاری مهاباد خولقاند تەمەنی سێ سەد و سی رۆژەی کۆماری مهاباد چەندین باس و لێکۆڵینەوەی گرنگ هەڵدەگرێت. کۆماری کوردستان لەو بارودۆخە جیهانی و ناوچەییەدا لەنێوانی بەرداشی بوون و مانەوەدا، لەنێوان شەڕپێفرۆشتنی شاهەنشاهی و دەستبەردانی یەکێتی سۆڤێت لەپشتیوانی کۆمار بەرەو هەرەس چوو. ئاشکرایە هۆکارەکانی کۆماری مهاباد راستەوخۆ کاریگەری ناوەوە و دەرەوەی لەسەربوو، پێشەوا قازی محەمەد دوا دەرئەنجام دەگاتە ئەو بیرو باوەڕەی کە لەرێگەی سازشەوە لەگەڵ حکومەتی شای ئێران پێکبێت و ئاشتی و ئارامی باڵ بەسەر ناوچەکەدا بکێشێ. سیاسەتی ئەو سەردەمەی کۆمار لەنێوان بەرنگاری و گفتوگۆکردندا چەندین دید و لەیەکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

## دەوڵەتە گەورەکان هەموویان موقەسیربوون

***سەڵاحەدینی موهتەدی:*** لەنێوان شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا بیری سەربەخۆیی خوازی بوو بەبیری ئەساسی بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی، حزبی هیوا و حزبی خۆیبوون و کۆمەڵەی ژێکاف هەموویان لایەنی سەربەخۆیی بوون، ئەم بیر و بۆچوونە مایەوە تا شەڕی جیهانی دووەم، هەتا دەخالەتی دیپلۆماسی دەوڵەتە گەورەکان، جارێ دەوڵەتە گەورەکان هەموویان موقەسیر و تاوانبارن لە بەلارێدابردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، و وەلانانی بیری سەربەخۆیی و هێنانی بیری ئۆتۆنۆمی و خودموختاری ئەو مەقولاتی تازە، بەڵام لەهەموویان کاریگەرتر دەخالەتەکەی جەرگ بڕتربوو هی سۆڤێت بوو، چونکە یەکەم دەسەڵاتی سەربازیان هەبوو لەموکریان، دووەم لەباری بیروباوەڕیشەوە قەناعەتیان بەبڕێک خەڵک کردبوو کە دەبێ تۆ لەگەڵ نەتەوە بچکۆلەکانی ناو دەوڵەتێکی دیکەدا دەژیت دەبێ هاوپەیمان بی، دەبێ لەگەڵ حزبی پێشڕەوی ئەو نەتەوەیە کە گوایە ئەو وەختە حزبی تودە بوو، هاوپەیمان بی، مافی خۆت لەچوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا وەربگری و بەتایبەت مافی یەکسانی هاوڵاتی ئەوەیان لەجێگای بیری سەربەخۆیی بە بڕێک خەڵک سەلماند و لەئەنجامی ئەوەدا حزبی دیموکراتی ئێران دروست بوو، چەند مانگ دوای ئەوە پارتی دیموکراتی عیراق دروست بوو، لەبەر ئەوە ئەم دروست بوونە

خەتێکی جیاوازە بەینی هەموو رابردووی سەربەخۆیی گەلی کورد، ئەوەی کە دواتر هات خەباتی خودموختاری یان ئۆتۆنۆمی خوازە، ئێستا خەریکە ئەم خەباتە بەقۆناغی فیدراڵی خوازی قۆناغێکی تازە دەست پێدەکات، بەڵام لەشەڕی جیهانی دووەمەوە تا راپەڕین لەکوردستانی عیراق بیری خود موختاری وەکو مۆتەکە سواری شانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد بووە، و ئەمە یەکێک لەدەستکەوتەکانی وەلانان و لەناوبردنی کۆمەڵەی ژێکاف و یەکێک لەزیانەکانێتی، هەرچەند لەناو خۆماندا کەس هەیە کە کەم تازۆر دەوری هەیە لەم بەلارێدابردنەدا، بەڵام بێگومان سەهمی ئەسڵی سەهمی دیپلۆماسی دەوری هەبووە، لەدەرەجەی یەکەمدا سەهمی دیپلۆماسی سۆڤیەت بوو.

## هەم سۆڤێتی دەرکرد و هەم کۆماری روخاند

***حەسەنی شەرەفی:*** ئەو دۆخەی کە لەدوای شەڕی جیهانی دووەم لەئێراندا پێکهاتبوو، ئەو خەلایەیەی لەدوای لابردنی رەزا شاوە هاتنە سەر کاری محەمەد رەزا شا و لەدوو ساڵێک دوای وی هۆیەکی لەباربوو بۆ ئەوەی بیری پێشکەوتنخوازی ببوژێتەوە و لەکوردستانیشدا زەمینە هەبوو، تەنانەت لەئێران لەبارتربوو، ئەو فیکری ئازادی و دیموکراتی نەتەوەیی بوو، گەشەی کرد. پاشان بەشی رۆژئاوای ئێران لەلایەن سۆڤێتەوە و بەشی جنوبی لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرا، ئەو بەشەی کە کەوتە لای سۆڤێتەوە داگیرکردنی بێگومان بەنیسبەت ئەو وەختی بیری پێشکەوتنخوازی و ئازادی خوازی زیاتر تێیدا گەشەی کرد، هەم دۆخی نێوخۆییەکە و هەم دۆخە نێونەتەوەییەکە دەتوانێ هۆی سەرەکی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و پێکهاتەی زەمینەی شکلگرتن بۆ دەسەڵاتێکی کوردی لەشکڵی کۆماریدا لەکوردستانی ئێراندا، بەڵام بۆ لەنێوچوو، وەکو گوتمان بۆ شکڵگرتنی هەندێک هۆی نێوخۆیی هەبوو، بۆ روخانیشی هەم هۆکاری نێوخۆیی هەبوون و هەم هۆکاری دەرەکی هەبوون، ئەو هۆیە نێوخۆییانە، ئەگەر ئێمە هەموو مەسەلەکانی رابردوو بەمعیارو بە بۆچوونی ئەمڕۆ هەڵبسەنگێنین لەوانەیە دروست نەبێ، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەختە و بەپێی هەلومەرجی ئەو رۆژگارە هەڵیسەنگێنین، ئەو وەختە کە کۆماری کوردستان دامەزرا دۆخەکە بە تەواوەتی عەشیرەتی بوو، بەتایبەتی لەدەوروبەری مهاباد کە ناوەندی کۆماری کوردستان هەبوو. ئەو دۆخە ئیجازەی نەدەدا کۆماری کوردستان شکڵێکی یەکگرتووی لەباری نیزامی و بەرگرییەوە بۆ پێکەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە بارزانییەکان هەبوون و فیداکاری زۆریان کرد، بەڵام دەبوو لەنێوخۆدا زەمینەی خۆڕاگری و بەرگریی هەبێ، پشتیوانی دەرەوەش هەرچەند مەعنەوی بێ یان لەوانەیە باری تەوقیات و تەسلیحاتیشی هەبووبێ ئەو زەمینەیەش پاش ئەوەی تەوافوقی تاران کرا لەنێوان بەریتانیا و ئەمریکا و سۆڤێتدا کە بەپەلە ئێران بەجێبهێڵن، ماوەیەک

سۆڤیێتیێکان ئێرانیان بەجێنەهێڵا. لەوەدا دووشت هەبوو، ئەگەر بڵێین نەیاندەویست بەجێیبهێڵن بەبڕوای من شتێکی وانەبووە، چونکە ئەگەر مەبەستێکی وەهایان هەبووایە، ئەو وەختە ئەو پەیماننامەی تارانیان مۆر نەدەکرد، کە مۆریان کرد پێیان وابوو دەبێ بەجێیبهێڵن، بەڵام لەو بڕوایەدابوون ئەوەندەی بهێڵنەوە هەتا ئیمتیازی نەوتی شیمال لە رژێمی شا وەردەگرنم، دیارە رژێمی شایش دەیزانی ئەوانە چاویان لە نەوتی شیمالە، هەیئەتیان چووە ئەوێ و لەگەڵ سۆڤیێتیێکان دانیشتن نەک راستەوخۆ، بەڵام ناڕاستەوخۆ هەندێک بەڵێنیاندا کە لەوانەیە نەوتی شیمال بەوان واگوزار بکەن، بەڵام نەوتی شیمال بەستەگی هەیە بەوەی کە مەجلیس پەسەندی بکات و مەجلیسێکیش بەو شێوەیە ئەو دەمە لەکاردا نەبوو، بۆیە رژێمی شا داوای لەسۆڤیێت کرد بۆ ئەوەی مەجلیس پێک بێت دەبێ مەجلیس پێک بێت و بڕیارەکە بدات و دەوڵەت تەنزیفی بکات، بۆ ئەوەیش مەجلیس پێک بێت دەبێ هەڵبژاردن بکرێت و ئەمنییەت بەرقەرار بێت، کەوابوو دەبێ ئەو هێزانە بڕۆنە دەرێ و ئەو وەختە هەڵبژاردنەکە دەکرێ، ئەوە راست ئەو فێڵەیە کە کاک جەلیل ئیشارەتی پێدا ئێرانییەکان ئەو وەختە کردیان و دەرکەوت هێزەکان رۆیشتن حکومەتی ئازربایجان و کۆماری کوردستان بێ پشتیوان مانەوە و پاشانیش مەجلیس پێکهات و بڕیاریدا و نەوتی شیمالیشی نەداو ئەویشی لەدەست چوو.

## رەزا شا لەبنەوە لەگەڵ ئەڵمان کەین و بەینی هەبوو

***جەلیل گادانی:*** ئەگەر دولی موتەفیق ئەو کات ئێرانیان نەکردبایە پردی سەرکەوتنی خۆیان کە هەر بەوناوەوە مەشهوربوو، لەخەلیجەوە ئیمکانیاتی بەریتانیا و ئەمریکا لەرێگەی ئێرانەوە بەسۆڤیێت نەگەیبایە سۆڤیێت کە ئەو هەموو زەختەی لەسەربوو توانای نەبوو، ئەو هەموو تەلەفاتەی دابوو، نەیدەتوانی ئەو سەرکەوتانە بەدەست بهێنێ. ئەوەی ئێران بوو بە پردی سەرکەوتنی موتەفیقین ئێمەیش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی روون بوو کە رەزا شا لەبنەوە لەگەڵ ئەڵمان کەین و بەینی هەیە، زۆریش ئاساییە کە دۆستی ئەڵمان دۆژمنی سۆڤیێت بێ، دوژمنی موتەفیقی بێت، ئەوەبوو ئەوان هاتن لەبیستی شەهریوەری ١٣٢٠دا پەلاماری ئێرانیاندا و گرتیان و رەزا شایان دوورخستەوە. کاک حەسەن تۆ دەتوانی هاوکاریم بکەیت؟ وابزان لە پێشدا بۆ ئەفریقای جنوبی بوو؟ وابوو؟ و لەوێ تا مردن مایەوە. کاتێک رەزا شا نەما، محەمەد رەزاشا هاتە سەرکار، کەوابوو موتەفقین نەقشی تایبەتی خۆیان هەبوو، هەندێک شتی نوێ پەیدا بوو دیموکراتییەت لەئێراندا وردە وردە پەیدابوو، ئەحزاب سەریان هەڵدا. ئەمە شتێکی ئاساییە کاتێک دیکتاتۆرێکی وەکو رەزاشا حاکمیەت دەکات بەسەر ئێراندا و نەفەسی لەهەموو کەس بڕیبوو، لەواقیعدا پیاوی نەهێشتبوو، وەختێک دەرفەتێکی ئاوها دێتە پێشێ حزب سەرهەڵدەدەن، حزب

توانیان ئازادی خۆیان ئیعلان بکەن و هەوڵبدەن و ئەو مەوجە دیموکراتییە بەشێوەیەکی واقیعیتر لەکوردستانی پاش رەزاشا بەئازادی بەجێماودا هاتە پێش، بەخۆشی ئەوە روسەکان لەو بەشەی ئێمەدا بوون، چونکە هەم لەئاراسەوە هاتنە ناوەوە و هەم لای تەورێزەوە هاتنە ناوەوە، لەواقیعدا کوردستان و ئازربایجان بەشی زۆری لەبەردەستی ئەواندا بوو تا نزیک سنە. بڵێین زیاتر تا نزیک سەقز. ئامادەیی ئەوان زیاتر خەڵکی ئاشناکرد لەگەڵ سیستمێکی پێشکەوتووی وەکو ئەو دەمی و هەر ئەوەی ئەو کات لایەنی کەم بەشیعاریش بێت بانگی ئازادی گەلانیان دەدا ئەوە توانێ هاندەر بێت بۆ کورد. لە لایەکی دیکەشەوە یارمەتیان داین نەک بەو شێوەیەی لەئازربایجان هەیە، بەڵام یارمەتیاندابن، ئۆکەیان کرد کە دەتوانن حەقی خۆتان هەبێ. من باشم لەبیرە زەمانی کۆمار هەم لەلایەن روسەکانەوە و هەم لەلایەن ئینگلیزەکانەوە رۆژی ئیعلانی کۆمار بە تەواوی فیلمبەرداری کراوە، بەڵام بەداخەوە بۆ خۆمان لێی بێبەشین، جا چ لە ئەرشیفێکدا، لە گۆشەیەکی ئەرشیفێکدا ماوەتەوە وردە وردە شتێک پەیدابووە، بەڵام هەمووی نا، زۆر لەوە درێژترە. مەراسیمی ئیعلانی کۆمار لایەنی کەم چوار سەعاتە، ئێستا ئێمە چەند خولەکمان بەدەستەوەیە، چونکە بۆ خۆمان خاوەنی نین، خودی ئەو فیلم بەردارییە بەنیشانەی ئۆکەی بوو بەڵام هەلومەرجەکە بەشێوەیەک هاتە پێشەوە، لە لایەکی دیکەوە گەلانی ئێران وریابوونەوە و دیموکراتییەت لەئێران وردە وردە بەرەو پەرەسەندن چوو، ئازربایجان لەپەنامانەوە بوو بەکۆمارێک، کۆمارێکی موتەفیقی ئێمە. ئێمە پەیماننامەی فەرمیمان لەگەڵ ئازربایجان ئیمزاکردووە وەکو کۆمار. سروودی کوردستان لە ئازربایجان و زۆرجار سروودی ئازربایجان لەکوردستان لەمەراسیمەکاندا دەخوێنرایەوە، رابیتەیەکی برایانەمان هەبوو ئەوانە هەموو کاریگەربوون، هەروەکو لەتێکدانیشدا بەداخەوە کاریگەربوو. بەکورتی ئاماژەی پێدەدەم سەفەری قەوام سەڵتەنە بۆ مۆسکۆ و وەقەولدانی بڕیاری نەوت چلونۆ- پەنجاو یەک کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەبوو لەسەر سۆڤێت، وەختی خۆی کە هاتوون ئێرەیان ئیشغاڵ کردووە موتەفقین، بڕیار ئەوە بوو بە تەواوبوونی شەڕ ئەوان ئێران بەجێبهێڵن. ئەوانی دیکە بەجێیان هێشت، بەڵام سۆڤێت درەنگتر بەجێیهێشت، چونکە ئیحاسی تەعهودی دەکرد بەرانبەر بە ئازربایجان و کوردستان. حەیقەتیش ئەوەیە ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەندیان فشار بۆ برد کە ئەگەر قبوڵی نەکردبا روسییە بەو لاوازبوونەی خۆیەوە تووشی شەڕێکی دیکە دەبوو لەگەڵ ئەوان، ئەوەیش کاریگەری خۆی هەبوو. چونکە لەگەڵ سۆڤێت وەکو واقیعیەت تا ئەودەم دۆستبوون کە هەدەفی موشتەرەکیان بۆ لەناوبردنی فاشیزم بوو، وەختێک کە مەسەلەکە حەل بوو و ئەڵمان شکستی هێنا و بەرەسمی هێزی هەر سێ دەوڵەت لە ئەڵمان پیادەبوو، ئیتر بەکردەوە کاری بەسۆڤێت نامێنێ. بۆیە ئەگەری زۆری هەبوو ئەو کارە روویدات و ناکرێت بڵێین سۆڤێتیش هەروا بەخۆڕایی پشتی تێکردین لەبەر ئەوە تیکراری دەکەمەوە قەراردادی رەسمی نەبووە وەکو واریسی کۆمار نەکەوتووە، کە سۆڤێت رەسمەن ئیعلانی کردبێ، تا ئاخیر پشتیوانی دەکات. لەشۆڕشی ئەیلولدا

ئەمریکا لەڕێگەی کسنجەرەوە رەسمەن رایگەیاندبوو کە پشتیوانی دەکەین و دوایی پشتی تێکردین، بەڵام ئەو قەرارداره بەو شێوەیە، بەو رەسمییەتە لە لایەن کەسێکەوە نەبووە ئەگەر هەبایە دەزانرا، بۆیە ئەوە لەلایەک کە سۆڤێت پاشەکێشی کرد و لەلایەکی دیکە فریوخواردنی مۆسکۆ بەبڕیاری قەوام سەڵتەنە بۆ نەوتەکەی شیمالی ئێران، مەجالی ئەوەی دا کە هێز بەبیانووی هەڵبژاردنەوە بگەڕێتەوە ئێران و بگەڕێتەوە ئازربایجان، ئازربایجانیش وەکو واقیعیەتێک بەرگرییەکی نەکرد، لەدوو شەودا کوللی تەشکیلاتی ئازربایجان کۆچی کرد و چووە ئازربایجانی شۆڕەویی، کەوابوو پشتی ئێمە بەتاڵ بوو موتەفیقی هەرە ئەساسیمان و سەنگەری پێشەوەمان رووخابوو، هەرچەند بەچەند رۆژێک دوای ئەوەش بەرەی موەشتەرەکی کوردستان و ئازربایجان لە بەرەی تکاب کە بەرنگاری هێزەکانی رژێم بووبوونەوە هەر بەرقەرار بوو، بەرەی کوردستان لەسەردەشت و سەقزیش بەردەوام بوو، بەڵام زۆر زەحمەت بوو، راستە حکومەتی ئەو دەمی ئێران حکومەتی ئەمڕۆ نەبوو، حکومەتی دواتریش ئەوە نەبوو، بەڵام تەفەوقی هێز و زیادبوونی هێز و ئیمکانیات زۆر زیاتر بوو لەسنووری تەسەوری ئەودەمی ئێمەدا.

## فشاری سۆڤێت سەخت و سەنگین بوو

سەلاحەدینی موهتەدی: من پێشتر وەڵامم دایەوە، نەیدەتوانی زۆر رێکوپێک بێت، چونکە نێوانی ئاوات و ئارەزووە میللەیەکانی گەلی کورد کە کۆمەڵەی ژێکاف نوێنەرایەتی کردبوو، بەینی دەستوور و پەیرەو وپرۆگرامە تازەکەی حزبی دیموکرات کە سۆڤێت دیکتەی کردبوو ناکۆکی و ناهەمەئاهەنگی هەبوو، ئەو ناکۆکییەش لەسیاسەتەکانی ئێمەدا رەنگی دایەوە، بۆ نەموونە هەر دەوڵەتانی گەورە خۆیان بڕیاریاندابوو لەکۆنفرانسی یاڵتا کە شێوەی دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن بێت، هەر لەخوارەوە لەدەریای سپی ناوەڕاست لەیۆنانەوە بۆ تورکیا و لەتورکیاشەوە بۆ ئێران و بۆ ئەفغانستان دەرکەوتبوو کە ئەو ناوچانە ناوچەی ژێردەسەڵاتی رۆژئاوا دەبێ و دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهانی سۆڤێت ئەگەر لەبڕێکی ئەو شوێنانە هەیە دەبێ بکشێتەوە، بەڵام دەسەڵاتی سۆڤێت لەکوردستان وای لەرابەرانی کورد کرد کە ئەم حەقیقەتە لەبەرچاونەگرن و کۆمار دامەزرێنن بەدۆستایەتی سۆڤێت و بەپێدا هەڵگوتنی ستالین و بەستایشی چەکوشوداس کە بەپێی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەئیمزای خودی سۆڤێت زۆری پێناچێ ئەم وەزعە دەگۆڕێ. لەواقیعدا ئەم دووربینییە نەهاتە ناو ئێمە نەک لەبەر ئەوەی نەزاندرا، بەلای منەوە بەشێکی زۆری لەبەر ئەوە کە دەسەڵات نەبوو غەیری ئەوەی بکەیت. فشاری سۆڤێت سەخت و سەنگین بوو، ئەمە یەکەم و دووەمیش ئەوەبوو کە ناکۆکیەکە لەوەدا بوو نیزامی ئێرانی نیزامی پاشایی بوو، دەستووری ئێران دەستووری سەڵتەنەتی مەشروتە بوو کەچی ئێمە لەگۆشەیەکدا کۆمارمان ئیعلان کرد ودەشمانەویست

ڕێکیش کەوین گوایە بەگفتوگۆ مافەکەمان بدرێتێ ئەمانە ئەو شتانەبوون کە مرۆڤ تێیدەگات پێویستی بەوە هەبوو دووربینانەتر سەرکردایەتی سیاسی کورد مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەڵام بەشێکیشی دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی گۆڕانەکە لەکۆمەڵەی ژێکافەوە بۆ حزبی دیموکرات، تا کۆمەڵەی ژێکاف چالاکی دەکرد، لەسەرەتادا کەس پێی وانەبوو سەردەکەوێت خەڵکێکی خەباتکار فیداکاری کورد پەروەری نیشتمان پەروەر بە نهێنی هاتبوونە ناو حزبەکە و کاریان بۆ دەکرد، زۆر پیاوی گەورە و دەسەڵاتدار و سەرۆک عەشیرەت و مەلاو شێخ نەیاندەویست بەشداری بکەن، کارمەندانی کوردی حکومەتی ئێران بەشی زۆری ئەوانە خۆیان دوور رادەگرت، چونکە پێیان وابوو ئەوە ئەنجامی و ئاقیبەتێکی نابێ و هەر دەرووخێ و کاری بڕێک منداڵە وردکەی سەرڕووتە، بەڵام کە سۆڤێت هات و کۆماری کوردستان دامەزرا و پشتیوانی کرد، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە پێیان وابوو تازە کورد دەبێ بەدەوڵەت. ئەو خەڵکەی کە تا دوێنی خۆیان دوور رادەگرت لەخەباتی سیاسی و لە بەشداری و چالاکی پەلەقاژێیان بوو بۆ ئەوەی بێنە ناو حزب و دەوڵەتەوە و بێنە ناو هێزی پێشمەرگەوە و ببن بەخاوەن سەهەمێک لەم دەوڵەتە تازە دروستبووە، بۆیە تەرکیبی خەڵکەکە گۆڕا، لەتەرکیبی خەڵکی فیداکارەوە بوو بە تەرکیبێک کە راستە بەشێک لەو خەڵکە فیداکارە هەر لەگەڵی مانەوە، بەڵام بەشێکی زۆری خەڵکی هەڵمەتەکاسە و بێ بیروباوەڕ و فرسەت تەڵەبیش هاتنە ناو خەبات و تێکۆشانەکە و خۆیان پێوە هەڵپەسارد، زۆر و بۆڕێک هاتن و بە تەمای غەنائیمی ئەم دەسکەوتە تازەیە بوو کە قەرار وایە دروست ببێت و ئەوە سۆڤێت پشتیوانی لێ دەکات، نەتیجەکەی چی لێهات؟ نەتیجەکەی وای لێهات کە وەختێک دەوڵەتی ئێران لەشکری کێشا و هات کوردستان بگرێتەوە، بەراستی هێزێک نەمابوو کە شایستەی ئەوەبێت بەرگریی بکات.

## سۆڤێت کوردی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار هێنا

***کەیوان ئازاد ئەنوەر:*** کە جەنگی جیهانی دووەم تەواوبوو سۆڤێت لەکوردستانی ئێراندا پێگەی هەبوو، چەندین سەربازگەی هەبوو، بەرژەوەندی هەبوو، ئەیزانێ قازی محەمەد کەسایەتییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی خوێندەواری چاکی ناوچەکەیە، هەوڵیدا ئیستغلالی بکات، ئەو کاتە سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستان بوو، و بە ئیعازی سۆڤێت ئەو حزبەی دامەزراندبوو. سۆڤێت ویستی ئیسغلالی ئەو کەسایەتییە بکات بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو کوردەکانی هەرێمی موکریان لەخۆی کۆبکاتەوە و لەژێر دەسەڵاتێکی سیاسی کوردیدا بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ. بۆیە سۆڤێت لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا پشتیوانی لەقازی محەمەد دەکات، بەڵام دەبینین کاتێ دەوڵەتی شای ئێران قەوام سەڵتەنە کە سەرۆکوەزیرانی ئەو دەمەی حکومەتەکەی محەمەد رەزا شای ئێرانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێ ئامادەیە لەپێناوی پێدانی ئیمتیازی لەسەدا پەنجای نەوتی باکووری ئێران بیدات بەحوکمەتی یەکێتی سۆڤێت و لەبەرانبەر ئەم دەسکەوتەیشدا حکومەتی سۆڤێت واز لەپشتیوانی قازی محەمەد دەهێنێ. بەهەمان شێوەیش لەدوای جەنگی جیهانی دووەم فەیسەڵی کوڕی حوسێن ئیمتیازێکی زیاتری دا بەئینگلیز، ئینگلیزیش لەبەرانبەردا وازی لەشێخ مەحمود هێنا، هەمان ئەو ئەزموونە لەمهاباد دووبارە دەبێتەوە، لەو قۆناغە مێژووییەدا نەکۆمەڵی کوردەواری و نەسەرکردایەتی کوردی لەئاستی ئەو رووداوە نەبوون، تا رووداوەکان تاوتوێ بکەن و بیخوێننەوە، قازی محەمەد تا ئەو ساتەی کۆماری مهاباد بەرەو رووخان دەڕوات و دەچێت بۆ پێشوازی کردنی سوپای ئێران لەنزیک میاندوواو و سەرۆک کۆماری و فەرماندەی هێزەکانی ئێران لەبەری خۆرئاوای ئێران دەهێنێتەوە شاری مهاباد و دواتر بەفەرمانێکی شاهانە دەستگیر دەکرێ و دوایی لەسێدارە دەدرێ تا ئەو ساتەیش پێی وابووە یەکێتی سۆڤێت پشتیوانی دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە سۆڤێت بۆ بەرژەوەندییەکی دیاری کراو قازی محەمەدی بەکار هێنا و بۆ خۆی.

***سەڵاحەدینی موهتەدی:*** من لەپێشدا بۆم باسکردی زۆرکەس پێی وایە پێویست بوو پێشەوایش بچێتە دەرەوە و بچێتە شاخ و کێو تا ئەو جێگایەی ئیمکان هەیە بەرگریی بکات، بەلای منەوە ئێستا دوای چەندەها ساڵ، نزیکی شەست ساڵە، ئەگەر ئاوڕێک لەرابردوو بدەمەوە، راستە بۆ هەموو میللەتێک بەرنگاری و خۆڕاگری شانازییە، بەڵام گەورەترین شانازیش بۆ رابەری سیاسی ئەوەیە بزانێ کەمترین زیان لەچیدایە، کەمترین خەسارەت لەکوێدایە. ئەگەر بەرنگاریی بکردایە، بێگومان بەرەنگاری رێگای رەسەنی خەباتی میللەتانە و ئێمەیش دەبوو بیکەین، بەڵام من پێموایە چوار پێنج ساڵەی حوکمی رابردوو، نارەزابوونی هەندێک کەس، تێکەڵبوونی هێزێکی گەورەی عەشایەری کە وەفادار نەبوون، هەندێکیان ناپاکیان کرد، کەمبوونی ژمارەی پێشمەرگە، هەموو ئەوانە زەمینەیەکی خۆشکردبوو بەلای منەوە قازی محەمەد بڕیارێکی حەکیمانەی دا. مقاوەمەت نەدەکرا واتە بەرگریی هەر لەسەرەتاوە روون بوو ناگاتە هیچ کوێ. بەڵێن درابوو شاری سابڵاخ بکرێت بەپایتەخت بۆ فەرمانداریيەکی کورد کە موکریان دەگرێتەوە، بێجگە لەموکریانی ئەسڵی، بانە و تەنانەت تا مەریوانیشی لەگەڵ بێت، ئەوە بەمەرجێک بێت کورد بەرگریی نەکات و بچێتە شاخ، لەراستیدا ئەم بەڵێنە بایە یان نەبایبە تازە کاریگەریی نەبوو. من خۆم وەکو شەخس ئەگەر قەزاوەت بکەم لەسەر پێشەوا بەلای منەوە بڕیارێکی حەکیمانەی دا، مرۆڤ دوای شەست ساڵ بەو ئەنجامە دەگات هەمیشە شەڕ باشترین رێگا نییە، شەهیدبوونیش مەرج نییە لەبەرەی شەڕدا پێکبێت، قازی محەمەد لە بەرەی گفتوگۆی رێکەوتندا شەهید بوو، شانازییەکەی هیچی کەمتر نییە لەوەی کە لەشەڕ دا شەهید بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەوا سیاسەتی لەگەڵ ئەمری واقیعدا کرد

**حەسەنی شەرەفی:** بەبڕوای من قازی محەمەد وەکو هەموو ڕێبەرێکی بزوتنەوەی ئازادی خوازی حکومەتێکی دامەزراندووە و گەلێکی رزگارکردووە، حەزدەکات بەرگریی بکات ئەگەر بزوتنەوەکەی بکەوێتە بەرهێرش. ویستویەتی بەرگریش بکات و ئەو کۆمارە بمێنێ و بیپارێزێ، بەڵام ئەو لەنێوان پێخۆشبوونی خۆی و ئەمری واقیعدا دەبوو سیاسەت لەگەڵ ئەمری واقیعدا بکات. ئەمری واقیع ئەوە بوو کە گوتم هێزێکی وەها رێکخراوی نەبوو کەبتوانێ بەرگریی لەکۆماری کوردستان بکات. تەرکیز زۆرتر لەسەر هێزی عەشایەری بوو، عەشایەریش لەبنەوە بەشێکی جرتوفرتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەبوو، لەنێو خۆیاندا جیاوازیان هەبوو، ئەگەر تا ئێستا وجودی پێشەوا و نفوزی پێشەوا ئەوانی یەکگرتوو کردبوو بەپشتیوانی لەکۆمار هێنابوونییە مەیدان، هەواڵی هاتنەوەی ئەرتەش وهێرشی ئەوان دۆخێکی وەهای لەنێو عەشایەردا پێکهێنا کە بەرگریی نەکەن، بەرەبەرە بەرەو حکومەتی مەرکەزی بچێ، کەوابوو پێشەوا لە پێشدا بە وردبینی خۆی دەیزانی کە هێزێکی وەها لەبەرانبەر هێزی دەوڵەتی ناوەندیدا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەرگریی بکات هێزێکی وەهای لەدەوروبەری خۆی نەدەبینی، ئەگەرچی بارزانییەکان فیداکاریان کرد و وەفاداریشیان نیشاندا، بەڵام ئەوە بەس نبوو بۆ ئەوەی هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی کۆماردابوو، بتوانن بیپارێزن، چەک و تفەنگیش بەدەستهێنانی لەدنیای ئەو سەردەمی ئەگەر دۆستێکی راستەوخۆت نەبوایە کێشەبوو، لەوبارەیەوە ئومێدێکی بە بەرگرییەکی نێوخۆیی نەبوو، بە یەکگرتوویەتی خەڵک بەتایبەتی عەشایەر لەگەڵ کۆماری کوردستان و پاراستنی نەبوو، قازی محەمەد بەنیسبەت کۆمارو کوردایەتی هەر ئیحساسی نەبوو، بیری دووربینی و دوور روانینی و لەیەکدانەوەی جیهانیشی هەبوو، ئەو دەیزانی دۆخەکە چۆنە، دەیزانی سۆڤیەت ناچارە ئەو ناوچانە بەجێبهێڵێ و دەشیزانی ئەو سەرچاوانەی کە لەئێران هەیە و ئەو مەوقعیەتە ئیستراتیجییەتە لەئێران هەیە دەبێ لە ئاسایشدابێ، بۆیە ئەوەی لێ حاڵی بوو پشتیوانی دەرەکیش کە هەیان بوو لەداهاتوودا نایان بێ، بۆیە ئومێدێکی زۆری بە بەرگریی کورد نەبوو لەبەرانبەر هێزی دەوڵەتی ناوەندی و پاراستنی کرمار. بەڵام بەو ئەنجامە گەیشتبوو، دەبوو چی بکات؟ دوو رێگای لەبەردەمدا بوو، بڕوات و بیسپێرێ بەوەی کە چی رووئەدا، یان بمێنێتەوە و رقوکینی حکومەتی ناوەندی بەسەرخۆیدا بڕێژێ و نەهێڵێ و بپەرژێتە سەر خەڵکە ئاساییەکە کوردستان. پێشەوا ئەو رێگایەی هەڵژارد پێی وابوو کە خۆی فیدابکات، بەڵام خەڵکەکەی تووشی موسیبەت و ماڵوێرانی نەکات. هەندێک دەڵێن ئەگەر رۆیشتبا باشتربوو، من دەڵێم شەڕاییتی موشابیهی قازی محەمەدیش هەبوو، شەراییتی موشابیهیش هاتە پێشێ بۆ ئەویش هەبوو وەکو حکومەتی میللی ئازربایجان هەمان شەڕاییت بۆ پیشەوەریش هاتە پێش، بەڵام پیشەوەری رۆیشت و قازی محەمەد

مایەوە، باشە ئەگەر رۆیشتن باش بوایە دەبوو وەزعی حکومەتی ئازربایجان لەداهاتوودا و لەپاش رووخانیدا وەزعی ژیان و گوزەران و داهاتووی پیشەوەری بەجۆرێکی دیکەی وەکو قازی محەمەدی بوایە. بەڵام بینیمان پیشەوەری چووە سۆڤیێت و لەوێ بەشێوەیەکی گوماناوی سەری تێداچوو، حکومەتی ئازربایجانیش چارەنووسێکی باشتری لەکۆماری کوردستان نەبوو، کوشتارێکی زۆرکرا لەماوەی چەند رۆژێکدا بەهەزاران کەس لەئازربایجان تیاچوون، بەڵام لەکوردستان ئەو کوشتارە کەمتر بوو لەبەر ئەوە رق و کینەی حکومەتی ناوەندی موتەمەرکزبوو لەسەر پێشەوا، هەبوو لەسەرکردە و فەرماندەکانی کۆماریش چووبوونە وڵاتانی دیکە، هەبوو بۆ عیراق چووبوو، لەوێش شتێکی باشتر نەبوو. بۆیە من پێم وایە قازی محەمەد ئەگەر بێین وەزعەکەی راست تەحلیل بکەین بەمعیاری ئەو رۆژگارە، یەکەم هێزی دەرەوەی پشتیوانی نەبوو، لەنێوخۆشدا هێزێکی بەتوانای رێکخراوی کە بتوانێ بەرگریی لەکۆمار بکات بەدی نەدەکرد، لە ئاکامدا بەو ئەنجامە گەیشت بڕوا یان بمێنێ، مانەوەکەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی قینەکە بەسەرخۆیدا برێژێ و خەڵکەکە تارادەیەک کەمتر تووشی ماڵوێرانی ببێ دەقیقەن هەرواش بوو، ئازربایجان کوشتاری زۆری بوو، نەتیجەی حکومەتی میللی ئازربایجان بەهەمان شێوە چارەنووسی کۆماری کوردستانی هەبوو، بەڵام لەکۆماری کوردستان کوشتارێکی کەمتر هەبوو، سەرانی کۆمار زیاترگیران، بەشێکیان گیران و پاشتر ئازاد کران، بەشێکیان ئیعدام کران، پێشەوا خۆی فیداکرد، ئەو بەڵێنەی بردەسەر خۆی لەرێگای کۆمار و خەڵکی کوردستاندا فیداکرد.

## لەداروبەرد بەگومان بوون

**جەلیل گادانی:** دوای ئەوە کە تاریخ نیشانیدا بەرگریی زەحمەتە، هێزێک نییە پشتیوانیمان لێ بکات، پێشەوا بەقولێک چووەتە حەمامیان، یان بەقولێک چووەتە میاندواو و لەوێ سەرلشکر هومایون فەرماندەی بەرزی هێزەکانی رژێمی پاشایەتی بینیوە و قسەیان کردووە، بەو مەرجە قبوڵی کردووە شەڕ نەیەتە کوردستان، بۆ؟ لەگەڵ ئەوەی کە مقاوەمەت بێت تەجرەبەی ئازربایجانیش هەبوو، رەنگە کەم کەس بیستبێتی، لەپاشەکشێی ئازربایجان پانزە هەزار کەس لەشەڕی ناوخۆییدا کوژران، کە پیشەوەری هەڵهات و چووە سۆڤیێت، و دوایی سەری تێداچوو، کە بە بڕوای من بە پیلان تێداچووە، لەوانە بوو پیلانێکی ئاوهاش بۆ پێشەوا لەگۆڕێدابێ، ئەگەر رۆیشتبایە، هەروەک مەلا مستەفایان دوورنەکردەوە لەسۆڤیێت، ئەوەش مەسائیلێک بوو، پێشەوا دووربین بوو، واحازربوو لەهەمان کاتدا کە لیی یەقین بووە، وەختێ مەلا مستەفا دەعوەتی دەکات لەگەڵی بچێ، ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە، هەتا لە زینداندا پەیامی بۆ ناردووە کە دەتوانین لە زیندانیش رزگاری بکەین، بەڵام پێشەوا رازی

نەبووە، پێشەوا بە قبوڵی ئەو مەسئولیەتە و ئەو پاشەکشێیە، لەواقیعدا بەرگریی لە خوێنرێژی ناو کوردستان کرد، نائێم بەقەدەر ئازربایجان، بەڵام لەوانەیە بەهەزاران کەس لەکوردستانیش لەگیانی یەکتری بەربن، پێشەوا بەو کارەی بەرگریی کرد، ئەوە بەنەزەری من زۆر گرنگە، دەشیزانی دەیکوژن، ئیعدامی دەکەن، بەڵام بە فیداکارییەوە، لە دوا رۆژەکاندا دەڵێت « من هی ئەم میللەتەم و دەبێ لەناو ئەم میللەتەشدا بم، چیشم بەسەردێ گرنگ نییە.» بۆیە دوای ئەوەی کە ئەرتەش هاتەوە، ئەرتەش چۆن هاتەوە؟ باوەڕت بێ لەداروبەرد بەگومان بوون، من ئەوە شاهیدی عەیانم بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەرتەش ماوەیەکی چەندین سەعاتی لە میاندواو ڕا بۆ مهاباد، سێ چارەکە، بەماوەی سێ سەعات هات، چون لەداروبەردی مهاباد بەگومان بوو، چەند فرۆکەی ئیکتشافی لەدەوروبەری مهاباد چەند سەعات گڕان هەتا نزیک دەبوونەوە و بن بەردەکانی قوڵقولا یان سەیر دەکرد، بن بەردەکانی خەزایی و کانی شێخانیان سەیردەکرد، بزانن ئایا هێزی بەرگریی لەوێدا نەبێ و واردی شاربن، بڕیاریش نەبووە خەڵک بگرن و خەڵک بکوژن.

***سەلاحەدینی موهتەدی:*** قازی محەمەد ئەوەندەی من بەرچاوم کەوتبێت، لە وتەکانیدا دەڵێت بڕیارنەبوو وای لێبێت، ئێوە بەڵێنەکەتان وانەبوو. لەراستیشدا فەرماندەی ئێران و سەرلەشکر هومایۆن کە لەخەتی سنە و سەقزەوە هات بەرەو بۆکان و مهاباد قسە و گفتوگۆی هەبوو لەگەڵ پێشەوا بەتایبەتی لەرێگای سەدری قازییەوە و هەربۆیە قازی محەمەد و حاجی بابەشێخی سەرۆک وەزیران هاتن و تا بۆکان و شەوەکەی لە حەمامیان بوون لەگەڵ سەرلەشکر هومایۆنی لەدیوەخانی حەمامیان بوون کە رادیۆی تاران رایگەیاند گوتی »قازی محەمەد و دارودەستەکەی دەستگیرکرا.» لەوێ ئەوان ئیعتیرازیان گرت کوا ئێمە دەستگیرکراوین؟ ئێمە خۆمان بەرەزامەندی خۆمان هاتووین بۆ ئەوەی شەڕ نەبێ و کوشتار نەبێ، وڵاتەکە تەسلیمی دەوڵەتی ئێران بکەینەوە. سەرلەشکر هومایۆنی وەکو بیستراوە و من بیستوومە هەر گرتی و رادیۆکەی فڕێدا و گوتی »بۆ ئەوانە چاکتر دەزانن کابرایەک لە تارانەوە بە مەیلی خۆی قسە دەکات یان من کە فەرماندەم؟. من بەڵێنم داوە و ئێوە دڵنیابن.» ئێ ئەوە نیشانەی ئەوە بوو هەر ئەوکاتە درۆیان لەگەڵ دەکرد، من پێموایە قازی محەمەد هەموو مێژووی ژیانی دەری خست دوو سیفەتی تێدابوو، یەکێکیان ئەوە بوو پیاوێکی عاقڵ بوو لە رووداوەکاندا و دووەم ئەوەبوو پیاوێکی ئازا و بە جەرگ بوو، من پێموایە هەموو ئەم پرۆسەی خۆبەدەستەوەدانە بەر لەوە قەناعەت بێت ناچاری بوو، بەو بۆچوونە گەیشتبوو ئەمە کەم ترسناکترین و بێ زیانترین رێگایە، ئەگەر راستیان کرد ئەوە باشتر. خۆ ئەگەر درۆشیان کرد ئەوە خۆی شەهید دەبێ و چەند کەسێکی لەگەڵ شەهید دەبێ و زیان و مەترسییەکەی بۆ میللەت کەمترە، من پێم وایە مێژوو ئەم دەوری شەهیدبوونەی قازی محەمەد بەکەمتر نانووسێ لەهیچ کام لەشەهیدر بوونی سەرکردەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەمان.

## قازی محەمەد بەرگریی بکردایە باشتر دەبوو

***کەیوان ئازاد ئەنوەر:*** باسی بەرگریی دەکەین، شتێک هەیە لەیادمان نەچێ، قازی محەمەد راستە سەرۆکی کۆماری مهابادبوو، راستە تاکە سەرکردەی سیاسی کوردە لەو قۆناغەدا کە بڕیاردەری کۆماری مهابادە، بێگومان دەوروبەری قازی محەمەد هەمووی خوێندەوار نەبووە، هەموویان مرۆڤی تێکۆشەر و سیاسی نین، راستە چەندین هۆز و کەسایەتی ناسراوی لەدەور بووە مەلامستەفا و حەمە رەشیدخانی بانە هاتوون و پشتگیرییەکی مەعنەوی و سیاسی و سەربازین بۆ کۆماری مهابادن، چەندین هۆز لەهۆزەکانی کوردستانی ئێران، شکاک و مەنگوڕ و فەیزوڵڵا بەگی و چەندین هۆزی تر هاتوون و پشتیوانییەکی گەورە بوون لەکۆماری مهاباد، بەڵام لە پاڵ ئەمانەشدا خەڵکانێک هەبوون ناپاکیان کردووە، بۆ نموونە من ئەگەر بێم ئاماژە بەهەندێکیان بکەم کە ناپاکیان لەقازی و کۆمارکردووە و ژێر بەژێر پەیوەندیان بە شای ئێرانەوە هەبووە، یەکێک لە ژەنەراڵەکانی ئەو کات کە لە سەرکردەکانی شکاک بووە و پلەی ژەنەراڵی پێدراوە، بەڵام لەماوەی تەمەنی کۆماری مهاباد دا حەڤدە کاغەزی بۆ شای ئێران ناردووە و گوتویەتی من دڵسۆزی شای ئێرانم و لەگەڵ قازی محەمەد دا نیم، بۆ نموونە عەلی خان لەگەڵ قازی محەمەد دا چووەتە باکۆ و سەرانی ئازربایجانی لەباکۆ بینیوە کە هاتوەتەوە بۆ مهاباد هەموو تەفاسیلی چوونەکەیانی کردووە بەراپۆرتێک و ناردوویەتی بۆ شا. بۆ نموونە قەرەنیر ئاغا، رەشید هەرکی، نوری بەگی بەگزادە و دەیان کەسایەتی دیکە ناپاکیان لەقازی محەمەد کردووە، پێیان وابووە قازی محەمەد لەو قۆناغە مێژووییەدا هەڵەبووە کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێتدابووە، دەسەڵاتێکی سیاسی چەپی دواکەوتووە بەرژەوەندی کوردی ناوێت، بۆیە ئەیانەوێت ئەو هەلەبقۆزنەوە کوردی ئێران لە رووخان رزگاربکەن و بیخەنەوە پاڵ محەمەد رەزا شا و بچنەوە بۆ باوەشی ئێران. بۆیە کاتێ ئەو سەرۆک هۆزانە لەقازی محەمەد هەڵدەگەڕێنەوە. ئەمەیش بەتەبیعەتی حاڵ دەبێت بەجۆرێک لە پەرتەوازەیی لەناو یەکێتی ریزەکانی کۆماری مهاباد دا. زۆرێک لەم نامانەی کە فڵان جوتیار و فیسارە کەسایەتی نامەی بۆ شا ناردووە قازی محەمەد بەمانەی زانیوە، بەڵام ئیجرائاتی نەکردووە، چونکە کاتی ئیجرائات کردن نەبووە، پێی وابووە دەبێ بارودۆخی کۆماری مهاباد دەبێ رابگیرێ و پێشی وابووە یەکێتی سۆڤیێت تا دواچرکە پشتیوانی لێدەکات و لەو مەرگەساتە رزگاری دەکات بۆیە دەبینین بەرگریی ناکات، واتە پێی وایە سۆڤیێت لەژێر فشارێکدا داوا لەحکومەتی شای ئێران دەکات ئیعدامی نەکات، بۆیە سەرئەنجام بڕیاری بەرگریی کردن نادات. بەڵام من پێم وایە وەکو بۆچوونی خۆم قازی محەمەد بەرگریی بکردایە زۆر زۆر

باشتر بوو.

دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران بەوداوایانە رازی نابن کە گەلی کورد لەو سەردەمەدا داوای دەکات و دوای لەخشتەبردنی کۆماری مهاباد و دەستگیرکردنی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەدادگایەکی ناشەرعیدا وەکو سەرکردەیەکی مێژوویی ئیعدام دەکرێ و سەربەرزی و جوامێریی بۆ خۆی تۆماردەکات.

***جەلیل گادانی:*** چەند رۆژێک دوای هاتنەوەی ئەرتەش وڵات ئارامە، جارێ گرتن لەگۆڕێدانییە، یەک شت عەرزبکەم لە پێشبینییەکانی قازی هەتا لەو وەختەدا ئەرتەش دێتەوە، ئەویش ئەوە بوو، چلو هەشت سەعات تەواوی مەدارکی حزبی سووتێنرا، پیاوی دەوێ پێشبینی وابکات بەدەگمەن کاغەزێک وەدەستکەوت، هەم لەکاری نیزامی و پێشمەرگە، هەم لەکاری سیاسی و تەشکیلاتی حزبی، کەوابوو ئیتلاعاتێک بەو شێوەیە نییە، دەبێ ئیتلاعات لەکێ وەربگرێ، دەبێ لە مەسئولینی حزبی و حکومەتی کوردستان وەریبگرێ، سەرکردەکانیان کۆکردنەوە لەشەهرەداری مهاباد کە وەختی خۆی بارەگای کاری پێشەوابوو، پێشەوا لەوێ دادەنیشت، دەعوەتیان کردن و لەو دەعوەتەدا گفتوگۆیەکی دورودرێژی سەعید خانی هومایۆنی »دەفتەری پێشەواشم بەدەست کەوتووە لە ئیمەیلێک لە ئەنتەرنێت وەرمگرتووە، بۆم هاتووە لەدەرەوە را.» سەرکردەکانی کۆمار بانگ دەکەن هەندێک بە باسی فڵانی و فیساری تێپەڕی دەکەن، باسی چەک وەرگرتنەوە و ئەو شتانە دەکرێ، بەڵام بەخەڵک رادەگەیەنن ئەوەی کە هەیبێ بیداتەوە. ئەو شەوە وادەگوزەرێ، وادیارە چاوەڕوانی دەستووری مەرکەز بوون، بۆ رۆژی دووەم کە کۆدەبنەوە تا درەنگانێک دەکێشێ، دوای نوێژی شێوان پێشەوا و حەمە حوسێن خان بەجیا لەشوێنێک رادەگرن، باقی ئەوانی دیکەی کۆمار لەشوێنێکی دیکە رادەگرن، پاشان دەرکەوتووە ئەوانیان بردووەتە زیندانی شارەوانی، بەڵام پێش ئەوە حەمە حوسێن خان بەجیا رادەگرن لە مەرکەزی فەرمانداری نیزامی. هەر لەو رۆژانەدا دەستوور دراوە کە سەدری قازیش لەتاران بگرن و بەپەلە بینێرنەوە، سەدری قازیشیان بەپەلە گرت و هێنایانەوە، پاش گرتنی هەیئەتی وەزیران دەستیان کرد بەگرتنی خەڵکی دیکەش. لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٢٥ گرتیانن. گرتنەکە بەرفراوان بوو، هەندێکیان بەرێکران بۆ ورمێ، هەندێکیان بەرێکران بۆ تەورێز. دادگای یەکەمی پێشەوا و ئەوان لە ١٩ی مانگی ژانۆی ١٩٤٧کە دەبێتە رێبەندان دەست پێدەکات، دادگایەکی بەستراو، تەنانەت وەکیلیش حکومەت گرتوبووی، رەنگە حکومەت پارەیەکی زۆر کەمی بداتێ، بەڵام دەبێ پێشی بڵێ کە چ دەڵێ، واتە تابعی نەزەری حکومەتەکەیەتی، دادگاکە لەو پەڕی بێ عەدالەتیدا بووە، بەڵام لەحەقیقەتدا لەهەندێک مەرحەلەدا لەو پەڕی ئازایەتیدا، چەندجار پێشەوا ئیعتیراز لەقسەکانیان دەکات. دادگای دووەم لەئاخرییەکانی مانگی رەشەمێدا بووە،

تەقریبەن لەدەوری بیستی مانگی مارتی هەمان ساڵ بووە. ڕەشادەتی پێشەوا و هاوڕێکانی کە ئێستا کتێبۆکەیەکی لەسەر دەرچووە، ئەوەندە دلێرانە بەرگرییان کردووە، شەخسی پێشەوا هەموو مەسئولییەتەکانی لەشانی خۆی دەگرێ، دەڵێ هەرکارێکی ئەوانەیش کردوویانە هەر من لێی بەرپرسم. سەروان شەریفییەک هەبوو ماڵی پێشەوا ئەوەیان بەپوڵ گرتبوو دوایی ئیجازەیان دا کە بەپوڵ وەکیل بکرێ، سەروان شەریفی دوایی کچێکی مهابادیشی خواست، سەروان شەریفی بۆ مینا خانمی خێزانی پێشەوای گێڕاوەتەوە و ئەویش بۆ منی باس کردووە، دەڵێ سەروان شەریفی هاتووە و گوتویەتی نازانم کێ کێ محاکەمە دەکات، بەڵام ئەگەر لەمن دەپرسی ئەوە جەنابی قازییە دادگا دادگایی دەکات، دەڵێ ئەنگۆ تەجاوز بەحقوقی ئێمە کراوە، ئێمە کوردین و لەسەر خاکی خۆمانین و ئێوە هاتوون و تەعەدامان لێدەکەن، هەتا لەبڕگەیەکدا هەتا لەکتێبەکەشدا هاتووە یەکێ لە تۆمەتەکان هاتووە کە ئاڵای ئێرانی ئاوەژوو کردووەتەوە، دەڵێ ئەوە میللەت کردوویەتی، بەڵام ئەمن فکرم داوە، کە دێتە سەر مەلا مستەفا دەڵێ »تۆ بیانیت ڕێگەداوان بۆ خاکی ئێران.» دەڵێ »مەنزورتان کێیە؟» دەڵێ «ئەوە نییە بارزانیت هێناوە بۆ ئێرە بەخۆی و بەلەشکرییەوە.» دەڵێ» زۆرم پێ سەیرە مەلا مستەفا کوردە و خەڵکی کوردستانە و ئەم کوردستانە ماڵی خۆیەتی، ئەو لەبەشێک لە ماڵی خۆی هاتووەتە بەشێکی دیکەی ماڵی خۆی. مەلا مستەفا بەکوردستان بیانی نییە.».

***کەیوان ئازاد ئەنوەر:*** ئازابوو، دادگاکەی قازی محەمەد بەو پێیەی کە لەدەرباری شاوە فەرمانی بۆ دێت، دادگایەکی سەربازی بووە، دوانزە تۆمەت خراوەتە سەر قازی محەمەد، لەوانە ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە، خۆی بەسەرۆک کۆماری کوردستان ناساندووە و پلەی ژەنەراڵی دواوە بەچوار سەرکردە و چەندین عەجەمی دەرکردووە، هەموو ئەوانەی ڕەتکردووەتەوە و تەنیا سێ تۆمەت قبوڵ دەکەن، ئەوەیش ئەوە بوو گوتویەتی بۆ نموونە میللەتێک بۆچی ئاڵای نەبێ، بۆ ئێران هەیەتی بۆ کورد نەیبێت؟ من کە سەرۆک کۆمارم بۆچی مافی ئەوەم نەبێ پلەی ژەنەراڵ بدەم بەسەرکردەکانی خۆم، بۆچی مافی ئەوەم نەبێ هێزی پێشمەرگە دانێم و قوتابخانەی کوردی بکەمەوە و خەڵک بەکوردی قسەبکەن و بخوێننەوە؟ ئەمانەی گوتووە وگوتویەتی ئەمانە تۆمەت نین، من وەکو کەسێکی کورد ئەیکەم و تۆیش وەکو فارس ئەگەر ژێردەستە بوویتایە ئەتکرد. ئەتوانم بڵێم لەوەشدا دیسانەوە بوێری پێوە دیاربووە.

***جەلیل گادانی:*** دادگاکە لەو پەڕی بێ عەدالەتیدا، لە نهێنی موتڵەقدا بەڕێوەچووە، لە ئێوارەی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوە ١٣٢٦ی هەتاوی لەپێشدا پێشەوا قازی و بەدوایدا حەمە حوسێن خان، و پاشان سەدری قازی دێنن،

هەر بۆ ئەو ساختومانەی کە پێشەوا وەختی خۆی حوکمی تێدا کردووە و ئێستایش ئەو ساختمانە هەر ماوە و شارەوانی مهابادە، لە پێشدا پێشەوا دێنن و وەسێتی پێدەکەن و دەیبەنە پای دار، دەیانەوێت چاوی ببەستن، دەفەرمێ ئەمن شەرمەزاری میللەتەکەم نیم نابێ چاوم ببەستن دەمەوێت لەدواساتەکاندا سەیری کوردستان بکەم. ئەویش شاهیدی عەینی دەڵێ. دوای ئەو حەمە حوسێن خان دێنن، لەبەر ئەوەی زۆر هەیکەلی بوو پەتی سێدارەکەی دەپسێ، دەڵێن لە هەموو یاسایەکدا ئەوەی پەتەکەی دەپسێ حەق نییە ئیعدامی بکەن، بەڵام جارێکی دیکە لەو دارەی کە بۆ سەدری قازیان ئامادەکردووە، لەو دارەیدا ئیعدامی دەکەن. بەدوای ئەودا سەدریش ئیعدام دەکەن. رۆژ رووناکببووەوە، من وەکو تاڵترین بیرەوەری خۆم. خانمێک هەبوو ئاویان بۆ دێنایین، ئەودەم دەچوونە چۆمی گەڕەکی ئێمە ئاویان دەهێنا کە گەڕایەوە من بەخەبەر بووم خەریک بوو هەستم و هەڵنەسم گوێم لێ بوو لەدیوەکەی تر بەدایکمی گوت پێشەوا و ئەوانیان ئیعدام کردووە کە وایگووت من زۆر نارەحەت بووم، برای گەورەتر لەخۆم کاک خەلیل لە پەنام بوو هەڵمساند و گوتم هەڵسە و بەپەلە هاتینە کۆڵان زۆربەی سەری کوچەکان گیرابوو، دەرچوون سەرخت بوو، بەڵام لەوانیە نزیکی دووسەد بۆ سێ سەد کەسێک بووبین، بەهەر حاڵێک بوو خۆمان گەیاندێ کە دیتمان پێشەوا و ئەوان هەڵواسراون، بەڵام دەتوانم بڵێم هەر لەوێ هەندێک لاو بڕیاریاندا کە رێگەکا بەرنەدەن و بەراستیش بەریاننەدا و تا ئێستا درێژەی هەیە.

ئاکامەکانی کۆماری مهاباد بەهۆی ئەو بارودۆخە نێوخۆیی و جیهانییەوە گەیشتە بنبەست و بەشەهیدبوونی پێشەوا قازی و هاوڕێکانی نموونەیەکی دیکەی فیداکاری و خۆڕاگری چووە سەر خەرمانی هەموو ئەو قوربانییانەی بەدرێژایی مێژوو پێشکەش دەکرێت. دەکرێت هەموو ئەوانە بکرێنە وانە و پەندی گەورە.

## دەبێ وریابین دەوڵەتی ناوەندی بەقسە فریومان نەدا

***سەڵاحەدینی موهتەدی:*** تا چ رادەیەک ئێمە ئەم تافکەوتنەی کوردستانی ئێران لەبەرچاو دەگرین و جارێکی دیکە لێرە ئاوا بە تاقو تەنیا نەکەوینەوە، کوردستانی عێراق تەنیا پشت ئەستوور نەبێ بەخۆی، بەڵکو بزانێ کە کوردستانەکانی دیکە عومقی ئیستراتیجین بۆ کوردستانی عیراق و بۆ ئەم فیدرالییەتە لەبەر ئەوە یارمەتیدان و پشتیوانی کردنی بەکوردستانەکانی دیکە گەورەترین دەرسێکە کە دەبێ نەسڵی ئەم کوردستانی عیراق لەسایەی فیدراڵییەوە وەریبگرێ و ئەم هەڵەیە نەکەین کە دوای کۆمەڵەی ژێکاف کۆماری کوردستان کردی و بە تەنیا مایەوە لەنێو پارچەکانی دیکەی کوردستان، هەڵە لەگەڵ دیپلۆماسی بەینەل مەلەلی، کۆماری کوردستان زۆری پشت بەست

بە یەکێتی سۆڤێت، بەڵام لە راستیدا یەکێتی سۆڤێت کەمی وەعدە دابوو بەکورد، هیچ وەعدێکی نووسراو و فەرمی بە کورد نەدرابوو لەلایەن دەوڵەتی سۆڤێتەوە، ئەمەیش وانەی دووەمە بۆ ئێمە لێرە، بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان زۆرن و لە ئێمە گەورەترن و کار وچالاکی ئەوانیش لەتوانای ئیرادەی ئێمە بەدەرە، چۆن ئێمە کارێکی وابکەین بەرژەوەندی خۆمان لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان وەها رێکبخەین کە بەرژەوەندیان بێت لەسەرمان بکەنەوە، چونکە دەوڵەتە گەورەکان رۆژێک لە مەسڵەحەتیان نەبوو لەسەرمان ناکەنەوە، پشتمان تێدەکەن، بۆیە سیاسەتمەداری گەورە و عاقڵ کەسێکە کە ستراتیژی نەتەوەیی وەها دیاری بکات و بیخاتەسەر رێبازێک کەلەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بگونجێ و ببێتە هاوتەریب، ئەم هاوتەریبییەش گەرنتی ئەوە بێ ئێمە لەدوا رۆژدار تەرک نەکرێین و پشتمان تێنەکرێت. سێیەمیان ناکۆکی ناوخۆیە وانەیەکی دیکە کە ئێمە لەکۆماری کوردستان وەریدەگرین ئەوەیە بەداخەوە دوای تەحولاتی ناوخۆ لەکوردستانی ئێراندا سەردەمی کۆماری و بڕێکیش دوای کۆماری ناکۆکی زیادی کرد لەناو ریزەکانی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێراندا، دەبێ ئێمە نەهێڵین ئەم ناکۆکییە وامان لێبکات تووشی دووبەرکیمان بکات، قۆناغێکی گرنگ و هەستیارە بەهاوکاری هەموو گەلی کورد لەکوردستانی عیراق دەکرێ کە ئێستا مافێک وەربگرین، چوارمیش ئەوەیە فریوی دەوڵەتی ناوەندی نەخۆین راستە ئێستا سەرۆک کۆمار بەپشتیوانی و پێداگرتنی ئێمە بووەتە سەرۆک کۆمارن سەرۆک وەزیران دێت و سەردانمان دەکات و بەڵێنی باش دەدات، بەڵام ئەوانە کاتین، خۆیان کاتین هەڵبژاردن دەکرێ، خەڵکی دیکە دێتە سەرکار، زۆرینە لەعیراق هەر بۆ عەرەبە، لەسەرەتادا نە سوپای عیراقی هەیە و نە ئیستخبارات هەیە، نە ئابووری بەهێز هەیە، لەوانەیە زۆر بەڵێنی گەورە بدرێت، من پێموایە یەکەم شت ئەوەیە کە ئێمە فریوی ئەو بەڵێنانە نەخۆین، هەشتا ساڵ پەیوەندی خۆمان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەبەرچاوبگرین چیمان بەسەر هاتووە و چیمان لەگەڵ کراوە، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم گەرنتییە پەیدا بکەین پێویستە دەستووری عیراقی هەموو مافەکانی گەلی کوردی تێدابێ و نەیهێڵینەوە بۆ دوارۆژ، دوا رۆژ بەقازانجی ئەوان دەبێ و بەزیانی ئێمە دەشکێتەوە. بۆیە دەبێ وریابین دەوڵەتی ناوەندی بەقسە فریومان نەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی کانوونی دووەم (جانێوێری) ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆماری کوردستان و ناسینی کۆمەڵگەی کوردەواری



جەماڵ فەتحی

کۆمەڵناسیی سیاسی کە یەکێک لە لقەکان یان ژێرکۆمەڵی زانستە سیاسییەکانە، هەڵسووکەوتە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات و خوێندنەوەکانی ئەم زانستە زیاتر لەسەر کردەوە و تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکانە و بەگشتی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵات لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم زانستەیە.

هەرچەندە ئەم زانستە ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستوو دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکوو تێئۆرییەکی زانستی کەمتر لەبەرچاو گیراوە، هەتا ئەوەی کە لە سەدەی ١٩هەم بەملاوە کە زانستی سیاسی لەگەڵ بیر و هزری ڕێبازی "پۆزیتویزم" سەری هەڵدا دوابەدوای ئەم گۆڕانکارییە، زانستێک بە ناوی کۆمەڵناسیی سیاسی هاتە گۆڕێ کە نە کۆمەڵناسی بوو و نە سیاسەت، بەڵکوو پێوەندییەکانی ئەم دوو بەشە تاوتوێ دەکات.

زاناگەلێک وەکوو: "ئاگۆست کێنت، مارکس و ماکس وبێر و..." کە لە سەرەتا لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەت و ئابووری توێژینەوە و خوێندنەوەیان هەبووە، بەگشتی هەموویان لەسەر دوو بابەتی گرنگ واتە کۆمەڵگا و سیاسەت خوێندنەوەیەکی هاوبەشیان هەبووە، واتە هەر هەموو لەسەر ئەو باوەڕە بوون، کە سیاسەت زانستە و کۆمەڵگاش بە تێئۆری و زانستی سیاسییەوە بەڕێوە دەچێت؛ بۆیە هەر هەموویان لە سەر ئەساسی کۆمەڵگایەک کە تێدا ژیاون

سیاسەتیان شرۆڤە دەکرد.

بە دوور لە شرۆڤەی ئاکادمیانە و بەراوردکارانە، ٧٢ ساڵ پێش ئێستە پێشەوای کورد (قازی محەممەد) کە یەکێک لە بەرچاوترین و هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بووە، بە تێڕوانینێکی وردبینانەوە هەست بەوە دەکات، کە کۆمەڵگای کوردەواری و ئەو دەسەڵاتەی کە بە سەریدا زاڵ بووە، پێوەندییەکی گرژ لە نیوانیاندا قەوارەی گرتووە و ئەو پێوەندییە کە لەم بوارەدا دروست بووە، پێوەندییەکی ڕەوا و دڵخواز نییە، بەڵکوو بە هۆی گوشار و زەبری چەک و پارەی نەتەوەی باڵادەست بەدی هاتووە.

واتە ئەگەرچی پێشەوا لە باری مەودا و ڕەگەزییەوە لەو زانایانە دوور بووە و ڕەنگە لە بواری شێوەی جیهانبینیشەوە کەمترین نزیکایەتییەک لە نیوانیاندا ببیندرێت، بەڵام لە باری شێوە ڕوانینیان سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵگا و سیاسەت تێڕوانینکی نزیک و هاوشێوەیان هەیە.

ئەگەرچی زانایان و بیرمەندانێک وەکوو مارکس و ئاگۆست و... لە ناودڵی ئوورووپا کە هەزاران ساڵە خاوەن دەسەڵاتی خۆجێی خۆیانن، سەر هەڵدەدەن و تەنیا ڕێگای ڕزگاریی کۆمەڵگا لە دەست دیکتاتۆرەکانەوە، بە دەربازبوون لە قۆناغی ناپیشەیی بۆ قۆناغی پیشەیی دەزانن. ئەم بیرۆکە بەشێک لە تێڕوانین و مکانیزمەکانی پێشەوا قازی محەممەدیش بووە، بەڵام بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی کوردی و قورغ بوونی داهاتەکانی کۆمەڵگا لە دەست دەسەڵاتی خۆسەپێنی ناوەندەوە، دەربازبوون لە قۆناغی ناپیشەیی بۆ پیشەییەوە پێش هەموو شتێک بە مەرجی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و کیانی کوردی جێبەجێ دەکرا، بۆیە چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لە لای پێشەوا قازی محەممەد و کۆمارەوە پێشمەرجێک بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و گەشەسەندوو بووە.

ئەگەر بە باوەڕی مارکس، ڕزگاربوون لە دەست سەرمایەداری و دیکتاتۆرییەتی کۆمەڵگا بە شۆڕشی چینایەتی بە ئاکام دەگەیشت، بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای دواکەوتووی کوردستان بە قۆناغی پیشەیی نەگەیشتبوو و زیاترین داهاتی کوردستان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی سونەتی بوو، مکانیزمی ڕزگاربوون لە ڕوانگەی پێشەواوە جیاواز لەگەڵ مکانیزمەکەی مارکس و هاوبیرەکانی بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگایە لەگەڵ کۆمەڵگایەک وەکوو ئوورووپا کە شۆڕشێکی مەزن بە ناوی "شۆڕشی پیشەیی" تێدا کرابوو و چەندین قۆناغ لە پێش کوردستانی ئەو کات و ئێستەش بوون بەراورد نەدەکرا. بۆیە لە سەرەتا ڕزگار بوونی کۆمەڵگا لە ژێر دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری ناوەند و

پاشان ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگای نەریتی و ناپیشەیی کوردستانی دەخواست، چونکە مێشکی تاکی کورد بە هۆی ژێردەستە بوونی چەند هەزار ساڵە و فورمی خێڵەکیی بوونی کۆمەڵگاکەش بۆ ئەو مەبەستە ئامادە نەکرابوو و ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پشتیوانیی دەسەڵاتێک هەبوو، کە لە ناخی ئەو کۆمەڵگا ستەملێکراوە هەڵقولابێت و لەگەڵ دەرد و ڕەنجی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان ئاشنا و ناسراو بایە.

قازی محەممەد ئەگەرچی لە مێژوودا وەکوو ڕێبەرێکی قارەمان و یەکەم سەرکۆماری کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بە هۆی خوێندنەوەی قووڵی لە کۆمەڵگای خۆی و سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها دیاری کردنی جۆر و شێوازی حکوومەتی داهاتووی کوردستان لە فورمی حکوومەتێکی دێموکراتێکدا، دەکرێت بڵێین یەکێک لە زانا و پیتۆڵە بلیمەتەکانی سەردەم خۆی بووە، کە تێڕوانینییەکانی زۆر داهاتووبینانە و کراوە بووە، کە پاش ساڵانێکی زۆر هێشتا ڕێبازەکەی زیندوو و بەردەوامە و دەیان کەسایەتی بلیمەت و زانا وەکوو د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و هەزاران ڕووناکبیر و خوێندەواری نوێگەرای لە خۆ گرتووە و سیاسەتەکانی کۆمار و هەڵوێستە سیاسییەکانی پێشەواش هێشتا بۆیان کۆن نەبووە و ئەمەگناسانە درێژەدەری ڕێگاکەین.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



# هەفتاو دوو ساڵ پێش ئێستا



ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

حەفتاو دوو ساڵ لەمەو پێش لە رۆژی ٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٥ی کوردی بەرامبەر بە ٢٢ی جانێویری ١٩٤٦ی زایینی لە شاری مەهاباد یەکەم کۆماری کورد، واتە کۆماری کوردستان بە هۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیاندرا. دیارە لەسەر کۆماری کوردستان لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاند و وتاری زۆر نووسراون. هەر بۆیە پێویست بە دووپات کردنەوە ناکات. من لێرە دا دەگەڕیمەوە بۆ دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٦ لە چوارچرای شاری مەهاباد و سەرنج دەدینەوە بەشیک لە بەرێوەبردنی ڕێورەسمی دامەزرانی ئەم کۆمارە، تابزانین ئەم رۆژە مەزنە چۆن بەرێوە چووە.



سەر لە بەیانی رۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی مەهاباد هەوایەکی خۆش و لەباری هەبوو، خەڵکێکی

زۆر لە بەردەمی ئەو دوو شەقامە گەورەی شار کۆبوونەوە کە تێکەڵی چوارچرا دەبن هێزە نیزامیەکانی کۆمار ( کە دواتر بە هێزی پێشمەرگە ناودیر کران) ناوەندی چوارچرای دەپاراست، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبەر مەحکەمە چاوەڕوانی هاتنی جەنابی پێشەوا قازی محەممەدیان دەکرد.

جەنابی پێشەوا لەگەڵ حاجی باباشێخ و چەند گەورە پیاوی دیکە بە کۆڵانە لیژەکەی مەحکەمە دا شۆڕ بۆوە و کاتێک گەیشتە بەردەم پێشوازیکەران لەگەڵ ژنراڵ بارزانی و سەرۆک عەشیرەتەکانی ریزی پێشەوە دەستی دایەوە و پاشان بەرەو چوارچرا وەڕی کەوت.

بە نێزیک بوونەوەی پێشەوا قازی. دەنگی مارشی موزیک و سرودی میللی کوردستان و چەپلە ریزان و هۆرا و هەست و شەوق و زەوقی بێ وێنە ئاسمانی شاری داگرت.

بەر لەوەی پێشەوا قازی بچێتە سەر سەکۆی وتاران دان کە لە ناوەندی چوارچرا دامەزرا بوو. بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ڕاگەیاندرا بچن قورئان و نەخشەی و ئاڵای کوردستان بێنن.

پاشان سەرۆکی شارەوانی مەهاباد " غەنی خوسرەوی" بە پێی پرۆگرامی دیاری کراو، مێتینگی ڕاگەیاندیی کۆماری کوردستانی کردەوە و پیرۆزبایی لە پێشەوا قازی و نەتەوەی کورد کرد پێشەوا قازی محەممەد رێورەسمی سوێند خواردنی بە جێ هێنا و فەرمووی:



***ئەمن بە خودا بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد. بە ئاڵای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخرین هەناسەی ژیانم و رژانی دوایین تنۆکی خوێنم بە گیان و ماڵ لە رێی راگرتنی سەربەخۆیی و بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان دا تێ دەکۆشم و نیسبەت بە رەئیسیی جەمهووری کوردستان و یەکیەتی کورد و ئازەبایجان موتیع و وەفادار بم.***

**لەم کاتە دا کە چەپڵەلێدانی کۆمەڵانی بەشداری رێورەسمەکە شاری وەلەرزە خستبوو. دروشمی بژی کوردستان، بژی حیزبی دێموکرات، بژی پێشەوای کورد قازی دەگەیشتە ئاسمان.**



**چوارچرا و شەقامەکانی شار بە چراو ئاڵای کوردستان رازیندرابوونەوە، خەڵک بەرادەیەک شاد و بە کەیف بوون، کە مەهاباد لە هەموو ژیانی دا قەت رۆژێکی واخۆش و پڕ لە شادی و شادمانی بەخۆوە نەبینی بوو.**

**هیوای خەڵک پشکوتبوو، کەس بیری لە دوا رۆژ نەدەکردەوە، پێشەوا وشەیەکی رێک و بە ناوەرۆک بوو، کە خەڵکەکە لەو رۆژە دا خەلاتی قازیان کرد و بە دوای ئەو رۆژە دا بوو بە پێشگۆ پاشگوی ناوی قازی محەممەد.**

**پێشەوا قازی، لەسەر سەکۆی دروست کراو بە چێو لە چوارچرا دا کە هەم کۆماری کوردستانی لێ راگەیاند و هەم لە ریگای ئاواتی نەتەوەکەی دا سەری لێ دانایەوە وتاری مێژووی کۆمیتەی ناوەندی**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی خوێندەوە.

دەنگی پێشەوا کە وتارەوانیکی بە ناوبانگ بوو، ئێستاش لە گوێ ئەو کەسانە دا دەزرینگێ تەوە کە ئەو رۆژە لە جێژنی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا بەشدارییان کرد بوو.

بەڵێ رۆژی ٢ی ڕێبەندان خۆشتر و روونـاکترین رۆژانی مێژووی شەش هەزار ساڵەی نەتەوەی کورد بوو، شاری مەهاباد گەڵێک زیندو و دڵگەرم بوو، خەڵک بە کەیف و شاد بوون تەنانەت ئاسمانی وڵاتیش رووگەش بوو و لە گەڵ خەڵک شادی دەکرد.

مەل و باڵندەکانی سەردار و تلیی بەرقی شاریش چریکەی بەختەوریان لێدەهات و دەتگوت ئەوانیش بەو رواوە خۆشە دەزانن و جێژنەیانە، روخساری لاوان گەش و هەوای شار دڵرفین و عەتراوی بوو. دەتگوت شەماڵ بۆن و بەرامی قەندیل و سامرەندی بە دیاری بۆ شار هێناوە، مەهاباد رۆژانی وا خۆش و لەباری بە خۆوە نەدیبوو، چونکە دڵان هەموو پێکەوە و لە یەک سەرچاوە ئەویش لە عەشق و ئەوینی نیشتمان. عەشقی ئازادی و سەربەخۆیی، عەشقی پێشەوای خۆشەویست و حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرچاوەی دەکرت.

سەرچاوە: کتێبی حکوومەتی کوردستان نووسینی: نەوشیروان مستەفا ئەمین

# پانۆرامای مێژووی کۆماری کوردستان

## ٢ی ڕێبەندانی ساڵەکانی ١٣٢٥ - ١٣٢٤ (١٩٤٦ — ١٩٤٥)

ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێورەسمی ئاڵا هەڵکردن

١- ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بەبەشداری پێشەوا قازی محەممەد و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دەیان هەزار کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەسەر بانی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری مەهاباد هەڵکرا .

٢- ١٩ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٢٨ی سەرماوەزی ١٣٢٤) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە خوێندنەوی سرودی قوتابیانی کورد و ئەرمەنی و ئاسۆری و چەپڵە لێدان و شادی بەبەشداری بەرچاوی خەڵکدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شاری نەغەدە هەڵکرا.

٣- ٢٨ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٧ی بەفرانباری ١٣٢٤) کات ژمێر ٨ی بەیانی ڕێورەسمی هەڵکردنی ئاڵا بەبەشداری حاجی بابە شیخ و کۆمەڵانی بی وێنەی خەڵک بە خوێندنەوی سرود و موسیقا لەسەربانی قەڵای شاری بۆکان هەڵکرا.

٤- ٢٤ی دێسەمبەری ١٩٤٥ (٣ی بەفرانباری ١٣٢٤) کرانەوەی قوتابخانە بۆ فێرکردنی وتنەوەی وانە بە زمانی زکماکی کوردی و لە زمانی بیگانە کاندا تەنیا زمانی ڕووسی دەوترایەوە.

٥- ٢ی جانێوێری ١٩٤٦ (١٢ی بەفرانباری ١٣٢٤) کۆبوونەوەی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان و پەسند کردنی چەند بریاری گرنگ بۆ بە کوردی کردنی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستان.

## بەشیک لە ڕووداو و کار و تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستان

١- ٢٢ی جانێوێری ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) لە کۆبوونەوەیەکی پان و بەرین دا کە نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تێدا بەشدار بوون لە چوارچرای شاری مەهاباد بەرەسمی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- ٢٢ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کارێکی سەمبولێک کە بۆ یەکەم جار لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز (١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦) رویدا هەل کردنی ئاڵابوو کەلە ٢ی ڕێبەندان لە مەهاباد رەسمیەتی پێ درا و لە پاشان لە شارو گوندەکانی کوردستان دووپات کرایەوە.

٣- ٢٣ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بۆ نێشانداان و وەفاداری (بەیعەت) هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆک کۆمار پێشەوا قازی ڕێورەسمێکی بەشکوو لە شەقامی وەفایی لە مەهاباد بەرێوە چوو.

٤- ٢٣ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٣ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کۆبوونەوەی وەزارەتی هێزی پێشمەرکەی کوردستان بۆ ڕێکخستنی پێشمەرگە.

٥- ٢٤ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) ئاهەنگێک بۆ جیژنی سەربەخویی و ناساندنی سەرۆک کۆمار پێشەواقازی بۆ ئەفسەران و پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی دێموکراتی کوردستان لە پێشمەرگەخانەی هیزی دێموکراتی کوردستان.

٦- ٢٥ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) ئاهەنگی بەرپرسانی راگەیاندن بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان و ناساندنی پێشەوا قازی بە بەشدارانی ئەم رێورەسمە.

٧- ٢٦ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەرێوەچوونی رێورەسمێک بەبەشداری پێشەوا قازی لە لایەن ئەندامانی شیرکەتی تەرەقی کوردستان،و بەززازانی مەهاباد.

٨- ٢٦ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەرێوە بردنی جێژنێکی گەورە لە لایەن کەلیمی یەکانی شاری مەهاباد بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان.

٩- ٢٩ی جانیۆێری ١٩٤٦ (٩ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کات ژمێر ٢ی پاش نیوەرودا لە لایەن حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی جیژنیکی زور جوان بە شانازی پیشوای کوردستان گیرا پاش ووتاریکی زور لە لایەن سەید عەبدولعەزیز پیرۆزبایی بنەماڵەی نەهری خوێندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠- ١١ای فیورییەی ١٩٤٦ (٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) پێک هێنانی حکوومەتی کوردستان وهەیئەتی ڕەئیسەی میللی (کابینەی سەرۆک وەزیران) ئەو هەیئەتە لە ١٤ وەزیر پێک هاتبوو.

١١- ١٣ای فێبریویری ١٩٤٦ (٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بڵاو کردنەوەی دوو بڕیاری کۆمەڵایەتی ڕەئیسی هەئیەتی میللی کوردستان: ١- ڕەدو کەوتنی کچان و ژنان قەدەغەیە ٢- پرسەی مردو بە ئەمری شەرعی ئیسلام بێ.

١٢- ١٥ای فێبریویری ١٩٤٦ (٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) بەڕێوەچوونی ڕێورەسمیک بە بۆنەی جیژنی سەربەخویی و ناساندنی پێشەوای کوردستان لە گوندی بالانیش بەبەشداری گەلیک لە ئاغا و جوتیارو فەلاح دەوروبەری بالان و ورمی.

١٣- ٢٨ای فێبریویری ١٩٤٦ (٩ی ڕەشەمی ١٣٢٤) بانگهشتنی مەلا مستەفا بارزانی و پیشوازی فەرمی لەلایەن پێشەوا قازی بۆ شاری مەهاباد.

١٤- ای مارچی ١٩٤٦ (١٠ای ڕەشەمی ١٣٢٤) لەلایەن مامۆستایانی قوتابخانەی کچان کاتژمێر ٢ پاش نیوەرو لە سالونی ئیدارەی فەرهەنگ جێژنیکی زورجوان بە بۆنەی پێک هاتنی ئاواتی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد و ناساندنی پێشەوا و سەربەخویی کوردستان بەبەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی شاری مهاباد بەڕێوە چوو.

١٥- ١٥ای مارچی ١٩٤٦ (٢٤ی ڕەشەمی ١٣٢٤) دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

١٦- ٢٠ای مارچی ١٩٤٦ (٢٩ی ڕەشەمی ١٣٢٤) نامەی پێشەوا قازی معەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان بۆ سکرتێری گشتیی پارتیی کۆمۆنیستی ئازەربایجان میر جەعفەر باقرۆف.لەسەر هەل و مەرجی هێزەکانی دەوڵەتی ناوەندی ئیران.

١٧- مارچی ١٩٤٦ (خاکەلێوەی ١٣٢٥) بڵاوکردنەوەی گوڤاری کوردستان ژمارە ٣ کە گۆڤارێکی ئەدەبی، مێژوویی و کۆمەڵایەتی بوو (ژمارەکانی ١ و ٢ی ئەم گوڤارە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ - دێسامبری ١٩٤٥ بڵاو کرابوونەوە).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨- ٤ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٥) رێککەوتننامەیەک لەسەر چوونەدەر لەشکری سوور بە ئیمزای قەوام و سادچیکۆف بڵاو کرایەوە.

١٩- ٢١ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١ی بانەمەری ١٣٢٥) دامەزرانی دیوانی شەری هیزی دێموکرات, وپەسەند کردنی یاسای سەزادانی کەلە ٩ خاڵ پێک هاتبوو.

٢٠- ٢٣ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەن دوو هەیئەتی رەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا.

٢١- ٢٤ی ئاوریلی ١٩٤٦ (٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وەرێ کەوتنی ستوونێکی ئەرتەشی ئێران بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خواردن بۆ دوو پادگانی بانەو سەردەشت کە لە گوندی قاراوا لە گەڵ هیزەکانی بارزانی تووشی شەر بوون.

٢٢- ٢٥ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٥ی بانەمەری ١٣٢٥) پێشەوای قازی سەرۆک کۆماری کوردستان دەگەڵ سەرۆک وەزیر و باقی وەزیرانی ئازەربایجان و سەرانی فیرقەی دێمۆکرات چوونە شاە گۆلی و هێزی ئازەربایجانیان بەسەر کردەوە.

٢٣- ٢٧ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پەسند کردنی یاسای سەزادان بەرامبەر بە ئەمرییەی ژمارە ١٦٠٧ - ١.٢. ٢٥ ی کۆمیتەی مەرکەزی(حیزبی دێمۆکراتی کوردستان) دیوانی شەری هێزی دێمۆکراتی پێک هات .

٢٤- ٢٨ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥) سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوەری و قازی محەممەد بۆ تاران.

٢٥- ٢٩ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەری ١٣٢٥) کورتەی نوتقی پیشەوەری و پێشەوا لەکاتی سەفەر بۆ تاران لە فرۆکەخانەی تەورێز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٦- ٢٩ی ئەپریلی ١٩٤٦ (٩ی بانەمەری ١٣٢٥) هێرشی هێزی زەمینی و هەوای هێزەكانی ئێرانی بۆ سەر بنكەكانی هێزی پێشمەرگەی دێموكرات لە شاخی بیژنگ بەسەر،كەلی سەرا،وكیوی بالومان.ئاكامی ئەوشەرە بۆ بە هۆی تێك شكانی هیزەكانی دەوڵەتی.

٢٧- ٣٠ی ئەپریلی ١٩٤٦ (١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) بۆ یەكەم جار دەزگای رادیۆ كە پێیان دەگوت ئیستاسیۆنی رادیۆ لە ڕێ و رەسمی تایبەت دا بە وتاری پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد كرایەوە.

٢٨- ٢ی مای ١٩٤٦ (١٢ای بانەمەڕی ١٣٢٥) دوو نامەی ژنراڵ محەممەد رەشید خان، فەرماندەی هێزی بۆكان و ناوچە وبەرپرسی جەبهەی سەقز، لەسەر چونیەتی شەر وپیشنیارەكانی خۆی بۆ بەرپرچدانەوەی هێزی دۆژمن بۆ پێشەوا قازی..

٢٩- ٥ی مای ١٩٤٦ (١٥ای بانەمەڕی ١٣٢٥) كۆبوونەوە پێشەاو قازی لە گەڵ هێندێك لە سەرانی عەشائیری مەنگۆر،مامەش،زەرزا، گەورك، دیبوكری،قەرەپاپاغ و ئەفسەرانی بیبانی هێزی دێموكرات.

٣٠- ١٠ای مای ١٩٤٦ (٢٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥) لەشكری سوور هێزەكانی سۆڤیەت ئێرانی بەجێ هێشت.

٣١- ١٢ای مای ١٩٤٦ (٢٢ی بانەمەڕی ١٣٢٥) قەوام سەرۆك وەزیرانی ئێران هەیئەتی ئازەربایجانی تاوانبار كرد كە ئامادە نیین پێشنیارەكانی دەوڵەتی ناوەندی قبووڵ بكا.

٣٢- ١٣ای مای ١٩٤٦ (٢٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وەڤدی هاوبەشی كوردستان و ئازەربایجان بە سەرنەكەوتوویی لە تاران گەرانەوە.

٣٣- ١٤ای مای ١٩٤٦ (٢٤ی بانەمەڕی ١٣٢٥) پیشەوەری گەرایەوە تەورێز رایگەیاند كە دەوڵەتی ناوەندی داوای تەسلیم بوونی بێ شەرت و مەرج دەكا (قەیدو شەرت) لە ئازەربایجان دەكا.

٣٤- ١٦ای مای ١٩٤٦ (٢٦ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری حكومەتی كوردستان لە تاران



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەرایەوە مەهاباد.

٣٥- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) ئەبولقاسمی سەدری قازی لە میتینگێک دا لە مەهاباد راپۆرتێکی دەربارەی گفتوگۆکانی خۆیان لە تاران بۆ کۆمەڵانی خەڵک باس کرد.

٣٦- ٢١ی مای ١٩٤٦ (٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥) وتاری پێشەاو قازی محەممەد لەمیتینگی ئەو رۆژە دا بۆ سەران و سەرکردە و ژنرال و مەزنانی کوردستان وبەشدارنی چەند هەزارکەسی کۆمەڵانی خەڵک.

٣٧- ٥ی مای ١٩٤٦ (٥ای بانەمەری ١٣٢٥) بەشداری دەستەی نوێنەرایەتی کۆماری کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە رێو ڕەسمی بەرێ کردنی لەشکری سوور لە شاری تەورێزێ .

٣٨- ٢٦ی مای ١٩٤٦ (٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) دانیشتن و وتوێژی کاربەدەستانی ئێران لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری کوردستان بۆ پیشگیری لەتیکهەڵچوون لە نێوان هێزەکان دا پێشنیاری ناوچەیەکی بی لایەنی ٤کیلومیتری لە سەقزەوە، .بەرەو بانە و لەسەقزەوە بەرەو بۆکان.

٣٩- ٣١ی مای ١٩٤٦ (١٠ای جۆزەردانی ١٣٢٥) دەستنیشان کرانی مەلا مستەفا بارزانی وەکو ژەنرال لەسوپای کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەواقازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان.

٤٠- ١٥ی جوونی ١٩٤٦ (٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥) پادەگانی سەقز بەسەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی رەزم ئارا دەستی کرد بە ئاگربارانی هێزەکانی پێشمەرگەی دەورو بەری شاری سەقز.

٤١- ١٦ی جوونی ١٩٤٦ (٢٦ی جۆزەردانی ١٣٢٥) چاوپێکەوتنی نێوان رەزم ئارا و پێشەوا قازی لە سەر ریکەوتنی ٥ی جوزەردان لە گوندی سەرای بۆکان و سەقز.

٤٢- ٢٠ی جوونی ١٩٤٦ (٣٠ی جۆزەردانی ١٣٢٥) هاشمۆف کونسۆلی سۆڤیەتی لە ورمێ چوو بۆ لای پێشەوا قازی لە گوندی سەرا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٣- ٢٢ی جوونی ١٩٤٦ (١ی پووشپەری ١٣٢٥) وتوێژی پەیامنێری ئاژانسی فرانس پریس لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان.

٤٤- ٢٩ی جوونی ١٩٤٦ (٨ی پووشپەری ١٣٢٥) قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران حیزبی دێموکراتی ئێران حیزبی دەوڵەتی خۆی دامەزراند.

٤٥- ٥ی جووولای ١٩٤٦ (١٤ای پووشپەری ١٣٢٥) کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و تەواوی سەرکردەو و کاربەدەستانی ئیدارات بۆ ئامادەکاری و پەروەردە و فیرکردنی (تەعلیمات)ی پێشمەرگە.

٤٦- ٥ی جوولای ١٩٤٦ (١٤ای پووشپەری ١٣٢٥) کات ژمێر ٨ی بەیانی محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری بەرگری و ژنراڵ مایۆر مستەفا بارزانی دەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ سەردانی جەبهە وەرێ کەوتن.

٤٧- ٩ی جوولای ١٩٤٦ (١٨ای پووشپەری ١٣٢٥) لەسەربانگهێشتنی فەرمی قازی محەممەد بۆ تاران، مهابادی بەرەو تەورێز بە جێهێشت. پاش گۆفتگو لە گەڵ کاربەدەستانی حکوومەتی ئازەربایجان و شوورەوییەکان، بە فرۆکەیەیەکی شیرکەتی هەوایی سۆڤیەت بەرەو تاران وەرێکەوتن.

٤٨- ٩ی جوولای ١٩٤٦ (١٨ای پووشپەری ١٣٢٥) بۆ جێ بەجێ کردنی رێکەوتنەکەی نوێنەرانی حکوومەتی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە و سەردەشت وەزێری هیزی میللی کوردستان ژنرال سەیفی قازی لە نامەیەکی رەسمی محەممەد نانەوازادە جێگری سیاسی وەزارەتی هیزی کوردستان بۆ ئەو کارە دانا.

٤٩- ١٠ای جوولای ١٩٤٦ (٢٠ی پووشپەری ١٣٢٥) جەولەی سەحرایی پێشمەرگەکانی هێزی ناوەندی کوردستان لە دەروەی شاری مەهاباد.

٥٠- ١٣ای جوولای ١٩٤٦ (٢٣ی پووشپەری ١٣٢٥) حکوومەتی قەوام پێشەوا قازی محەممەدی بانک کرد بۆ تاران بۆ گفتوگۆ لەسەر رێکخستنەوەی جوری پەیوەندی دەوڵەتی ناوەندی و حکومەتی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥١- ١٧ای جوولای ١٩٤٦ (٢٧ی پووشپەری ١٣٢٥) گەڕانەوەی پێشەوا قازی لە سەفەری تاران و پێشوازی گەرمی کۆمەڵانی خەڵک لە مەهاباد.

٥٢- ١٨ای جوولای ١٩٤٦ (٢٨ی پووشپەری ١٣٢٥) وتوێژی رۆژنامەی رەهبەر ئورگانی حیزبی توودە لە گەڵ پێشەوا قازی دەربارەی گفتوگۆکانی لە گەڵ کاربەدەستانی تاران.

٥٣- ١٨ای جوولای ١٩٤٦ (٢٧ ی پووشپەری ١٣٢٥) گەڕانەوەی پێشەوا قازی لە نێو بە پیلەوە هاتن و پێشوازی ئەندامان و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کاربەدەستانی حکوومەتی  کە تا میاندواو بە پیل بەڕێزیانەوە هاتبوون و هەروەها لە لایەن خەڵک و ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکان و گوندنشینەکان کە هەستی خۆیان دەردەبڕی و گوڵبارانیان دەکرد گەیشتەوە مهاباد".

٥٤- ٢٦ای جوولای ١٩٤٦ (٤ ی گەلاوێژی ١٣٢٥) وتاری پێشەوای قازی محەمەد لە کاتێک دا خۆی ئامادە کردبوو بۆ سەفەری ورمێ و دیداری لە گەڵ قەواموسەلتەنە و باس لەسەر هەڵ و مەرجی کوردستان بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی مامەش و زەرزا و ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار.

٥٥- ٢ی ئاگۆستی ١٩٤٦ (١١ای گەلاوێژی ١٣٢٥) سێ کەس لە بەرێوەبەرانی حیزبی توودەی ئێران بوون بە وەزێری کابینەی قەوام ( ئیرەج ئەسکەندەری، د.فیرووز کەشاوەرز، مورتەزا یەزدی)

٥٦- ٢ی ئاگۆستی ١٩٤٦ (١١ای گەلاوێژی ١٣٢٥) تەلگرافی پێشەواقازی بۆ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی ئێران، حیزبی توودەی ئێران، حیزبی ئێران و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ئامادەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ بەرە دەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکان راگەیاند.

٥٧- ١٥ای سێپتەمبەری ١٩٤٦ (٢٩ی گەلاوێژی ١٣٢٥) دیداری پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لەگەڵ ئارچیباڵد ڕوزڤێلت بەرپرسی هەواڵگری سەفارەتی ئەمریکا لە تاران. لە شاری مەهاباد .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٨- ٢١ی سێپتەمبەری ١٩٤٦ (١٣ی خەرمانانی ١٣٢٥) سەردانی قەدری جەمیل پاشا وەکوو نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردی سوورییە لە شاری مەهاباد و دیدار و چاو پێکەوتنی لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەد و کاربەدستانی کۆماری کوردستان، و نزیک حەوتوویەک لە مهاباد بووە.

٥٩- ٢٣ی نۆڤەمبەری ١٩٤٦ (٢ی سەرماوەزی ١٣٢٥) زەنجان بە تەواوی کەوتە دەستی دەوڵەتی ناوەندی و هێزەکانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان کە لە زەنجان بوون چووکترین بەربەرەکانی یان لە خویان نێشان نەدا.

٦٠- ٣ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٢ی سەرماوەز ١٣٢٥) رێکخراوی حیزبی توودە لە"زیراب" مازەندەران بزووتنەوەیەکی چەکدارانەی دەست پێ کرد.

٦١- ٥ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەسەر پێشنیاری پێشەوا قازی شوورای شەر بە بەشداری ١٠ کەس و سەرۆکایەتیی خودی پێشەوا بریاری بەربەرەکانی بەرامبەر بە ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی درا.

٦٢- ٦ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بانگهێشتنی سەرۆکەکانی عەشایر و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و گەورە پیاوان بۆ راوێژ و بریاردان و دوا هەڵوێست بە رامبەر هاتنەوەی ئەرتەش و دەسەڵاتی ئێران لە مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد.

٦٣- ١٠ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە شارەدێی خۆجامیر لە نزیک مەراغە کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکوومەتەکانی ئازەربایجان و کوردستان پێک هات. دواجار و بڕیار درا بۆ پێشگرتن لە پێشڕەوی هێزەکانی ئەڕتەشی ئێران هێزەکانی ئازەربایجان و کوردستان ئامادەی بەرگری و خۆڕاگری بن .

٦٤- ١١ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٠ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لە تەورێز شورای شەر پێک هات بوو، بەڵام توشی رارایی و سەرلێشوان و لە سەر بریارێکی روون ساخ نەبوو بونەوە.

٦٥- ١٢ی دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی گەیشتە شاری تەورێز واتە ڕاست ساڵێک پاش پێکهاتنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦٦- ١٢ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢١ی سەرماوەز ١٣٢٥) فەرمان درا بە هێزەکانی پێشمەرگە لە جەبهەکانی سەقز، بانە و سەردەشت بکشێنەوە و ڕێ بۆ ئەرتەش چۆڵ بکەن.

٦٧- ١٤ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) هێندیک کەس لە پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد بە تایبەتی ئەوانەی دژی کۆماری کوردستان بوون لە گەڵ چەند سەرۆک عەشیرەتیک چوون بۆ پێشوازی لەشکرو وەفاداری خۆیان لە لایەن شاری مەهابادەوە بە سەرتیپ هومایوونی ڕاگەتاند (لەنێو ئەوانەدا میزا رەحمەتی شافعی،شێخ حەسەن شەمسی بورهانی و عەلی ئاغای ئیلخانی زادە)

٦٨- ١٤ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٣ی سەرماوەزی ١٣٢٥) زۆر لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات چوون بۆ ماڵی پێشەواقازی بۆ ئەوەی پێکەوە دوا بریاری خۆیان بۆ مانەوە یان دەرباز بوون لە بەرامبەر لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ساخ ببنەوە.

٦٩- ١٥ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەزی ١٣٢٥) بەشێک لەکاربەدەستانی فیرقەی دێموکرات ئاشبەتالیان کرد و بەرەسمی تەسلیم بوونی خۆیان ڕاگەیاند. بەشێک دیکە لە ڕێبەرانی ئازەربایجان بریاری دەستنەکردنەوەیان دا، پیشەوەری لە سەر کار لادرا وبە پێچەوانەی ویستی خۆی برا بۆ سۆڤییەت.

٧٠- ١٥ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٤ی سەرماوەز١٣٢٥) ئەسئوف نوێنەری بازرگانی سوڤیەت مەهابادی بەجێ هێشت و گەرایەوە بۆ کۆنسولگەی سۆڤیەت لە ورمێ.

٧١- ١٦ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) مەلا مستەفا بارزانی بۆ داو جار چاوی بە پێشەوا قازی کەوت و داوای لێ کرد لەگەڵیان بروا ئەوانیش ئامادەن لە ژێر ئەمری پێشەوا دابن بەلام پێشەوا مانەوەی لە نێو خەڵک دا هەڵبژارد.

٧٢- ١٦ای دێسەمبەری ١٣٤٦ (٢٥ی سەرماوەزی ١٣٢٥) پێشەوا قازی بە تەلیفون قسەی لە گەڵ سەرتیپ هومایونی کرد خۆی و حاجی بابا شێخ و سیفی قازی چوون بۆ پێشوازی سەرتێپ هومایونی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧٣- ١٧ای دیسەمبەری ١٩٤٦ (٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥) لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بەهاوکاری بەشێک لە عەشایر شاری ماهابادیان داگیر کرد واتە راست پاش ساڵێک کە بە چەک کردنی شارەوانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە گرتبوو.

٧٤- ٣٠ای دێسەمبەری ١٩٤٦ (٩ی بەفرانباری ١٣٢٥) دادگای رەوالەتی و ناعادلانەی هەر سێ قازی پێکەوە دەستی پێی کرد ئەو دادگایە نهێنی بوو، نەیان دەهێشت کەس بزانی چێ لە دادگا روودەدا.

٧٥- ٩ی جانێیوێری ١٩٤٧ (١٩ای بەفرانباری ١٣٢٥) پێشەواقازی بۆ خۆی داکۆکی یەکی رێک وپێک و ئازایانەی کرد کە ١٤ کات ژمێری خایاند و هەموو تاوانەکانی دادگای فەرمایشیی لەشکری شای رەد کردەوە.

٧٦- ٢٣ای جانێیوێری ١٩٤٧ (٣ای رێبەندانی ١٣٢٥) واتە ساڵێک و رۆژێک پاش ئەوەی بە سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێرا پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان و محەممەد حوسێن سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی مەحکووم بە ئیعدام کران.

٧٧- ٣٠ای مارچی ١٩٤٧ای (١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦) پێشەوا قازی محەممەد: یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی: جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی، ئەبولقاسمی سەدری قازی: نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارڵمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچوکی پێشەوا قازی محەممەد .لە چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارە دران.

## ناساندنی کابینەی کۆماری کوردستان

١- پێشەوا قازی محەممەد: سەرۆک کۆماری کوردستان، قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی, کوڕی میرزا قاسم قازیە. رابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش جێگەی رێزو تەقدیر بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢- حاجی بابە شێخ سیادەت: سەدری هەیئەت ڕەئیسە (سەرۆک وەزیر) خەڵکی شاری بۆکان بوو، لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان دا تەمەنی ٦٨ ساڵ بوو. بەڕێزیان لە بنەماڵەی سەیدەکانی زەمبیل بوو و لە کارو باری شەرعی دا زۆر زانا و کارامە بوو . لە هەستان و دانیشتنی گشتی دا لە گەڵ خەڵک باش دەجووڵاوە.ئەندامی ژ.ک نەبوو، لە ساڵی ١٣٢٤ لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات کەوت.

٣- محەمەد حوسێنی سەیفی قازی: وەزیری بەرگری، جێگری سەرۆک کۆماری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ئامۆزای خوداڵیخۆشبوو قازی محەممەد. دڵخوازانە ببوو بە ئەندامی ژ.ک .فەرماندەیی ئەرتەشی نەتەوەیی کوردستانی بە ئەستۆوە بوو.بەڕێزیان کەسێکی زۆر گەرم بوو و بوێری و ئازایی لە باوکی سەیفولقوزات شاعیری شۆڕشگێڕی کورد بۆ بە میرات بە جێ مابوو.

٤- مەنافی کەریمی: وەزیری فەرهەنگ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٢٥ ساڵە لە ئەندامانی ژ.ک، یاریدەدانی قازی محەممەدی لە کاروبارەکانی لە مەڕ کۆمیتەکانی حیزبی لە ئەستۆوە بوو.

٥- محەممەد ئەمین موعینی: وەزیری ناخۆی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب نزیکییەکی زۆری لەگەڵ بازرگانانی سۆڤیەت لە تەورێز هەبوو و جێی باوەڕی و دڵنیایی ئەوان بوو.

٦- سەید محەممەدی ئەیووبیانی مەرکەزی (تەها زادە): وەزیری تەندروستی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لاوێکی سی ساڵە بوو و بۆ خۆی خۆی پێگەیاندبوو و لە ئەندامانی لە مێژینەی کۆمەڵەی ژ.ک بوو.

٧- عەبدولرەحمانی ئێلخانیزادە (موهتەدی): وەزیری کاروباری دەرەوە لە خاوەن موڵکانی بە دەستەڵاتی شاری بۆکان، خوێندنی ئایینی زۆر باشی هەبوو یەکێک لە ئەندامانی هەڵکەوتووی ژ.ک بوو، تەمەنی نزیک ٣٥ ساڵ دەبوو و لە پێناو ژ.ک دا چەرمەسەرییەکی زۆری کێشابوو.

٨- سمایل ئاغای ئێلخانیزادە: وەزیری ڕێگاوبان تەمەنی ٣٥ ساڵ بوو کوڕی مەحموود ئاغای ئێلخانیزادە ، لە بنەماڵە بەدەسەڵاتەکانی شاری بۆکان بوو. لە ساڵی ١٩٤٤ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٩- ئەحمەدی ئیلاهی: وەزیری بازرگانی. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب تەمەنی ٤٠ ساڵ بوو، لە سەرەتای دامەزرانی ژ.ک دا بوو بە ئەندام. شارەزایەکی باشی هەبوو لە سەر پرسی ئابووری.

١٠- خەلیلی خوسرەوی: وەزیری کار ٣٨ ساڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئەندامانی ژ.ک بوو، لە سەرەتاوە کە تەشکیلاتی حیزب بە تەواوی نهێنی بوو زۆربەی دانیشتنەکان لە ماڵی بەڕێزیان دەکران.

١١- کەریمی ئەحمەدەین: وەزیری پۆست و تێلێگراف،ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٤٠ ساڵان بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک.

١٢- حاجی مستەفای داودی: وەزیری ئابوری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ٥٥ ساڵان لە بنەماڵە ناسراوەکانی مەهاباد بوو، لە ساڵی ١٩٤٥ دا ئەندامەتی ژ.ک ی پەژراند، لە تەجارەت و سەودا و مامڵە دا زۆر زانا وئاگای لە مەسەلەکانی رۆژانە بوو.

١٣- مەلا حوسێنی مەجدی: وەزیری دادپەروەری ٦٥ ساڵان خوێندەوارترین و بەنێوبانگترین پیاوی ئایینی بوو و ئیعتبار و بایەخی دینی و قەزایی زۆر بەرزی هەبوو.

١٤- مەحموودی وەلیزادە: وەزیری کشت و کاڵ ٢٣ ساڵان مەدرەسەی بەرزی کشتوکاڵی کەرەجی تەواو کردبوو، لە ساڵی ١٩٤٣ دا بوو بە ئەندامی ژ.ک ، لە کاروباری کشتوکاڵ دا خاوەن ڕا بوو.

١٥- سەدیقی حەیدەری: وەزیری راگەیاندن (تەبلیغات)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە دامەزرێنەرانی ژ.ک، لە کاروباری حیزبی دا زۆر چالاک بوو و لە پێناو ئازادی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشا.

## شەهیدانی کۆماری کورستان

١- خۆشەوی خەلیل مزوری: ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٢٥ (١٥ی جوونی ١٩٤٦) لە پێشمەرگەکانی هێزی لکی بارزانی لە شەڕێکی قارەمانانە دا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لە جەبهەی سەقزلە گەڵ ١٠پێشمەرگەی دیکە بریندار دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سەرەڕای ئەوەی دەگەیێندرێتە نەخۆشخانە لە تەورێز دوای چوار ڕۆژ شەهید دەبێ.

٢- محەمەدی نانەوازادە: ٢٥ی پووشپەری ١٣٢٥ (١٦ی جوولای ١٩٤٦) سەرپۆلی ٢ جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان لە کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان نێوان بانە وسەقز.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری سەقز

١- عەلی بەگی شێرزاد: ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ (١٥ی فێبریویری ١٩٤٧) (عەلی بەگی یەکشەوە) یەکێک لە خاوەن مڵکانی گوندی یەکشەوە وفەرماندەرانی هێزی چڵی ٥ی ناوەندی هێزی کۆماری کوردستان سەر بە عەشیرەتی فەیزوڵابەگی لە ناوچەی بۆکان لە تەنیشت حەوزی بۆکان لە سێدارە دراِ.

٢- شێخ ئەمینی ئەسعەدی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارچی ١٩٤٧) (شێخ ئەمینی کەسنەزان) خاوەن مڵکی گوندی "کەس نەزان"ی سەقز، ئامۆزای شێخ سدیقی ئەسعەدی.

٣- شێخ سدیقی ئەسعەدی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارچی ١٩٤٧) شێخ سدیقی یازی بولاغی خاوەن مڵکی گوندی "یازی بلاغی" سەقز، ئامۆزای شیخ ئەمینی کەسنەزان.

٤- عەلی ئاغای جەوانمەردی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارچی ١٩٤٧) (عەلی ئاغای تەمووتە) خاوەن مڵکی گوندی "تەمووتە" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٥- ڕەسووڵ ئاغای مەحموودی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارچی ١٩٤٧) (ڕەسووڵ ئاغاتی میرەدێ) خاوەن مڵکی گوندی "میرەدێ" و لە هۆزی گەورکی سەقز.

٦- ئەحمەد خانی شەجیعی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ی مارچی ١٩٤٧) (ئەحمەد خانی کەڵتەگە) خاوەن مڵکی گوندی "کەڵتەگە"ی سەقز و لە بەرەبابی ڕەشید خانی شەجیعولسەلتەنەی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧- عەلی خانی فاتیح: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) (عەلی خانی قەڵەندەر) خاوەن مڵکی گوندی "قەڵەندەر"ی سەقز لە بەرەبابی حاجی حەمە حەسەن بەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٨- حەسەن خانی فەیزوڵا بەگی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) (حەسەن خانی کانی نیاز) خاوەن مڵکی گوندی کانی نیاز"ی سەقز لە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

٩- محەمەدخانی دانیشوەر: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) خاوەن مڵکی گوندی "ئاڵکەلوو"ی سەقز و و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەد خانی فاروقی، لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی.

١٠- محەمەدخانی فەیزوڵابەگی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) (حەمەخانی باباخان بەگ) خاون مڵکی گوندی "قارەوا چکۆڵە"ی سەقز سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربەگی عەشیرەتی فەیزوڵابەگی.

١١- عەبدوڵا خانی مەتین: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) خاون مڵکی گوندی"داشاڵووجە"ی سەقز و یەکێکی دیکە لە کوڕانی خەلیل خانی فەیزوڵابەگی سەر بە بەرەبابی ئاغا شێربگە و برای ئەحمەدخانی فاروقی و محەمەد خانی دانیشوەر و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

١٢- ئەحمەد خانی فاروقی: ٢٥ی رەشەمی ١٣٢٥ (١٤ای مارچی ١٩٤٧) (سالار سەدر)، موعاوینی هێزی بۆکان و ناوچە. شەهید ئەحمەدی فاروقی، کە بە "ئەحمەدخانی خەلیل خان" یان بە ناوی گوندەکەیەوە بە "ئەحمەد خانی قیلەسوون" دەناسرا و لە بنەماڵەی فەیزوڵابەگی بوو.

ئەحمەد خانی فاروقی و دووبرای شەهیدی عەبدوڵاخانی مەتین (عەبدوڵا خانی داشاڵووجە) و محەمەد خانی دانیشوەر (محەمەدخانی ئاڵکەلوو) لە گەڵ پێشەوا قازی محەمەد ، سەدری قازی و سەیفی قازی خاڵۆزا و پوورزا بوون.

## شەهیدانی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد

١- پێشەوا قازی محەممەد: ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ای مارچی ١٩٤٧) یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان لە چوارچرای شاری مەهاباد.

٢- محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی: ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ای مارچی ١٩٤٧) جێگری سەرۆک کۆمار و وەزی هێزی بەرگری کۆماری کوردستان و ئامۆزای پێشەوا قازی،

٣- ئەبولقاسمی سەدری قازی: ١٠ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ای مارچی ١٩٤٧) نوێنەری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لە پارلمانی ئێران، نوێنەری حکوومەتی کوردستان لە تاران و برای بچوکی پێشەوا قازی محەممەد .

٤- عەبدوڵای ڕەوشەنفکر: ١٧ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ای ئەپریلی ١٩٤٧) (عەبدوڵای خدر حەیرانێ) لە ئەفسەری هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٥- ڕەسووڵی نەغەدەیی: ١٧ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ای ئەپریلی ١٩٤٧) لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٦- محەممەدی نازمی: ١٧ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ای ئەپریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان لە گەڵ سێ هاوڕێی دیکەی لە مەهاباد لە سێدارە درا.

٧- حامیدی مازووچی: ١٧ای خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٧ای ئەپریلی ١٩٤٧) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان و فەرماندەی دیژبانیی ناوەندی مەهاباد لە سابڵاغ لە سێدارە دران.

## ئەفسەرانی شەهیدی لە سێدارە دراوی کۆماری کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراق

١- عێزەت عەبدولعەزیز: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ای جوونی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ عێزەت عەبدولعەزیز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و چاوپێکەوتنی سەرلەشکر ڕەزم ئاراٖ دوای سەرکەوتنی هێزی کوردستان لە شەڕی قارەوا.

٢- مستەفا خۆشناو: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ١ی هێزی بارزانیان لەسەردەمی کۆماری کوردستان.

٣- محەممەد قودسی: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) (کاپیتان) محەممەد مەحموود قودسی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا لە زۆر بۆنە و ڕێوڕەسمی فەرمیدا بە نوێنەرایەتی ژەنەراڵ مایۆر مەلا مستەفای بارزانی وتەی پێشکەش کردووە و هەر وەها یەکێک لە نووسەرە چالاکە کانی ڕۆژنامەی کوردستان بووە .

٤- خەیروڵا عەبدولکەریم: ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٢٦ (١٩ی جوونی ١٩٤٧) مایۆر( سەرلک ) لە ئەفسەرانی کۆماری کوردستان .

## چالاکوان و تێکۆشەرانی کۆچ کردووی سەردەمی کۆماری کوردستان

١- ساڵی ١٩٥٤ حاجی سەید بابە شێخی سیادەت: رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللیی (سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دیی تورجان.

٢- ساڵی ١٩٦٨ دڵشادی ڕەسووڵی: جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، کۆنگرە یەکەم، لە باشووری کوردستان.

٣- ٢ی ئەپریلی ١٩٧٣ حوسێنی زێڕینگەران (حوسێنی فرووهەر): ئەندامی ژمارە ١ی کۆمەڵەی ژێکاف، و ئەفسەر و چالاکێکی هێزی دێمۆکرات بووە لە تاران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرا نێژراوە.

٤- ٢٧ی فێبریوێری ١٩٧٩ سەید محەممەدی حەمیدی: نووسەر و ڕوناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»لە شاری سنە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥- ای مارچی ١٩٧٩ مەلا مستەفا بارزانی یەکێک لە ژنراڵە گەورەکان وچالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان. و سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان.

٦- ١٨ای ئەپریلی ١٩٨٦ مامۆستا هێمن: چالاکوانی سەردەمی کۆمار وئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ - ک) ئەندامی ئیفتخاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات،تێکۆشەر و شاعیری ناوداری کورد لە شاری ورمێ.

٧- ١٥ای جوولای ١٩٨٦ محەممەدی یاهوو: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەم،نووسەر و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لە شاری تاران.

٨- ١٢ای جانێویری ١٩٨٨ محەمەد ئەمین ئەحمەد میرزا مەنگوڕ: جێگری فەرماندەی هێزی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان, شاعیر و نوسەری بەتوانا.

٩- ٢١ی فێبریویری ١٩٩١ مامۆستا هەژار (عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ – ک) چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان شاعیر، مێژوونووس و وەرگێری بە توانا لە شاری مەهاباد.

١٠- ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٨٨ میرحاج ئەحمەد تاهیرئاکرەیی: سەرپۆلی ٢ فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بارزانیان و بازرەسی جەبهەی سەقز لە سەردەمی کۆماری کوردستان،و یەکیک لە ئەندامانی رێبەری پارتی، لە شاری بەغدا.

١١- ٩ی مای ١٩٩١ رەحیم سەیفی قازی: فەرماندەی چڵی ٢، لە پۆلی ٣ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. و ئەندامی چالاک لە سەردەمی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان.

١٢- ٢٥ی دێسەمبەری ١٩٩١ محەممەد ئەمین مۆعینی: وزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کۆنگرەی یەکەم، و باوکی سێ شەهید مۆعینی یەکان.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣- ٢٢ی مارچی ١٩٩٢ مەلا قادری مودەرەسی: ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانی کورد و بەرپرسی "چاپخانەی کوردستان" لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد رۆژهەلاتی کوردستان.

١٤- ١٧ای فێبریویری ١٩٩٨ مینا خانم قازی: ژنە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کورد،خیزانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

١٥- ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ کەریم حیسامی: ساڵی ١٩٤٤ بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد. ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات، نوسەر و وەرگێر..بە هوی نەخۆشی شێرپەنجەی میشک لە ستۆکهۆلمی سوئید.

١٦- ٣١ای مارچی ٢٠٠٣ مەناف کەریمی: وەزیری فەرهەنگی کوردستان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکڕات، دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ سەفەری باکۆ، جیگری قازی محەممەد بۆ کاروباری کۆمیتەکانی حیزبی،

١٧- ٦ی فێبریوێری ٢٠٠٩ عەبدولقادری دەباغی (مامەقالە): ئەندامی کۆمەڵەی ژیانی کورد (ژ – ک) تێکۆشەری دیرینی حیزبی دێموکرات نووسەر،وەرگێرو نیشتمانپەروەر. لە شاری لەندەنی بریتانیا.

١٨- ١٧ای سێپتەمبەری ٢٠٠٩ حاجی مارف رەشیدی: پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستان، بەشدار لە شەڕی ئاواییەکانی "قارەواو مامەشا، لە شەڕی گەورەی گوندی "قارەوا" بریندار بووە. باوکی شەهید سەڵتەنە ڕەشیدی" لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات.

١٩- ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٠ سەید عوبەیدیلای ئەیووبیان: نووسەر،زماناس وڵێکۆلەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژێ - کاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

سەرچاوەکان:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- (چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی) شەهید د. قاسملوو

٢- (حکومەتی کوردستان) لە نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین.

٣- سایتی وێنەی کۆماری کوردستان (بەڕێز حەسەن قازی)



## پەیامی دەفتەری سیاسیی حدک بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان



هاونیشتمانانی بەڕێز!

هاوڕێیانی خۆشەویست!

پێشمەرگە قارەمانەکان!

٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە هەلومەرجێکدا ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەنگاویان بۆ دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە کە، بە دوای تێکشکانی فاشیزمی هیتلێری و دەوڵەتە بە هێزەکانی هاوتەریبی لە لایەن هاوپەیمانییەتی جیهانییەوە، گۆڕانێکی زۆر لە سیستمی دەسەڵاتداری لە زۆر وڵاتانی ئورووپا و ئاسیادا پێکهات. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر لەو وڵاتانە و دواتریش زۆر وڵاتی دیکەی جیهانی لە ژێر چنگی دەسەڵاتی سەرمایەداری کۆن ڕزگار کرد و هێوای ڕزگاری مرۆڤایەتی لە چنگ زوڵم و زۆرداری و گەیشتنی بە ئازادی و دنیایەکی دێموکراتی لە هەموو شوێنێک بڵاو کردەوە.

ڕیبەرانی نەتەوەی کورد کە هەتا ئێستاش گەورەترین نەتەوەی بندەست و بێ دەوڵەتی جیهانە، بە سەرکردەیی پێشەوای نەمر قازی محمد بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دروست و بەجێی ئەو بارووددۆخە سیاسییە، لە حاڵێکدا کە ئێران بە هۆی پێخوست بوونی لەژێر باری قورسی هێزەکانی سۆڤییەت، ئینگلیس و ئەمریکا، کە هەر کام لە

لایەکەوە بەشێک لە خاکەکەیان خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و تەنیا چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و لە نێو ئاپۆرای جەماوەری دەیان هەزارکەس لە هاونیشتمانیانی کوردستان کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕوویان لەو شارە کردبوو، دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند و بەمجۆرە خەونی لە مێژینەی ئەو نەتەوەیان کردە ڕاستی، کە لە پێناویدا بە هەزاران قوربانییان بۆ دابوو.

ئەم هەنگاوە بوێرانەی پێشەوای نەمری کورد، دوای ئەوەی کە زانیان حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس ئامادە نابن دان بە مافە ڕەوا نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بە تایبەتی کورددا بنێن، نە تەنیا تاکە ڕێگەیەک بوو کە لەبەر دەمیاندا مابوو، بەڵکوو کارێک بوو کە غورووری نەتەوەیی کوردی بەرز ڕاگرت و ئەگەر هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا و هەوڵیان دەدا دەنگی کوردان کپ بکەن، پێشەوا و هاوڕێیانی کردیانە سەرەتایەکی نوێی مێژوویی حاشاهەڵنەگر بۆ نەتەوەی کورد. هەر بۆیە لە دوای تێپەڕینی ٧٢ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە گرینگە مێژووییەدا، نە تەنیا حیزبەکەی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی ئەم ڕۆژ و ڕووداوە مەزنە دەکەنەوە، بەڵکوو لە تەواوی نیشتمانی کوردستان و هەموو کوردێک لە پانتایی جیهاندا، بەڕێزەوە دەڕواننە ئەم ڕووداوە و بە سەربەرزییەوە یادی دەکەنەوە. بەداخەوە بە هۆی ناهاوسەنگی هێزوگۆڕانکارییە سیاسییە چاوەڕواننەکراوەکان و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی شا لە دوای ١١ مانگ کۆتایی بە تەمەنی ئەم کۆمارە هات.

٧٢ ساڵ تێدەپەڕێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان، داڕێژەرو پشتیوانی سەرەکی ئەم پرۆژە نەتەوەییە هەتا ئێستاش بە بەردەوامی لە سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و ئاواتەکانی پێشەوا قازی تێدەکۆشێ. لەم ماوەدا چەندین قۆناغی بە سەرکەوتن و پاشەکشە تێپەڕاندوە، بەڵام هەمیشە بە چاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتیە داهاتوو و ڕێبەری خەباتی کردوە. ئازادی و دێموکراسی و دابینکردنی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەو دروشمانە بوون کە لە نێوەرۆکی بەرنامەکەی کۆماردا هاتبوون و ئێستاش داوای سەرەکی هەموو خەڵکی کوردستانە. داوایەک کە ئەم ڕۆژانە بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و لە هەر فرسەتێکدا و بە هەر شێوازێک کە بۆیان کرابێ، ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان کردوونەتەوە. ئەمانە لە هەلوومەرجێکدا بوون کە ٣٨ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران نە تەنیا وڵامێکی بۆ ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و داخوازییەکانیان نەبوە، بەلکوو لە هەر شێوە و لە هەموو ئیمکاناتێکی لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستیدا بوە بۆ کپکردنی دەنگی ئەوان لە ڕێگەی سەرکوتەوە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام نەیانتوانیوە پێش بە بەرەوپێشچوونی کاروانی پێشکەوتن و هەڵبڕینی دەنگی مافخوازانە و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن بگرن.

## بەڕێزان:

لە ۳۸ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانیان، لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە خەباتی سەختی بەرەنگاری لە دژی کۆماری ئیسلامیدا بەشدارییان کردوە و لەو ڕێگەدا ئەم گەلە سەربەرزە قوربانی زۆری داوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش هیچ هەلێکی لەدەست نەداوە کە لە شار و گوندەکانی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەم ڕێژیمە دەنگ هەڵبڕێ و دەنگی ئازادی و مافخوازانەی خۆی بە گوێی هەموو لایەک بگەیەنێ. بەڵام وڵامی هەمیشەیی ڕێژیم بەم نارەزایی دەربڕینانە بەکارهێنانی هێز و سەرکوت بوە. سیاسەتێک کە نە تەنیا نەیتوانیوە مەبەستەکانی ڕێژیم وەدی بێنێ بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ بوەتە هۆی زیادبوونی ڕق و تووڕەیی خەڵک لەوان. لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا و گوێ نەدان بە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک و گرینگی نەدان بە ژیان و داهاتووی خەڵکی ئێران بە گشتی، کە نە تەنیا کوردستان بەڵکوو هەموو وڵاتی ئێران و نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتەی گرتبوەوە، نزیک بە مانگێک لەمەوبەر ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی چین و توێژی هەژار و وەزاڵەهاتو لە دەست ڕێژیم، خۆپیشاندانی هەزاران کەسی لە شارو شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا و لە هێندێک لە دەورەکانی هەڵبژاردنی مەجلیس و سەرۆک کۆماریدا، بەشێک لە خەڵکی ئێران بە ئومێدی ڕاست دەرچوونی وادە و بەڵێنەکانی ئەم یا ئەو کاندید، لەم یا ئەو جێناحی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم، و لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک کە بتوانێ لە جیاتی گرتن و زیندان و کوشتن لانیکەمی ئازادی و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکا، هەوڵیان دەدا بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو هەموو نەهامەتییەی بەسەریاندا هێناون ببیننەوە. بەڵام کاتێ کە دەرکیان بەوە کرد کە دەنگی ئەوان لە پشت سەری هەر کاندیدێک تەنیا بۆ فریودان و ڕاگرتنییان لە ژێر باری قورسی زوڵم و ستەمی هەر ئەو ڕێژیمەدایە، و زانیان سات و سەوداکانی جێناحەکانی ڕێژیم بۆ قایم ڕاگرتنی بناخەکانی زوڵم و بێدادی و گرینگی نەدانە بە ژیان و داهاتووی ئەوان، هاتنە مەیدان و دروشمی دژی دەوڵەتی ڕۆحانیان گوڕی بۆ دروشمە ڕاستەقینەکان و، دامەزرێنەر و ڕێبەر و نیزامی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. ئەوان بە دروشمەکانیان پەیامی زۆر ڕوونی بێزارییان لە

درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بە گوێی هەموو دنیادا دا.

ئەو خەڵکە لە نەبوونی ئازادی و بە زانیاری لەسەر بەهەدەردانی زۆرترین سەرمایەکانی وڵات لە لایەن ڕێژیم لە دەرەوە، ئەویش بۆ شەر بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتە دژی گەلی و کۆنەپەرستەکانی هاوچەشنی خۆی و پەرەپێدان بە نفووزی ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی خۆیان لە ناوچەدا لە ڕێگەی گرووپ و شەبەکە تێرۆریستییەکانیەوە، گەندەڵی ئیداری و دزینی پووڵی خەڵک لە لایەن کاربەدەست و دەست و پێوەندەکانیانەوە، کە ئەمرۆژانە بەشێک لە نوێنەران و کاربەدەستانی دەوڵەت ئێعترافی پێدەکەن، گوێ نەدانی بە بەرنامە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەوان و پلانی زۆر بۆ بێبەشکردنی ئەو خەڵکە لە بەشداریکردنیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ڕێگەی شەقامیان گرتەبەر. ئەو خەڵکە کە نیزام و لەسەرووی هەموانەوە دەزگای ڕێبەری بە هۆکاری ئەو ستەم و نەهامەتییانە دەزانی، گۆڕانی نیزامیان وەک تاکە ڕێگەی بەردەمیان دەدیت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ڕێبەرانی نیزام سەرمەست لە پێداهەڵگوتنەکانیان بە سەرکەوتنەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان و بێ ئاگا لە دەروونی پڕ خرۆشی خەڵک، تەنیا چاویان بڕیبوە توانای هێزە ئینتیزامییەکان و هێزی سپای پاسداران. ئەو هێزانەی کە دەرکەوت لە ڕۆژانی هاتنە سەر شەقامی خەڵک چەندە بەرامبەر، بە هێزی خرۆشاوی خەڵک دەستەوەستانە.

## هاونیشتمانانی بەڕێز

ساڵانێک بوو کە ڕێبەری نیزام دەیەویست بە بەهانەی دوژمنکارییەکانی خەیاڵیی دنیای دەرەوە چاوبەستی خەڵک بکا و لەو بەربەرەکانێدا کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلانی ئێرانی تێدا نەبوو، ئیدعای دەکرد کە خەڵک لە پشت سەری نیزامە و هیچ لایەنێک بە بوونی ئەو خەڵکە ناتوانی چاو لە ئێران بکا. ئەوان کە بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان و تەنیا بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی نیزامەکەیان ببوونە هۆکاری دروستبوونی فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران کە هیچ خێرێکی بۆ خەڵک جگە لە چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، فەقر ، پەرەسەندنی فەزای نائەمنی و بێ باوەڕی و لێکترازانی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبوو، بە بەرەوپێش بردن و درێژەپێدان بەم سیاسەتانە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەیان دەردەخست کە ڕێبەرانی جۆراوجۆری نیزام هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک بەرامبەر بە ژیان و داهاتووی خەڵک ناکەن. پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ بە پێچەوانەی ئیدعا و بەڵێنەکانی سەرۆککۆمار لە کاتی هەڵبژاردنیدا لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە، کە بەشە خزمەتگوزارییەکان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە تایبەت بەشەکانی پەروەردە و لەشساغی کەمترین پشکیان بۆ دیاریکراوە لە حاڵێکدا لە وڵاتێکی قەیراناویی ئابووری وەک ئەمڕۆی ئێراندا دیسان بوودجەی دیفاع و سپای پاسداران زیاتر لە سی دەرسەد زیاد دەکرێ، نیشانەیەکی ڕوونە بۆ گوێ نەدانی ئەوان بە چاوەڕوانی و ویست و داخوازەکانی خەڵک تەنانەت ئەوانەش کە لە گەڵیانن.

## هاووڵاتیانی خۆشەویست

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە و بەر لە هەموو خەڵکی ئێران، هەستی بە بێ کیفایەتی ئەو ڕێژیمە کردوە و بە بەشداری نەکردن لە ڕێفراندۆمدا لە بناغەدا ڕەوابوونی ڕەت کردوەتەوە و ئیستاش بەشێکن لەو لەشکرە میلیۆنییەی خەڵکی ئێران کە لەگەڵ ئەوەی بە زیادەوە باری قورسی ئەو زۆڵم و بێدادییەیان لەسەر شان ڕاگرتوون، بە درێژایی ٣٨ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خەبات دەکا. ئەم گەڵە لەو ماوەدا هەوڵی داوە بە خەباتی خۆڕاگرانەی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، بوون و مانی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێ و ئەگەر لە بەرەنگاری پێشمەرگانەدا مێژوویەکی سەربەرزانەی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لە بوارەکانی دیکەشدا چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی لە بواری تێکۆشانی مەدەنیدا کارنامەیەکی پڕشنگداریان بۆ گەلەکەیان نەخشاندووە. ئەگەر دەوڵەت تا ئێستاش ئامادە نەبوە تەنانەت مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی نیزامەکەیان بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێراندا جێبەجێ بکا، مامۆستایان و کوردی زانانی کوردستان، بە ماندووبوون و هەزینەی خۆیان هەوڵی فێرکاری زمانی کوردییان داوە و بە هەزاران منداڵ و لاوی کوردیان بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی شیرینی خۆیان ئاشنا کردوە. شاعێران و ئەدیبان بە بەردەوامی چرای کۆڕە ئەدەبییەکانیان ڕۆشن ڕاگرتووە و هەڕەشەکان نەیانتوانیوە پێش بە دەربڕینی هەستی ناسکی کوردانەیان بگرێ. ژینگەپارێزان، مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر و تەنانەت ئەوانەش لە کاری خزمەتگوزاریدا بە یارمەتیدان بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک یا بنکەیەکی پزیشکی بۆ شار و گوندەکەیان، بە تێکڕا نیشانیان داوە کورد نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئەرک وەخۆگرە و هیچ ڕێژیم و سیاسەتێک ناتوانێ بیری ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ئەوان کە هەڵقوڵاو لە بیری نیشتمانپەروەرانانەیانە لە بن بێنێ. لەم ڕێگەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پاڵپشت و یارمەتیدەری هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەزانێ و هیواخوازین درێژەی ئەم تێکۆشانە لە بەرەبەیانی ئازادیدا یارمەتیدەر بێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئازاد و دێموکراتیک، ئەوەی لە کۆماری کوردستاندا هەوڵی بۆ دەدرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

ئێستا بە ڕوونی و بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەکی لە بەر دەمدا نەماوە بۆ چارەسەری و خۆرزگارکردن لە چنگ ئەو هەموو قەیرانەی کە خۆی و بەرنامەکانی خوڵقێنەری بوون. ئەو ڕێژیمە یا دەبێ تەسلیمی ئیرادەی بە هێزی خەڵک بۆ گۆڕانێک بێ کە هەموو ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و سەرجەم خەڵکی ئێران دابین بکا کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە، یا جارێکی دیکە دەکەوێتە بەر ڕقی پڕ خرۆشی خەڵک و ئاواتی کۆتایی تەمەنی وەدی دێ. بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاترەوە، لە هەر بوار و لە هەر فرسەتێک بۆ خەباتی یەکگرتوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانمان کەڵک وەرگرین. دیارە لێرەدا بە گرینگییەوە دەبێ بڕوانینە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ یارمەتیدان بەم یەکگرتووییە. ئەرکێک کە هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لێیەتی.

## بەڕێزان!

ئێمە لە بیرەوەری ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، بە هیوا و گەشبینییەوە دەڕوانینە داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران بە گشتی. ئێمە ئێستا لە هەمووکات زیاتر بێزراویی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵکی ئێران و لێبڕاویی گەلانی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی زۆرداری و دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمە دەبینین. هەر بۆیە پەیامان لەم ڕۆژەدا بۆ ئێوە ئەندامانی حیزب، هۆگرانی ڕێگە و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە، پێویستە یەکگرتوانە و شێلگیرانە لە قۆناغی ئێستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا حوزوورمان هەبێ.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەتان لێدەکەین، بە هیوای وەدیهێنانی ئامانجە لە مێژیینەکانتان

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

١ - ١١ - ١٣٩٦ - ١ - ١ - ٢٠١٨

## پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ۲ی ڕێبەندان




خەڵکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بنەماڵەی دەروەستی شەهیدانی جووڵانەوەی نەتەوەیی دێموکڕاتیک و عەداڵەتخوازی کوردستان، ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد:

درێژە پێدان بەو باوەڕەی ژێ - کافی ئافراندو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لەسەر بنچینە هزرییەکانی ئاوا کرد خوێندکارانی میراتگری سوێندی وەفا بە کۆمارو خاکی وڵاتی هاندا بۆ ئەوەی لێرەوە لە هەڵگوردی شوناسی شۆڕشی نوێمانەوە پەیامی پیرۆزبایی ۷۳ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئاوێتەی ڕووحی خاکی پۆشانی دێموکڕاتو سەرکەشی غرووری هەڵگوردئاسای پێشمەرگەکانی هاواڵی بەفرو کڕێوەی مەڵبەندی شۆڕشی نوێو عەوداڵی پیرۆزترین وشەی دنیا واتا ئازادی بکەینو لێرەوە یادکەین لە یەکەمینو دێموکڕاتیکترین ئەزموونی دەسەڵاتدارێتی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

۲ی ڕێبەندان لە ئێوە زەبیحیو قزڵجییەکانی سەردەم، لە هێمنەکانی ڕۆژو یارانی بەوەفای هاواری نیشتمان، لە ئێوە ئەوانەی خەونی شڵەقاندنێکی یەکجاریی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بۆتە بە مەلەکەی زەینتانو بە ڕووحی پێشەنگی شەریفزادەو موعینیو مەلائاوارەوە ئەوین بە خاک ئاوێتەی ئیلاهیترین ڕوانینەکان دەکەن پیرۆز بێ.

۲ی ڕێبەندانو کۆماری کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییە لە زاری دوژمن تاڵەن کە کورد وەک خاوەنی یەکەمین سیستەمی دێموکڕاتیکو سۆسیالیستی مێژوو و هەڵگرانی سەرەتاییترین بایەخە پیرۆزەکانی شۆڕشی کشتوکاڵو ژیانی دێموکڕاتیکو کۆمەڵگاو بنەماڵەی دێموکڕاتیک مێژوو دووپات کردنەوە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوەو ئەگەر جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستاش ئینسان بوونی تێدا نەمردووەو ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ بە لووتکەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی چاوی لێدەکرێ بێگومان ئەوە باوەڕێکی هەڵقوڵاوی ناخی کلتووری کۆمەڵگای کوردەوارییە. گەلی کوردو ئەوانەی کۆماری کوردستانیان لە ئێرانی ساڵەکانی ۲٤ و ۱۳۲۵ دا تێئۆریزە کرد کەماڵی دێموکڕاتیک بوونی کلتووری سیاسی کوردستانیان نیشانی دنیای بە قەول مۆدێڕن و هێزە شبهە ئازادیخوازو چەپە کلاسیکییەکانداو فەرمانی ئیرادەی گەلسەروەرەیان بە پراتیک بە دۆستو دوژمن سەلماند.

کۆماری کوردستان بوو بە هەوێنی ئەو ڕاستییە جەوهەرینەی کە کوردستان ناتوانێ لانکی ئیرتجاعو دواکەوتوویی بێ، لە کوردستانی ئێمە قازی عەدل مامۆستای ئایینیو گوندیو شاری کورد لە چوارچێوەی فۆڕناسیۆنێکی بیرکردنەوەی لیپاولیپ لە پێکەوە ژیانی نەتەوەییو قەبووڵ کردنی جیاوازیو چەندایەتیو چەند ڕەنگیدا دەچنە نێو پرۆسەی مێژووی سیاسی دنیاو هیچ شتێک بەقەد ئەندێشەی دێموکڕاتیک لە لای ئەوان شیرین نییە.

پیاو سالاری وەک زێهنییەتێکی مێژوویی گورزێکی گرانی وێدەکەوێو ژنان بەشداری پرۆسەی سیاسی دەبنو ئیدی سیاسەت لە مالکییەتی نێرینەدا نامێنێ. ئەشرافو فێئۆداڵە خۆفرۆشو ئاغا خۆپەرستەکان ترسی ڕمانی کۆشکە بە خیانەت سازکراوەکانیان لێدەنیشێو کوردبوونی ڕاست ئەگەر بە زەبری هێزیش بێ شک ئەمری واقع بەسەریاندا دەسەپێ. خوێندکاری کورد بوورسی خوێندن وەردەگرێو ڕەوانەی زانکۆی وڵاتانی خاریجی دەکرێتو زانستو خۆ تەیار کردن بە چەکی مەعریفە دەبێتە بە یەکێک لە گەورەترین خۆزیاکانی بەڕێوەبەرانی کۆمار.

پاراستن لە چوارچێوەی ڕووانینی لیبرالیزمدا قەتیس نامێنێو ژنو پیاوو بەسالاچووی کورد پارێزوانی لە کۆمارو شار دەکەن. بەندیخانە ترۆ دەکرێو مرۆڤ بە شایانی ئازادی ڕەها دادەنرێ، شاعیرو نووسەر قەدریان دەگیرێو بازاڕ بەرەکەتی تێدەکەوێو فەزایەکی ئیدەئالی سیاسی لە کوردستان دێتە ئارا.

لێ مخابن هێڵی خیانەت بە شاراوەیی لە بەرابەر هێڵی بەرخۆدانی نەتەوەیی دەکەوێتە تەڤگەرو هاڵسووڕانو پێش ئەوەی دوژمنانی کۆمارو ئالاهەڵگرانی ژینووسایدو عەزی پێشەوا بخینکێنن جارێکی دیکە ژێرپێی سەرکەردەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شۆڕشو شۆڕش خاڵی دەکەنو دەبنە یارانی مووسا. ئەوجار مووسای کوردان بێجگە لەوەی بە گیانی خۆی پێش بە کوشتاری خەڵکەکەی بگرێ، ڕێگایەکی دیکە لە پێش خۆی نابینێ!.

خوێندکارانی ئازادیخواز، پێشمەرگە خوێندکارەکانی شۆڕش بە درێژایی ئەو مێژوویە بینیمان چۆن نەتەوە خوازیو جمهوورییەتو دێموکراسی بوونە بە ئارمانەکانی پێشەواو حیزبی دێموکراتی کوردستانو لە ١١ مانگدا هەوڵی نەهادینە کردنیان لە نێو کۆمەڵگادا درا، ئەو هەوڵانە لە دوای تێکچوونی کۆمارەوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامنو ئێمەی مەحکووم بە وەدی هێنانی خەونەکانی پێشەوا، ئێمەی پێشمەرگەکانی ڕێبازی قاسملوو و شەرەفکەندی سەنگەری شەهادەتی شەهیدانی ڕێگای سەربەستی کوردستانمان ئاوەدان ڕاگرتووە لە هەمانکاتدا ئەوەشمان لەبەر چاوە، هێڵی خیانەت لە کوردستان هەر بەردەوامەو پرۆژەی لە کەرامەت ششتنەوەی تاکی کورد واتا جاشایەتیو خیانەت هەروا درێژەی هەیەو پیلانی لەنێو بردنمان لە دەستووری کاری ژوورەکانی ئیتلاعات نەچۆتە دەر، بێ وەلام نابین.

ئێمە لێرە لە چیاکانی کوردستان وەبیر دەسەڵاتی تاران دەهێنینەوە هەر دوێنی بوو لە بۆکان هاواری "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" بوو بە شووعاری خۆپێشاندەران، ئێمە دوای ئەو جێژنەو هەتا ڕێبەندانی داهاتوو ئاستی تێکۆشانمان بەرز دەکەینەوەو سەرهەڵدانەکانی ئەو دواییانەی گەلانی ئێران بۆ لەنێو بردنی دیکتاتۆری مەزهەبیو فاشیزمی فارس دەکەین بە ڕووحی جەسارەتی زێدەترو دڵنیابن سەرکەوتن بەشی ئازادیو شکان هەر نسیبی ملهووڕییە.

خوێندکارانی کورد لە گرتووخانە بکوژن، ژنە چالاکی کورد دەسبەسەر بکەن، ئەدی پێمان نالێن لەگەڵ شەونووسینی مەرگ بەر دیکتاتۆری کچانی سەرشەقامو سووتاندنی بنکەکانی بەسیجتان چ دەکەن؟ وەبیرتان دێنینەوە د. قاسملوو بە کریس کۆچیرای کۆچکردوو دەبێژێ: هەزاری دیکەشمان لێ شەهید بکەنو گرتووخانە جێگای ئازادیخوازی کوردو گەلانی ئێران نەبێتەوە سەرکەوتن بۆ ئێمە کوردە نامووسییەو هیچ حیسێبێک بۆ سیستەمی شەڕی تایبەتو پرۆژەی تێرۆرو ئاسیمیلاسیۆنیان ناکەین. "ئێمە فرچکمان بە نرخی ئازادی گرتووە چوونکە قاسملوو ئاوای فێرکردووین".

هاوڕێیانی هێژا، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا کە ئێمە یادی جێژنی دووی ڕێبەندان دەکەینەوەو لە چوارچێوەی بەهێزکردنی

کوردۆلۆژی کوردیداو لە بەرامبەر سستکردنی هێڵی دابڕانی نەتەوەییو لەتوکووت کردنی زەینییەتی شووناس‌خوازی کورد کە داگیرکەران لە ڕێگەی شەڕی تایبەت، دیپلۆماسیو گرێدراوکردنی خەباتی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بەخۆیان هەوڵی بۆ دەدەن، ئێمەی خوێندکارانی دێموکڕاتو قوتابخانەت پێشەوا قازی ڕێز دەگرین لە بەرخۆدانی گەلی ڕۆژاوای کوردستانو عەفرینی زەیتوونی دەستەخوشکەی ڕۆژهەڵاتی بەڕوو کە بە پشت بەستن بە ئیرادەی خۆیان خەریکی ململانێو خەباتێکی خوێناوی لە بەرامبەر دەستەبرا دیکتاتۆڕو فاشیستە بیر سەفەویستەکانی تاران واتا نێئۆ عوسمانییە فاشیستەکانو ڕاسیزمی دینی "ئاکەپە" دەبنەوە ڕایدەگەیەنین گەلی کوردستان ئیدی بڕیاری یەکجاریی بۆ ڕزگاریو سەربەستی داوەو " ئێف ١٦"و ڕەشەکوژی زۆر لەوەی چووکەترن ئازادیو ڕزگاری لە گەلی کورد بستێننەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سڵاو لە یادی ٢ڕێبەندانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو پێشەوای یەکەم ڕێبەری سیاسی، یەکەم کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕێبەری حیزبی دێموکڕات؛
بڕووخێ فاشیزم و سڵاو لە بەرخۆدانی گەلی عەفرین و هەموو گەلی ڕۆژاوای کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنانی دێموکرات بەبۆنەی دووی ڕێبەندان ساڵیادی ٧٢ ساڵەی کۆماری کوردستان



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی دێموکرات!**

خەڵکی خۆشەویستی کوردستان! میراتگرانی راستەقینەی کۆمار و پێشەوای موعەزەم، پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئەو کۆمارەی کە مەیدانی جێ خستن و نەهادینە کردنی سیمبولە نەتەوەییەکان بوو و لە پڕۆسەی میلەتسازی مۆدێرندا بە واتای سیاسی و دامەزراوەیی دەوری کارای گێڕا و یەکەمین کۆماری میلی دێموکراتیکی کورد بوو.

رێبەرانی میللەتان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان بە دەرکی خۆیان لە واقعیاتی سیاسی هەوڵ دەدەن بەدوای رێگاچارەی دەربازبوون لە قەیرانەکاندا بگەرێن و لە نەتەوەی ئێمەش پێشەوا قازی لەو دەگمەن رێبەرە دەروەستانە بوو کە بە دەرکی دروست لە شەرایتی ئەوکاتی کوردستان تێکۆشا کە بیری نەتەوەیی لە ناو نوخبەکانی کوردی ئەوکات بگوازێتەوە ناو گۆڕەپانێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی و بەستینێک ئامادە دەکات کە حزبی دێموکرایت دابمەزرێنن. پێشەوا قازی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراند بۆوەی دامەزراند کە دەسەلات بەدەستەوە بگرێت و کۆمەڵگا ئیدارە بکات هەربۆیەش ئەو خوێندنەوە دروستە بوو کە بوو بە هەوێنی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن حیزبی دێموکرات و پێشەواکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆماری کوردستان بە دیرایەتی پێشەوا قازی بیرۆکەی هێنانە پێشی لاوان و ژنان بۆ ناو کایەکانی سیاسی و حیزبایەتی و حکومەتداری بەحەدێک دەقیق بوو کە لاوانی گۆشکراوی کۆمار دوای روخانی کۆمار و شەهیدکرانی رێبەرانی کۆمار، جارێکی تر حیزبی دێموکراتیان بونیاد نایەوە و درێژەیان بە تێکۆشانی ئەو حیزبەدا. پێشەوا قازی لە سەردەمێکدا ژنان دێنێتە مەیدانی کاری رێکخراوەیی کە لە ئێرانی ئەوکات تا ئێستاشی لەگەڵدایێت دوای ٧٢ساڵ لەو سەردەمە هێشتا مافی تیکۆشانی سیاسی بۆ ژنان بەرەوا نابینرێت. لەسەردەمێکدا کە بیری عەشیرەیی و ریش سپی گەری و باوکسالاری زاڵبوە، پێشەوا قازی تەمرینی حکومەتداری و حیزبایەتی و سیاسی بە لاوان دەکات و ئەمەش دیرایەتی ئەو رێبەرە مەزنە بوە.

**ئازیزان!**

ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تاقی کردنەوەی ئەزمونەکانی حکومەتداری لە تاران و تەجروبەی رێژیمەکانی شاهەنشاهی و ئیسلامی ئێستا، بەو ئاکامە گەیشتووین کە ئەقڵیەتی تاران لەهەمبەر کورد و نەتەوەکان، بە گۆڕینی رێژیمەکان ناگۆڕدرێت و بۆیە پێویستە کۆمەڵگای کوردی رۆژهەڵات بە یەکگرتوویی خۆی ناونیشانیکی بەهێزی کوردی بدات بە تاران کە نەتوانێت پرسی کورد پەروایز بخات و تەنانەت لە ئەگەری روخانی ئەو رێژیمەش دەبێ رێژیمی داهاتوو بزانێ ئەگەر بێت و کورد و نەتەوەکانی ئێران نەخوێنێتەوە و لەبەرچاویان نەگرێت و بەشداری پرۆسەی سیاسیان نەکات ئەوا چارەنووسی رێژیمەکانی پێشووی دەبێ .

ئێمە لەسەردەمێکدا یادی کۆماری کوردستان دەکەینەوە کە بە خۆشیەوە کۆمەڵگای کوردی رۆژهەڵات خوێندەوارە و توانیویانە لە فەزای داخراوی سیاسی ئێراندا لە بواری جوارجۆر لەپێناو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بێنە دەنگ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوان و ژنانی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆکە لەسەر بنەمای کۆماری کوردستان و پێشەواکەی، بۆ جێ خستنی هەرچی زیاتری پرۆسەی میللەتسازی لەمەیداندان و تێدەکۆشن و بە تیکۆشانی خۆیان توانیویانە تاحەدێک پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەن و ئەو پەیامەیان داوە بە کۆماری ئیسلامی کە بە پیلانگێڕی ئیتر ناتوانێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات پەراوێز بخات. پەیامەکەی ئێوە گەیشتۆتە شوێنی خۆی و بە تێکۆشانی زیاتریئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم پەیامە باشتر جێ دەکەوێ.

ئێوە لە جەریانی جێژنی ڕێفراندۆم و کارەساتی کرماشان بە تەعەهودێکی میللی و یەکگرتوانە و بە هەرەوەزی نەتەوەیی خۆتان سنوورەکانی کوردستانتان دیاری کرد، ئەوی ئێوە کردتان چی وای کەمتر نەبوو لە ڕێفراندۆم، ئێوە دەوڵەتی کوردستانتان لەسەر بنەمای ئەخلاق و نیشتمانپەروەری ڕاگەیاند.

جارێکی تر بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان گەرمترین پیرۆز بایی لە ئێوە و لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم بۆ زیندوومانەوەی میلەتەکەمان گیانیان دانا و زیندانیان کێشا و ئەشکەنجە دەدرێن و دووری ئازیزان تەحمول دەکەن.

هەر بژین و سەرکوتوو بن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



# ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان، لە پەیامێكدا ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستانی پیرۆزبایی كرد

**ڕێكخراوی مافی مرۆڤی كوردستان RMMK)) پیرۆزبایی لە ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستانی كرد.**

**ڕێكخراوی داكۆكی لە مافی مرۆڤی كوردستان، لە ڕاگەیندراوێكدا بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی كۆماری كوردستان، بەرگریی لە مافی چارەنووسی خەڵكی كوردستانی بە ڕووداوێكی مێژوویی و هەوڵێكی ژیرانە لە قەڵەم دا.**

**لە بەشێكی ئەو پەیامەدا هاتووە كە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی، ڕۆژی دامەزراندنی یەكەمین دامەزراوەی مەدەنی .**

**دەوڵەتی كورد لە "ڕۆژهەڵاتی كوردستان" و ڕۆژی دامەزراندنی كۆماری خودموختاری كوردستان لە ئێرندا، ٧٢ ساڵی بە سەردا تێپەڕ بوو.**

**لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەنداندا، قازی محەممەد لە بالآی ڕێبەرێكی نەتەوەیی، هاوئاهەنگ و هاوڕێ لەگەڵ ویست و خواستی بزووتنەوەی ئازادیخوازنە و خودموختاریخوازانەی خەڵكی كورد، ئەو كۆمارەی ڕاگەیاند.**

**قازی محەممەد وەک یەكەمین سەركۆماری كورد، دەوڵەتێكی لەسەر بنەمای مافە نێودەوڵەتییەكان دامەزراند. دەوڵەتێک كە لە سەردەمی خۆیدا بەپێی لەبەرچاوگرتنی ئەسڵەكانی دیموكراتیک و كۆماری و مەدەنییەت جێگای**



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شازنازیی گەلی کورد بوو.

هەروەها ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، وەک یەکەمین ناوەندی مەدەنی . مافی مرۆڤی داکۆکی لە دیاریکردنی مافی چارەنووس لە کوردستان، هاوئاهەنگ و هاودەنگ لەگەڵ خەڵکی کورد، ساڵرۆژی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی و بە واتایەکی دیکە کۆماری خودموختاری کوردستان لە ئێراندا پیرۆزبایی دەکا و ئەو ڕووداوە مێژووییە بە خەڵکی کوردی هەر ٤ پارچەی کوردستان، بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەلات پیرۆزبایی دەڵێ و بە دەسکەوتێکی مێژوویی گرینگ دەزانێ.

شیاوی باسە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ٢٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٨٤ی بە مەبەستی گرینگی دان بە ماف و ویستی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە سەر دەستی سدێق کەبوودوەند دامەزرا.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



## ڕێزگرتن لە یادوبیرەوریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

## لە دەرەوەی کوردستان:

### بەڕێوەچوون ڕێورەسمی ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئاڵمان




ناوەندی هەواڵ- ئاڵمان: کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاڵمان ڕۆژی شەممە ٣ی فەورییەی ٢٠١٨ی زایینی بۆ ڕێزلێنان لە ساڵیادی کۆماری کوردستان مەڕاسمێکی بەشکۆی لەشاری فڕانکفورت پێک هێنا.ئەو مەڕاسمە کە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و کوردانی تاراوگەی نێشتەجێ لە ئاڵمان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان بەڕێوە چوو، سەرەتا لەلایەن پێشکەشکارانەوە هاوڕێیان سەیران بایەزیدحوسێنی و خالق شەریفی دوای بەخێرهێنانی بەشداران بەسروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب وساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان کرایەوە.

دوای خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان لە لایەن هاوڕێیانی پێشکەشکار، بۆپشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی و بەتایبەت ڕامین حسێن پەناهی و هیدایەت عبدووڵاپوور بە نیشانەی وەفاداری هەستانە سەرپێ وحوکمی ناعادڵانەی سەپێندراو بەسەریاندا مەحکووم کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوا لە هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەری دێرینی حدک کاک عەبدووڵا عەبدالّی ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان کرا کە بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان وتارێک پێشکەش بکات.

بەڕێزیان لە وتەکانی خۆیدا باسێکی لە ساتەکانی ڕاگەیاندنی کۆمار کرد کە فرمێسکی شادی لە چاوی بەشداراندا قەتیس ما. لە بەشێک لە وتەکانیدا گوتی کە لە ٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٥ی کوردی بەرانبەر بە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٥ی زایینی لە شاری مەهاباد یەکەم کۆماری کوردی واتە کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوای مەزنی گەلی کورد قازی محەممەد و بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێت. خەڵکێکی زۆر لە دوو شەقامی شارەکە کە تێکەل بە چوارچرا دەبوونەوە، ئاپۆرایان بەستبوو وچاوەڕێی هاتنی پێشەوایان دەکرد.کۆمیتەی ناوەندی لەبەردەرگای مەحکەمە چاوەروان بوو. جەنابی پێشەوا و کاک حاجی بابەشێخ بە کوڵانی مەحکەمەدا بەرەو چوارچرا شۆر دەبنەوە. لە سەفی پێشەوەی پێشوازیدا دەست لەگەل ژێنراڵ بارزانی و چەند کەسایەتیەکی تر لێدەدەنەوەوبەرەوچوارچرا بەرێ دەکەون.لەوکاتەدا دەبێتە چەپڵەڕێزان وبە مارشی کوردی وسروودی میللی کوردستان شار دەنگ دەداتەوە. جەنابی پێشەوا پێش ئەوەی بچێتەسەر سەکۆی چێو کە بۆ ئەم مەبەستە سازکرابوو، داوا لە کۆمیتەی ناوەندی دەکات کە قورئان و نەخشەی کوردستان و ئالای پیرۆزی کوردستان بێنن. بەرپرسی شارەوانی بەڕێز غەنی خوسرەوی ڕێوڕەسمەکە دەکاتەوەو پیرۆزبایی لە جەنابی پێشەوا دەکات. جەنابیان سوێندی یاسایی دەخۆن وهەر لەو کاتەشدا وشەی پێشەوا کە زۆر شیاووڕەوایە، بە باڵای پێشەوا دەبڕدرێ و دەبێتە پێشکۆی قازی نەمر. سوێند بە خوا، بە کەلامی خوا وبە نیشتیمان وبە ئاڵای پیرۆزی کوردستان تا ئاخرین هەناسەی ژیان و تا ئاخرین تنۆکی خوێن بەسەروماڵم پارێزگاری لەسەربەخۆیی کوردستان و ئاڵای پیرۆزی دەکەم و وەفادار دەمێنمەوە، ئاخرین وتاری پێشەوای نەمر دەبێ لە چوارچرا. لەو شوێنە کە لە پێناویدا سەری دانا.ئەم ڕۆژە دەبێتە خۆشترین ڕۆژ لە مێژووی هاوچەرخی کورددا.

بەڕێز عەبدالّی هەر لە درێژەی باسەکەیدا ئاوڕێکیشی لە وەزعی ئێستای ئێران دایەوەوبەتایبەت تیشکی خستە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران وبە وەرچەرخانێکی گرینگی لە قەڵەم دان کە دەتوانن ببنە سەرەتایەک بۆ کۆتایی هاتنی ڕێژیمی ئێران. هەروەها لەسەر شەرخوازیەکانی دەوڵەتی تورک دژی کوردانی ڕۆژئاوا دوا و وێڕای مەحکووم کردنی هیوای خواست کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەئاست ئەو شەرە نارەوایە بێدەنگی بشکنن و پشتیوانی حیزبی دێموکڕاتی بۆ گەلی ڕۆژئاوا دووپات کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا هاوڕێ جەهانگیر قوربانی پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمەر هێرشی تورکیە بۆ ڕۆژئاوا وعەفرین خوێندەوە. دواتر ژمارەیەک حیزب و لایەن بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی کۆماری کوردستانەوە پەیامیان ناردبوو، پەیامەکانیان پێشکەش کران. کۆتایی ئەم بەشە بریتی بوو لە خۆیندنەوەی پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن بەڕێز بێهزاد کارساز. نێوئاخنی بەرنامەکەش بریتی بوو لەچەندین پارچە هەڵبەست و شێعر لە لایەن پێشکەشکارانەوە.

لە کۆتایدا هونەرمەندان عەلای سەلاحیان، محمد بۆکانی وگرووپی هەندرێن بە چەندین ئاوازوگۆرانی کۆڕەکەیان ڕازاندەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئاڵمان

٣ی فێبریویری ٢٠١٨ی

## بەڕێوەچوونی سمیناری ٢ی ڕێبەندان لە شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی سوید



ناوەندی هەواڵ - سوید: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٨ی زایینی، بەرامبەر بە ٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە

کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوید، نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و کەسایەتی سیاسی و ئەندام و دۆستانی حیزبەکەمان، سمیناڕیکی پڕ نێوەڕۆکی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

سەرتای سمینارەکە بە سرودی دوژمن شکێنی ئەی ڕەقیب و پاراستنی خولەکێک بێدەنی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ نەبەز عەلیدووست ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی سوید وەک بەڕێوەبەری بەرنامە بەخێرهاتی میوانان کرد و پاشان وتەیەکی کورتی لە سەر ٢ی ڕێبەندان و هۆکاری پێکهێنانی سمینارەکە پێشکەش کرد.

بە دوای ئەو دا فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە لە لایەن تەلەفزیۆنی کوردکاناڵەوە ئامادە کرابوو، بە ڤیدیۆسلاید نیشانی ئامادە بووان درا. دوای بەدوای ئەو فیلمە نۆبە گەشتییە بەڕیز کاک خالید عەزیزی.

## ئەوەش بەشێک لە قسەکانی کاک خالید عەزیزی لە سمیناری یادی کۆماری کوردستان لە سۆئێد



**میوانانی خۆشەویست!**

**خوشک و برایانی ئازیز!**

پڕ بە دڵ هەموو لایەکتان بە خێرهاتن دەکەم. پێشەکی بۆ یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزە، هەروەها بۆ بەشداریتان لە

بەحس و بابەتێک سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران، ٧٢ ساڵ دوای کۆماری کوردستان بەخێرهاتنتان دەکەم. هەروەها جێی خۆیەتی لە ساڵیادی کۆماری کوردستاندا پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە بکەم کە بەشێکتان لێرە کادرانی پێشوو و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بوون، بەشێکتان یا ئەو سەردەم لە دایک بوون یان لە دەورووبەری پایتەختەکەی کۆماری کوردستان لە دایک بوون، یا بە درێژایی مێژوو ژیانی سیاسیتان لە نێو حیزبی دیموکرات، ئاڵای کۆماری کوردستانتان لە حەدی خۆتاندا شەکاوە ڕاگرت و ئێستاش هەر بە هیوای شەکاوە بوونی ئەو ئاڵایە لە داهاتوو دا لە پێناو ڕێبازەکانی کۆماری کوردستان کار دەکەن. هەروەها پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە لە جەمعێک لە ئێوە دەکەم کە کەم ئەندامی ڕێبازەکەی کۆماری کوردستانن و لێرە حزوورتان هەیە و کەم ئەندام بوونی ئێوە دیسان هەر لە پێناو ڕێبازەکەی قازی محەممەد و بە ئاکام گەیشتنی ئاواتەکانی کۆماری کوردستاندا بووە.

جێی خۆیەتی هەر لێرەوە پیرۆزباییەکی تایبەتی بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی کۆماری کوردستان، لەو شوێنە بکەین کە کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کوردستانی ئێران و بەتایبەت لە پایتەختەکەی کۆماری کوردستان مەهاباد. ئێستاش دوای ٧٢ ساڵ سەرەڕای زوڵم و زۆری و هەموو کاری سەرکوبگەرانەی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا نیشانیان دا ئەو موئەسیساتەی کە بە ناوی کۆماری کوردستان درووست بوو و لەو دوای ماوەیەک تێکچوو، بەڵام دیسان ڕووحی نەتەوایەتی و بە دوادا چوون بۆ وەی کە خەبات و جمووجوڵی مەدەنی، خەبات و جموجوڵ لە کوردستانی ئێران لە پێناو مافەکانی خۆیان بکەنەوە بە موئەسیسە، بەردەوام دەچێتە پێشێ. بۆیە هەمووی ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا بە موناسبەتی جۆراوجۆر هەوڵ و تێکۆشان و فەعالیەتی خەڵکی نیوخۆی وڵات بە ژن و بە پیاو، لە شار و دێهاتەکانمان بینیوە کە ئامادە بوون لە پێناو ڕێبازەکەی کۆماری کوردستان، لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیان تەحەموولی زەحمەتێکی زۆر بکەن، تەنانەت تەحەموولی ئەوە بکەن لە زیندانەکاندا بن، شکەنجە قبووڵ بکەن و بەشێک لەوانە حوکمی ئێعدامیشیان لە سەر بدرێ. بۆ ئێمە لە نێوخۆی وڵات ئەوەی لەو چەند ساڵەدا ڕووی داوە، دەکرێ بڵێم شانبەشانی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکان بە تایبەتی حیزبەکەی پێشەوا قازی محەممەد و پێشمەرگانە جێگای ئیفتیخارە، جێگای ئیفتخارە. ئێمە شانازی دەکەین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی ئەو خەڵکە بە تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەچێتە پێشێ.

لانیکەم دوو نموونە نیشانی دا کە شعووری سیاسیی کورد لە ئێران ئێستا بە خۆشییەوە و ئێحساسی مەسئوولییەت بەرامبەر بە بەدواداچوون بە نیسبەت مافە نەتەوایەتییەکانیان ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە دایە. لە باشوور، یان لە

کوردستانی عێراق ڕێفراندۆم دەکرێ بەڵام لە کوردستانی ئێران عەقڵەییەتی ڕێفراندۆم بە هاتنە سەر شەقام نەهادینە دەکەن. لە کرماشان بومەلەرزەیەک بەشێکی زۆری ئەو ئوستانە دادەگرێ، داموودەزگای کۆماری ئیسلامی کە بە لێشاو پوڵ و پارە لە خزمەت تێرۆریستان لە دەرەوەی سنوورەکەی خۆی دادەنێ، تا چەند ڕۆژیش نەیدەزانی لە کرماشان چی ڕوو دەدا، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سازماندەیی و خۆڕێکخستن و بە عەقلیەتی بە موئەسیسەکردنی کوردایەتی و فەعالیەتی سیاسی وەدەنگ هاتن و هاتنە سەر خەت و ئەو پەیامەیان دا بە خۆیان کە دەتوانن کار بکەن لەوێ، ئەو پەیامەیان دا بە تاران کە دەتوانن وەدەنگ بێن لە سەر هاونیشتمانیان خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو پەیامەیان دا بە شوێنەکانی دیکەش کە لە کوردستانی ئێران، بە شێوازی جۆراوجۆر لە مەیدان دان. بۆیە دەڵێم بە موئەسیسەکردن، زۆرتر ئەو بیرۆکەیە دێتەوە گۆڕێ کە ئایا کەس یا حیزب یا خەڵک وەک جەماوەر، یا بە موئەسیسەکردن کەڵک لە دەرفەتەکان وەردەگیرێ؟ بۆیە دەڵێم دەرفەتەکان، کۆماری کوردستان جیاواز لەو مێژووە کورتە کە پەیوەندی دار بوو بە ژ - ک، هونەری قۆستنەوەی فورسەت بوو و قۆستنەوەی فورسەت لە کۆماری کوردستان، لە ڕاستی دا بێ ئێغراق هونەری شەخسی پێشەوا قازی محەممەد بوو. هەلومەرجێک لەو ناوچەیە دێتە گۆڕێ  جموجوڵی فکری کوردایەتی بەو شێوەی کە لەو کورتە فیلمەدا باس دەکرێ، لە ژوورەکانی بەستە بە نێوی کۆمەڵەی ژ- ک لە گۆڕێ دایە. پێشەوا زۆر زوو بەو قەناعەتە گەیشت بەو جووڵانە فکرییە لە ژوورەکانی داخراو و بە سوێند خواردن ناکرێ ئەو فورسەتە بقۆسترێتەوە، بۆیە زۆر زوو موئەسیسەی بۆ دا نا. یەکەمین موئەسیسە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، لە شکڵی ژوورەکانی هێنا دەرێ. لە ماوەیەکی کورتدا تۆ دەبێ فکر لە موئەسسە بکەیەوە، لە شێوانی ناوچەکە فکر لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکەیەوە، لە دواکەوتوویی و نە خوێندەواری کۆمەڵگەی ئەو وەختەی کوردستان، وەرە وەزیرت هەبێ، موئەسیسات دابنێ، تەعامول لەگەڵ کێ بکە، لەگەڵ سیناریۆیەکی ئاڵۆزی نێودەوڵەتی کە ئەتۆ وەلا دەنێ. ئازەرییەکان بە شێوەی خۆیان وەلایان دەنا و دەیانویست ببێتە پاشکۆی ئازەربایجان. تاران هەر نادیدەی دەگرت، سوڤیەت زۆر درەنگ هاتە سەر خەت دەنا ناڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ وان دەکرد. بەڵام پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەیەکی کورتدا توانی ئەو موئەسیسەیە درووست بکا و ئەو موئەسیسەیە یەکەمین دەوڵەتی کوردی بوو، یەکەمین ئادرەسی کوردیش بوو. هونەری قۆستەوەی فورسەتەکە لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد ئەوندە گەورە بوو کە لەو ماوە کورتەدا، ئێستا سەنەدییەت و دێکۆمێنێتێکی زۆری بۆ ئێمە جێهێشتووە کە نە تەنیا تێکۆشەران و ئەدیبان و نووسەران ئەوانەی کە کوردن بە دوایاندا دەچن، بەڵکوو غەیرە کوردەکانیش زۆر جار موڕاجعەی پێ دەکەن.

کاتێک کۆمار دەڕووخێ ئێمە زۆر جار هەوڵ دەدەین بچینەوە نیو خەسارناسی ئەوە، بەڵام ڕووخانی کۆمار خاریج لە توانای پێشەوا قازی محەممەد بوو، خاریج لە توانای ڕیزی یەکگرتوویی و تواناکانی نیزامیی کوردیش بوو، بۆیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا قازی محەممەد بەو جۆرەی کە خۆی تەشخیسی دا بەوەی کە لە پێناو ئەو ڕێبازەدا ئیعدام بکرێ، کۆمار ئاوا کۆتایی پێهات، بەڵام بە قەولی نووسەرێکی غەیرە کورد دەڵێ بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ماوەیەکی کورت کە لە مەهاباد ڕا نەهادینە بوو و دەوڵەتی کوردی لە سەر دامەزرا بە ڕووخانی کۆمار و بە لە سێدارەدانی قازی محەممەد تیدا نەچوو، بەڵکوو بوو بە هەوێنی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ نەوەکانی دیکەش، دەقیقەن ئێستاش هەروەهایە. فورسەتەکان زۆر هاتوونەوە گۆڕێ، ئایا ئەو فورسەتانە چۆن کەڵکیان لێ وەرگیراوە؟ دوای کۆماری کوردستانیش، بە ئینقلابی ئێران فورسەتێکی ئاوا هاتەوە گۆڕێ، ئێمە هەوڵمان دا لەو فورسەتە کەڵک وەرگرین بەڵام دیسانەوە بە دەستی ئێمە نەبوو. دەسەڵاتی کورد لە ئێران بە براورد لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی لەو مەوقعییەتە دا نەبوو کە ئێمە بتوانین بە باشی لەوێ بمێنینەوە و دیفاعی لێ بکەین. دوایە دیسانەکانە ئێمە شاهیدی باشووری کوردستانین. ساڵی ۹۱ فورسەتێک دێتە گۆڕێ قەزیەی کوردستانی عێراق، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەریدا تەعەهوداتێکی دەبێ، کورد لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرێ، بە ڕووخانی سەدام حوسێن قورسایی ئەو فورسەتە دیسانەوە قورستر دەبێتەوە. بە هاتنە گۆڕێی ڕێفراندۆم و جموجووڵی ڕێفراندۆم و بە موئەسیسە کردنی حکومەتی کوردی لە کوردستانی عێراق، قورستر و قورستر دەبێ، بەڵام کە دێتە لوتکە، لەوێ دەردەکەوێ قورسایی بە موئەسیسە بوونی دەسەڵاتی کوردی کەلێنێکی وای تێدا بوو، لە لوتکەوە تا ڕادەیەکی زۆر گەیشتە سەر شکستێکی ئینکار ناپەزیر. لە تورکیە بە دوای هەڵبژاردنەکاندا ۸۰ ئەندام پارلەمان لە حیزبێکی کوردی دێتە پارلەمان، لە حیزبەکانی دیکەش کەم و زۆر ئەندامی کوردی تیدا بوو، بەڵام خوێندنەوەیەکی تێکەڵ بە یەکتر لە قەزیەی کورد و چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ حکومەتی تورکیە ئەو فورسەتەش لەوێ تیدا دەچێ و دەبێتەوە بە شەڕ و شۆڕ. لە سوریە فورسەتێک درووست دەبێتەوە، خەلەئێک کە لە نەتیجەی ئەو خەلەئەدا کورد تێدەکۆشی لەوێ خۆی سازمان بدا و ئێستا دەبینین کە لەوێ دەسەڵاتی خۆیشی هەیە. ئایا ئەو فورسەتە چۆن دەقۆزرێتەوە؟ ئایا ئەو فورسەتانەی کە هەموو دێنە گۆڕێ، دەگەنە لووتکە؟ بۆ وڵامدەر نابێ؟ بۆ ئێمە لە ساڵی ڕابردوودا لە کوردستانی عێراق ئەو شکستەمان بینی، لە تورکیە دەورانێک زۆر چووە پێشێ، بەڵام پاشەکشەی بە خۆیەوە بینی و لە سووریە دەبینی هێرشێک کراوەتە سەر ئەو ناوچەیە. ئەو تەجرووبەیە چی لێ دێ؟ لە کوردستانی ئێرانیش سەرەڕای ئەو هەموو تێکۆشانانە و کەڵکوەرگرتن لەو فورسەتانە موقعیەتەکەی ئێمە دیسانەکانە لە چوارچێوەی موبارزە و خەباتدا هەر پێناسە دەکرێ.

گەورەتری ڕووداو کە لە مێژووی هاوچەرخی کورد دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان روویدا، چۆنیەتی بە نەتیجە نەگەیشتنی ئەو ڕێفراندۆمە بوو لە باشووری کوردستان. من ناچمە نیو تەفاسیلی ئەو ڕێفراندۆمە. حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یموکراتی کوردستان لە سەر ئەو مەزووعە هەڵوێستی بوو، چ لە کاتی ڕیفراندۆمدا و چ دوای ئەوە کە ئەو شکستە بە سەر ویدا هات.

-----

بەشی کۆتایی سمینارەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و وڵام کە لەو بەشەش دا بەشداران چەندین پرسیاریان ئاراستەی بەڕێز عەزیزی کرد و ئەویش وڵامی دانەوە.

**پێویست بە ئاماژەیە کە:**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان،**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران و**

**کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**پەیام و برووسکەی پیرۆزباییان بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ناردبوو.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی سوید**

**٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٨ی زایینی**



# بەڕێوە چوونی جێژنی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی دانمارک



**ناوەندی هەواڵ- دانمارک**: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٨ی زایینی ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێز گرتن لە ٧٢هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر ٥ی پاش نیوەڕۆ بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب، نوێنەر و ئەندامانی حیزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی چوار پارچەی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆح و یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان دەستی پێکرد. سەرەتا لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە هاوڕێی سروە فەتاحی ئاماژەیەکی کورت بە مێژووی کۆماری کوردستان کرا . پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب لە لایەن بەڕێز خالید ڕەواندووست بەرپرسی کومیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی دانمارک خوێندرایەوە. لە پەیامەکەدا وێڕای ئیشارە بە چلۆنایەتی دامەزرانی کۆمار و گرینگی بڕیاری پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هاوڕێیانی بۆ دامەزراندن و ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری کوردستان پاش شەری دووهەمی جیهانی لە مێژووی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد و وروژاندن و زیندوو کردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و درووشمەکانی پێشکەوتوو و سەردەمیانەی کە بریتی بوون لە دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتی و یەکسانی مافی ژن و پیاو کە بە درێژایی ئەو ساڵانە و ئێستاش وەک درووشم و ئامانجی سەرەکی حیزبە خۆشەویستەکەی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێناویدا خەبات و فیداکاری دەکرێ. لە درێژەی پەیامی کۆمیتە وێڕای ئاماژە بە ڕاپەرینی ئەو دواییانەی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوێنڕێژی ئیسلامی ئێران زەروورەت وگرینگی یەکگرتووی حیزب و ڕێکخراوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیشکی خرابووە سەر.

پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن بەڕێز سیروان ئەقدەم خوێندرایەوە. پاش خوێندنەوەی پەیام و برووسکە پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی میوان، بەشی دووهەمی مەڕاسیمەکە بە خۆشی و شادی و هەڵپەرکێ تا دەرەنگانێکی شەو بە دەنگی هوونەرمەندی دەنگ خۆش شۆڕش بۆکانی و موزیک ژەنی بە توانا حەمید ڕەسوڵی درێژە کێشا. پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو حیزب و لایەنانەی پەیام و بروسکەی پیرۆزباییان پێشکەش کرد:

- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران.
- پارتی دێموکراتی کوردستان - لیژنەی ناوچەی دانمارک
- پارتی سۆسیالیستی کوردستان(باکوور).
- حیزبی شۆعی کوردستان .
- ڕۆژی سووری کوردستان لقی دانمارک

## برووسکەکان:

- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان( پژاک)
- پارتی ئازادی کوردستان(باکوور)
- یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان
- فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی دانمارک
- ئینسیاتیفی کورد لە دانمارک
- کۆمەڵەی کوردی- سووری دانمارک.
- کۆمەڵەی کوردی- دانمارکی پلاتفۆرم

حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی دانمارک

٢٧ی ژانوییەی ٢٠١٨ی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرز ڕاگرتنی ٢ی ڕێبەندان لە ویلایەتەیەکگرتۆکانی ئەمریکا لە دەڤەری واشینگتۆن



**ناوەندی هەواڵ - ئەمریکا:** رۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی ژانویە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کومیتەی واشینگتۆن ڕێورەسمێکی بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ٧٢یەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

پاش خوێندنەوەی پارچە شێعرێک و بەخێر هێنانی ئامادەبوان لە لایەن بەرێوەبەری ڕێورەسمەکە خاتوو نەسرین کەریمی، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە خوێنی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان بەرنامەکە بە فەرمی دەستی‌پێکرد.

سەرەتا کامران باڵنوور بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، وێڕای بەخێر هێنانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتۆر ئاسۆ حەسەنزادە، چەند وتەیەکی سەبارەت بە کۆماری کوردستان پێشکەش کرد کە لەودا تیشکی خستە سەر چالاکییەکانی ئەو دواییانەی حیزب و ئەو سیمینارانەی لە دەرەوە و ناوخۆ بەرێوە چوون و بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و رۆڵی ئامریکا و زلهێزان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەکە بەشێکی دیکەی قسەکانی بوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دکتور ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزب ، سەبارەت بە دووی ڕێبەندان و کۆمەڵێک باس و خواستی دیکە بۆ ئامادەبووان دوا.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب سەرەتا دەسخۆشیی لە هاوڕێیانی کۆمیتەی حیزب لە ئەمریکا بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕێوڕەسمە و هەموو ئەو کاروچالاکییانە کرد کە هاوڕێیانی حیزب لە ئەمریکا لەپێناو دروستکردنی هاوپێوەندیی و ناساندنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەیکەن.

پاشان باسەکەی خۆی سەبارەت بە پێگەوجێگەی ڕووداوی ٢ی ڕێبەندان لە یاد و بیرەوەریی بە کۆمەڵی گەلی کورد و دەرس و پەیامەکانی دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان دەسپێکرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لەو پێوەندییەدا وتی: ئەگەرچی کۆماری کوردستان لە شوێنێکی بەرتەسک و لە ماوەیەکی سنوورداردا دامەزرا، بەڵام مەشخەڵێکی داگیرساند کە ئێستاش لە هەر چوار پارچەی کوردستان ڕووناکە. ناوبراو لە درێژەی باسەکەی خۆی وێڕای ئیشارە بە ڕووداوەکانی پاش ریفراندۆمی سەربەخۆیی و نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران کوردستان و دۆخی ئێستای عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستان، باسی ئەوەی کرد کە کورد بە هەوڵ و فیداکاریی خۆی دەتوانێ زۆر دەسکەوت وە دەست بێنێ بەڵام تەنیا بە یەکریزی و یەکخستنی گوتار و کرداری دەتوانێ بەرەوڕووی ئاستەنگ و مەترسییەکان بێتەوە. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە مەسەلەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام پێویستە کوردی هەموو پارچەکان وێڕای کارکردن بۆ پارچەکەی خۆیان، بەرژەوەندی سەراسەریی کوردیشیان لەبەرچاو بێت.

لە کۆتایی قسەکانیدا جێگری سکرتێری حیزب پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەی لە بەشداران بووان کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمە پەیامی ئیدانە کردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر خەڵکی عەفرین هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە خوێندرایەوە پاشان خاتوو سینەم محەممەد نوێنەری باکووری سووریە لە ئامریکا دوای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان وتارێکی لە سەر بارو دۆخی عەفرین و پێویستی یەکگرتووی کورد بە گشتی پێشکەش کرد.

**چەندین پەیامی پیرۆزبایی لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێشکەش بەو ڕێوڕەسمە کرابوو کە بریتی بوون لە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* پارتی دێموکراتی کوردستان لقی ۷ ئامریکا و کانادا
* کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رێکخستنی ئامریکا
* ئەنجومەنی بزووتنەوەی گۆران لە ویلایەتەیەکگرتۆکانی ئەمریکا
* پارتی ئازادی کوردستان کومیتەی ئەمریکا
* کومیتەی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەمریکا

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئامریکا

۲۷ی ژانوییەی ۲۰۱۸ی

## پێکهێنانی سیمینارێک بەبۆنەی ۲ی ڕێبەندان لە وڵاتی ئۆتریش



**ناوەندی هەواڵ - سویس:** کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وڕێکخستنی حیزبی شیوعی کوردستان بە بۆنەی ۲ی ڕێبەندان ۷۲یەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە شاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش سیمینارێکیان پێکهێنا.

لەم سیمینارەدا کە بەشێک لە کوردانی دانیشتیووی شاری ڤییەن و دەوروبەر بەشداریان تێداکرد، سەرەتا ئومید بابان باسەکەی دەسپێکردو لە باسێکی کورتدا ئیشارەی بە دامەزرانی کۆماری کوردستان ، هەلومەرجی ئەوکات و

هەروەها تێکڕمانەکەی کرد.

لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا چووە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە کوردستان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی و لەوبارەوە ڕوانگەو خوێندنەوەی خۆی خستەڕوو.

بە دوای ئەودا هاوڕێ محەممەدی فەقێ عەلی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، بەسێکی کورتی لە ژێرسەردێڕی " کارە ئەرێنی و نەتەوایەتیەکانی کۆماری کوردستان" پێشکەش کرد.

لەم بەشەدا کۆڕگێڕ ئیشارەی بە چەند خاڵی گرینگ کرد کە شانازییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان، لە نێو ئەوانەدا ناوی پێشمەرگە کە نێوێکی دنیا پەسند و جوانە و هەروەها ئاڵای کوردستان لە هەموویان گرینگتر چاندنی هزروبیری نەتەوایەتی لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری و دیاریکردنی ڕێچکە و گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە بە شوێنەکانی دیکەی کوردستان.

لە بەشی کۆتای ئەم سیمینارەدا، شاعیری وشەوجوان و دێرڕازاوەی ناوچەی گەرمیان مامۆستا جەماڵ خانەقینی بە چەند پارچە شێعری نیشتیمانی و شۆڕشگێڕانە بە هاوکاری کەمانچەژەنی بەتوانا هونەرمەند شۆڕش، بەرنامەکەیان ڕازاوەتر و جوانتر کرد.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی ئۆتریش**

**٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکی بەشکۆ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی سویس



ڕۆژی شەممە ٢١ی ژانویە لە شاری زووریخی وڵاتی سویس لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا یادی ٧٢ ساڵەی کۆماری کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی چەند حیزبی سیاسی بەرزڕاگیرا.

لە یەکەم بڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن گروپی سروودی لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەش کرا دەستی پێکرد و پاشان ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاگەیەندرا.

پاشان ٧٢ مۆم کە بە شێوەی ڕەقەم ٧٢ نووسرابوون لە لایەن خاتوو مەنیج عەزیزی خوشکی دوو شەهید و هاوڕێ ڕەحیم محەممەدی کەم ئەندامی حیزبی دێموکرات و برای شەهید، هەڵکرا کە کارێکی هوونەری بوو لە لایەن بەشی بۆنەکانی کۆمیتە خاتوو چیمەن بارام میرزا ئامادە کرابوو.

لە برگەکانی دوایی‌دا چەندین پەیام و پەخشان

**خوێندرانەوە کە پەیامەکان بریتی بوون لە:**

- ❊ پەیامی پارتی PYDی ڕۆژئاوای کوردستان
- ❊ پەیامی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان
- ❊ پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن هاوڕێ زاهیر قادر حاجی بەرپرسی کۆمیتە خوێندرایەوە کە تێیدا جەخت لە یەکرێزی هێزە کوردییەکان بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات کرایەو داوای کرد ئەو یەکریزیەی و یەکگرتوویەی کە لە وڵاتی سوئیس تازە پێکیان هێناوە بیپارێزن و بە هەموان کار بۆ پتەو کردنی بکەن هەروەها هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین ی رۆژئاوای کوردستان مەحکووم کرد و هاوخەمی خۆی لە گەڵ گەلی رۆژئاوا راگەیاند.

جێگای باسە کە پەیامی یەکیەتیی لاوان لە لایەن رێبوار موسەوی پێشکەش کرا و پەیامی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی نەتەویی خوێندکاران لە لایەن خاتوو پەروین شەکووری و خاتوو تەواور ئەبروزەنی خوێندرانەوە لە برگەیەکی دیکەدا چەند پەخشانێک لە لایەن بەشدار بوانەوە پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

پەخشانێک تایبەت بە ٢ی رێبەندان لە لایەن هاوڕێ رەحمان ئیبراهیم زادە (شۆکە)
پەخشانی عەفرین لە لایەن هاوڕێ (عەلی سورەچۆمی)
پەخشانێک بۆ دووی رێبەندان لە لایەن هاوڕێ (خوسرەو خزری)

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- سویس

٢١ی جانێوێری ٢٠١٨





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە قەڵای دێموکرات، یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرزڕاگیرا



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان بە بۆنە ساڵیادی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستان بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر وپێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزب، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو.

لە بەرەبەری ٧٢ساڵەی دامەزرانی کۆماری مەزنی کوردستان لە سەردەستی پێشەوای کوردان، هاوکات لە گەڵ چالاکیی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات، لە قەڵای خۆڕاگریی دێموکرات، ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی یاد وبیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان پێکهات و، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر درێژەی هەبوو.

دوای سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردو کوردستان ، ئەو ڕێوڕەسمە دەستیپێکرد.

پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە شەونم هەمزەیی وێڕای پێشکەش کردنی پێشەکییەک ، بەخێرهاتنی سەرجەم مێوانەکانی کرد.

پاشان هاوڕێ کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک ، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کە بۆ ئەو یادە ئامادە کرابوو، خوێندەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پەیامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بە ئاوردانەوەیەک لە مێژووی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا هاتبوو: ئەو هەنگاوە بوێرانەی پێشەوای نەمری کورد، دوای ئەوەی کە زانی حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس ئامادە نابن دان بە مافە ڕەوا نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بە تایبەتی کورددا بنێن، نە تەنیا تاکە ڕێگەیەک بوو کە لەبەر دەمیاندا مابوو، بەڵکوو کارێک بوو کە غورووری نەتەوەیی کوردی بەرز ڕاگرت و ئەگەر هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا و هەوڵیان دەدا دەنگی کوردان کپ بکەن، پێشەوا و هاوڕێیانی کردیانە سەرەتایەکی نوێی مێژوویی حاشاهەڵنەگر بۆ نەتەوەی کورد.

لە درێژەی پەیامی دەفتەری سیاسی بە تێروتەسەلی باسی لە هەلومەرجی ئێستای ئێران و کوردستانی کردبوو، هەروەها لە پیوەندی لەگەڵ خەباتی بەربلاو و فرەچەشنی گەلی کورد و کۆڵنەدانی ئەو گەلە بە سیاسەتی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هاتبوو:

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی ٣٨ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خەباتی کردوە ئەم گەلە لەو ماوەدا هەوڵی داوە بە خەباتی خۆڕاگرانەی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، بوون و مانی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێ و ئەگەر لە بەرەنگاری پێشمەرگانەدا مێژوویەکی سەربەرزانەی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لە بوارەکانی دیکەشدا چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی لە بواری تێکۆشانی مەدەنیدا کارنامەیەکی پڕشنگداریان بۆ گەلەکەیان نەخشاندووە. ئەگەر دەوڵەت تا ئێستاش ئامادە نەبوە تەنانەت مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی نیزامەکەیان بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێراندا جێبەجێ بکا، مامۆستایان و کوردی زانانی کوردستان، بە ماندووبوون و هەزینەی خۆیان هەوڵی فێرکاری زمانی کوردییان داوە و بە هەزاران منداڵ و لاوی کوردیان بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی شیرینی خۆیان ئاشنا کردوە.

دوای پەیامی دەفتەری سیاسیی پۆلێک لە کچان و کوڕانی دێموکرات بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزب سروودێکیان پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان و خوێندکاران ، لە لایەن پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندرایەوە.

لەو پەیامە هاوبەشدا بە وەبیرهێنانەوەی دیرایەت وخەمخۆری پێشەواقازی محەممەد بە نیسبەت چین وتوێژەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕێگەخۆش کردن بۆ هاتنە مەیدانی ژنان و لاوان وەکوو دوو چینی ئەکتیڤ و شوێندانەر لە کۆمەڵگا، باسی لە هەلومەرجی ئێستا کوردستان و هاتنە مەیدانی ژنان و لاوان و خوێندکارانی کورد کرابوو: لاوان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆکە لەسەر بنەمای کۆماری کوردستان و پیشەواکەی ، بۆ جێ خستنی هەرچی زیاتری پرۆسەی میللەتسازی لە مەیداندان و تێدەکۆشن و، بە تێکۆشانی خۆیان توانیویانە تاڕادەیەک پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکەن و ئەو پەیامەیان داوە بە کۆماری ئیسلامی کە پیلانگێڕی ئێتر ناتوانێ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات پەراوێز بخات.

لە بڕگەیەکی دیکەی دا، دوای خوێندنەوەی سروودێکی شۆڕشگێرانە، دوو پێشمەرگەی دەنگخۆشی نێو ریزەکانی حیزب بەناوەکانی ئەمیر مەفاخری و ئاکۆ موزەفەری بە گۆرانی کوردی چێژی تایبەتیان بە مەراسمەکە بەخشی. لە درێژەی ڕێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵات چەند تابلۆیەکی جوانیان لە هەڵپەڕکێی کوردییان نواند.

پاشان ئەو ڕێورەسمە بە هەڵپەڕکێی گشتی کۆتایی پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەڕێوەچووو نی سیمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب، لە وڵاتی نوروێژ



ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان لە ژێر ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بازنەی ڕووداوەکانی ئێستا و «سمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتیی بۆ کاک خالید » داهاتووی ئێراندا عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کاک خالید عەزیزی لەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و مێژووی دەوڵەتی کوردی کە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە لایەن پێشەوای کوردان قازی محەمەد دامەزرێندرا و ئێستاش دەتوانین کەڵک لە ئەزموونە باشەکانی ئەو کۆمارە ساوایە وەرگرین، باسێکی پێشکێش کرد.

### دەقی قسەکانی کاک خالید عەزیزی سەبارەت بە کۆماری کوردستان لە سمیناری سیاسیی کۆمیتەی نۆڕوێژ



ئەندامانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ. ماندوو نەبنەوە و زۆر سپاستان دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو سمیناره هەر وەها پڕبەدڵ بە خیرهاتنی ئێوە حیزب و لایەنە سیاسیەکان دەکەم خوشحاڵم کە حزوورتان لیرە هەیە وهیوادارم بە حزووری ئیوە و تیبینی خۆتان کۆنفرانسەکەی ئێمە دەوڵەمەند بکەن و لە هەمان کاتیشدا جێگاەی خۆشحاڵیە کە جارێکی دیکە چاوم بە رووخساری بەشێک لە ئیوە دەکەوێتەوە کە دەورانێک لە کۆیە و دەورووبەر ئاخرین جار یەکترمان بینیوە و ئێستا دیسان لیرە یەکتر دەبینینەوە. پاشانیش لە ڕێبەندانەکەی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد دیسان بە پیرۆزبایی کردن لە ئیوە و لە ڕێبەندانەکەی مهاباد هیوادارم لە ڕێبەندانی ئەوڕۆی ئۆسلۆ بە بەفرە زۆرەکەی بە یەکەوە کۆڕێکی خۆش و باشمان هەبێتن.

بۆ جارێکی دیکەش من بە دڵنیایەوە تێبینی و پێشنیار و لێکدانەوەکانی ئێوە وەردەگرم، بە تایبەت لەسەردەمێک دا هەر وەکوو لە راگەیەندراوی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆرویژ هاتووە ئەو کۆڕە دەبەستری کە بە گشتی ناوچەکە و بە تایبەتی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان کۆمەڵێک باس و بابەتی تێدا هاتۆتە گۆڕێ کە تەبیعەتەن بۆ حیزبێکی سیاسی و خەڵکانێک کە پێوەی ماندوون و بۆ ڕێبەرانی سیاسی ناکرێ نادیدە بگیرێ و دەمهەوێ تەئکیدیش لەسەر وەی بکەمەوە و رەنگە زۆر دەرس و ئەزموونیشی تێدا بی بە گشتی ئەو رووداوانەی ئەو ناوچەیە کە ئێمە بتوانین لەداهاتووی خۆماندا کەڵکی لێوەربگرین.

ڕێک ٧٢ ساڵ پێش ئێستا کە کۆماری کوردستان درووست بوو و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا ئەو کۆمارە بە داخەوە بە پێچەوانەی مەیلی رەئیس جمهوور قازی محەممەد و هەوڵ و تێکۆشانی پێشەوای نەمر کە هەوڵی دەدا تەمەنی ئەو کۆمارە درێژ بکاتەوە، چۆنیەتی کێشەی پێشەوای نەمر دەگەڵ ئاستەنگەکان لەو سەردەمدا لەراستیدا زۆر ئەزموونی داوە بە ئێمە ئەگەر ئێمە بمان هەوێ کۆمار تەحلیل بکەین کە ئەمن ئەوڕۆ وەختی خۆمی زۆر لەسەر دانانێم چوون بەشێک لە ئێوە ئەگەر لە من زیاتر شارەزای مێژووی کۆمار و بەسەر هاتوو لوتکە و تێکشکانەکەی نەبن قەتعەن لە من کەمتر شارەزا نین لە زمانی هێندێک شارەزایانی غەیری کورد کە تەعریفیان لە کۆمار کردووە ئاوای باس دەکەن ئەفسەرێکی ئەمریکایی لەو سەردەمدا سەردانی مهاباد دەکا، دوایە کە کۆمار دەڕووخێ دەڵێ " کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی خۆی لە ماوەیەکی کورتدا و پێشەوا قازی محەممەد بە شێوەی دیفاعیاتی خۆی لە دادگا کە وەک سەردار چووە سەر دار مێژوویەکی وەها ڕێک و پێکی لە ناسیۆنالیزمی کورد و چۆنیەتی دراسات و پێدادەرچوون بۆ نەوەی داهاتووکۆمار کرد کە قەت لەبیر ناچێتەوە "جیاواز لە وانە بەشداری بارزانیەکان و کۆردەکانی بەشەکانی دیکەش بۆخۆی قورسایەکی زۆریدا بە رەنگی نەتەوەیی ئەو کۆمارە و ئەوەی کە ئێستا ئێمە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک بیرۆکەی کەسایەتی ئاماژەی پێدەکەین لە سروودی ئەی رەقیبەوە بگرە هەتا ناوی پێشمەرگە تا موئەسەساتی دەوڵەت راستە ئیبتکاری کۆمارە بەڵام جێ پێی کوردی پارچەکانی دیکەشی تێدا دیارە بۆیە هۆویەتی کۆمار هۆویەتێکی گشتی کوردییە و بە خۆشییەوە بەشێک لەو هۆوییەتە ئێستا وەک سەرچاوەیەک ئێمە موراجعەی پێدەکەین، ئێمە نازانین سبەی چ روودەدا بەڵام دەزانین ئێمە کێ بووینە لە رابردوو، بۆوەی کە بزانین کێ بووینە لە رابردوو دەکرێ ئاوڕدانەوە بە رابردوو بەرچاورونی درووست کا بۆ داهاتوو. دەڵێن لە سیاسەتدا بە مێژوو سیاسەت ناکرێ وایە چوون مێژوو بە تایبەت مێژووی ئێمە هەوراز و نشیوی زۆربووە بەڵام دەکرێ لە سیاسەتدا هێندێک لە لاپەڕەکانی مێژوو کەڵکی لێوەربگیرێ. من لە باسەکەی خۆمدا دەقیقەن دەچمە نێو ئەوە.

کۆمار بەرهەمی قۆستنەوەی دەرفەتێک بوو چەندین ساڵ دواتر لە ئێران ئینقلاب دەکرێ دیسان کورد لە ئێران بە تایبەت حیزبی دێموکرات هەوڵیدا ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە ئەوە دوو دەرفەت لە ئێراق حکوومەتی سەددام حوسێن پێش رووخانی حکوومەتی سەددام حوسێن لە ساڵی ٩١ بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان دێتە گۆڕێ ئەو زوونە دادەنرێ بۆ کوردی باشوور ئەوەش دەرفەتێک بوو چەندساڵ دواتر سەددام حوسێن دەرووخی مەوقعییەتێکی موناسبتر لە باشوور درووست دەبی ئەوەش دەرفەتێکی دیکە بوو لە ئیدامەی پەرەپێدانی پێداداچوون بۆ کیانی کوردی لە کوردستانی ئێراق رێفراندۆم دێتە گۆڕێ ئەوەش دەرفەتێکی دیکە بوو لە تورکیە هەڵبژاردن دەکرێ کورد ئەوەی بە نێوی حیزبێکی کوردی ٨٠ ئەندام پارڵمان دەچێتە پارڵمان و تەنانەت ئەندام پارڵمانی دیکەش هەبوون بەڵام لەو حیزب نەبوون ئەوەش دەرفەتێک بوو لە سووریە دیاردەی داعش بەتاڵایەک درووست دەکا و کورد کە لە سووریە ئینکار دەکرا و وردە وردە خۆی سازماندەدا و هێندێک شوێنی ئازادی خۆی درووست دەکا ئەوەش دەرفەتێک بوو بەڵام هەمووی ئەو دەرفەتانە چۆن ئیستیفادەیان لێکرا هەمووی ئەو دەرفەتانە بە باشی قۆزترانەوە؟ هەمووی ئەو دەرفەتانە جێ بە جێ بوون؟ ئایا درووستکردنی دەرفەت کە بەشێکی پاشخانی خەبات و تێکۆشان و لە مەیدان دامانەوەی ئێمە وەک کورد بووە سەرەڕای کارەسات و نەهامەتێکی زۆر کە بە درێژایی مێژوو تەجرووبەمان کردووە دوایە کە قۆناغەکە وای لێدی چۆن مودیری دەرفەتەکانمان کردووە ئێمە یەک عادەتمان گرتووە، عادەتەکەش ئەوەیە بە گشتی دەبێ بڵێم هەموو لایەنە سیاسێکان و ئەوانەی کە کاری تەحقیقات و مێژووناسی و دراساتی سیاسی دەکەن کاتێک دەگەڕێنەوە سەر شکستەکان کاتێک دەگەڕێینەوە سەر ئیستیفادە نەکردن لە دەرفەتەکان زۆر زوو پەنا بۆ تیئۆری تەوتەئە دەبەین، دەڵێین لە جەریانی قەراردادی سێور کە ئیعتراف بۆ هێندێک شت بۆ کورد دەکرێ دەگەڕێتەوە قەراردادی لۆزان لە کورد دەستێندرێتەوە خەتاکە لە کوێیە؟ خەتا لە زل هێزەکانە ئەوە یەک، دوو دەڵێین سایکس پیکۆ جۆرێک کێشەی کوردیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مودیرییەت کرد وابوو کورد فیدای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موعادلات و نەقشەی سیاسەتی تازەی بەرژەوەندیکانی نێو دەوڵەتی و ئەمنییەتی بوو، ئەوەش خەتای ئەوانە! دەڵێین لە فڵان پارچەی کوردستان ئەوشتە ئاوای لێبەسەر هات ئەوەش خەتای دەوڵەتە مەرکەزێکانە! هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نیە خەتاکان زوو بەرێوە سەر خەڵکی دیکە. ئەوە گرفتێکی گەورەی ئێمەی کوردە. ئێمەش واینە منیش وامە حیزبەکەی ئێمەش وایە و حیزبەکەی ئێوەش ئەوانەیان هەبوو زۆر زوو پەنا دەبەین بۆوەیکە خەتاکان لەسەرخۆمان وەلابەرین و بیبەینە شوێنی دیکە رەنگە جاری وایە قۆستنەوەی موعادلەیەک یان قۆستنەوەی سمینارێک خاریج لە ئیرادەی خۆت بی لەسەردەمی کۆماری کوردستان پێشەوا هەموو هەوڵێکیدا، هەوڵێکی ناوچەیی. نێودەوڵەتی، دەگەڵ تاران دەگەڵ قەوامولسەڵتەنە، هێنانەسەری ئاستی کێشەی کورد لە کێشە دەگەڵ ئازەرێکاندا بەڵام خاریج لە ئیرادەی ویبوو. ئایا ئێمە ئیستفادە نەکردن لەو دەرفەتانە یا مودیرییەت باشترنەکردنی دەرفەتەکان لە کوێ را سەرچاوەدەگرێ؟ زۆرجار دوای ئەو ریفراندۆمەی کە لە باشووری کوردستان هاتە گۆرێ حەق وانەبوو وای لێبێ لەوێ گەیشتە لووتکە. بەڵام ئەگەر خۆماڵی قسەی لێبکەین بیرۆکەی ئەوە کە نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوماڵی کوردیدا سەرچاوەی هەمووی ئەو کێشانەیە لە هەموو پارچەکان کەم و زیاد دووپاتە دەبێتەوە من ناچمە نێو باسی پارچەکانی دیکە زۆرتر بەڵام ئەوەی ریفراندۆم، بە لوتکە گەیشتن و کە ئاوای لێبەسەر هات و ئەو پیلانە هاتە گۆرێ من بەشێکی لەوەدادەنێم کە بەداخەوە مێژوویەکی کۆن لە نەبوونی یەکگرتووی و یەکرێزی لە نێو ماڵی کوردی وردە وردە درزی درووست کرد کە تەعریف و تەوجیە و تەفسیری چەند و چۆنی ئەو کێشەیە ناکەم بەڵام لەوێوە سەرچاوەی گرت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێویری ٢٠١٨**



## بەڕێوەچوونی سیمینارێک تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی فینلاند




بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵوەگەری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ ی ٢٠١٨ سمینارێکی گشتی بۆ بەڕیز وتێکۆشەر کاک حەسەن ڕەستگار پێکهێنا.

سیمینارەکە بەسروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد، پاشان خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، کاک حەسەن ڕەستگار باسەکەی خۆی دەسپێکرد

کاک حەسەن ڕەستگار بە ئاوردانەوەیەک لە هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەروەها بەربەستەکانی سەرڕێی ئەو کۆمارە ساوایە، لەو بارەوە کۆمەڵێک خاڵ و فاکتی گرینگی لە ڕۆانگە مێژوویی و سیاسییەوە سەبارەت بە کۆمار و هەروەها دەورو نەقشی پێشەوا قازی محەممەد خستەبەرباس.

### کە بەرچاوترینی بریتی بوون لە:

❋ ئەو بارودۆخەی کۆماری تێدا دامەزرا، ئاستی لاوازی خەڵک لە بواری خوێندەواری، سیستمی عەشایری وزوڵم وزۆری حوکومەتی پاشایەتی ودوو رویی ژمارەیەک سەرۆک عەشیرەت دژ بەسەقامگیری جمهوری کوردستان!

❋ کاتێ پێشەوا بووبە ئەندامی ژێکاف وەرچەرخانێک لەو ڕێکخراوەدا پێکهات نفووزی پێشەوا لە ناو خەڵکدا

یارمەتیدەری بوو بۆ سەقامگیری ئارامی ئاسایش لە ناوچەکەدا.

* پێشەواکەسایەتیێکی هەڵکەوتوو بوو نە چۆ ژێر باری ئەو مامەڵەیەی سۆڤییەت وباقرۆف کە کوردستان بەشێک بێ لەئازەربایجان!

* پاشان هاورێ ڕەستگار پرژایە سەر دەسکەوتەکانی کۆمار وئەوخاڵە جەوهەریانەی کە کورد دەبێ شانازییان پێ بکات و تەناەت لایەنە سیاسییە شووناسخوازەکان لە پێشچاوی بگرن و لەو پێوەندییە وتی:

بەدەست پێشخەری ئەمریکا وئینگلیس کۆماری ئازەربایجان رووخا وکوشتارێکی گەورە لە گەلی ئازەربایجان کرا، پێشەواش پەیمانی نەشکاند خۆی فیدای گەلەکەی کرد تا کوردستان وەک ئازەربایجان توشی کوشتاری بەرین و کاولکاری نەبێتەوە.

دوای هەرەس هێنانی کۆمار، حیزبی دیموکڕاتی کوردستان هەستایەوە سەرپێ ورێچکەی پێشەوای گرتەوە بەر.

لە بەشی کۆتایی سیمینارەکە هاوڕێ تێکۆشەر حەسەن ڕەستگا باسی لە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردو لەو پێوەندییەدا وتی:

کۆماری ئیسلامی لە ماهییەتی دانیە کە چارەسەری پرسی کورد و گەلانی ئێران بکا، بۆیە یەکریزی و هاوخەباتی کورد و گەلانی دیکەی ئیران تاکە ڕێگای نەمانی ئەودەستەڵاتەیە.

لە برگەیەکی دیکەی سمینارەکەدا هونەرمەندان دیار و پێشەوا میرسەیدی بە چەندئاهەنگی ڕەسەن وشۆرشگێرانە چێژێکی تایبەتیان بە سیمینارەکە بەخشی.

برگەیەکی دیکەی سمینارەکە تەرخان کرا بۆ بەرێز کاک سەعید بێگزادە کەوڵامی پرسیاری بەشداربوانی دایەوە.

تێبینی: پێویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە وەڤدی یاوەری کاک حەسەن ڕەستگار بریتی بوون لە هاورێیان کاک سەیّد بێگزادە، کاک رەحیم محەممەد زادە، کاک محەممەد ئیسماعیلی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بە بۆنەی یادی ۷۲ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بریتانیا



بەمەبەستی بەرز ڕاگرتنی یادی ۷۲مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۰ی جانیوێری ۲۰۱۸ کاتژمێری ۲ی پاشنیوەڕۆ سیمینارێک بە بەشداری کوردانی دانیشتووی بریتانیا و ژمارەیەک کەسایەتی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە کە لە ژێر ناوی "کۆمار و پرسی بە دەوڵەتبوونی کورد" دا بوو، لە لایەن کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێکخرابوو.

سیمینارەکە بە سرودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" کە لە لایەن کۆڕی سرودی "یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" پێشکەش کرا، پاشان دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان لە لایەن خاتوو بەفرین مەحمودی پێشکەشکاری ڕێورەسمەکەوە بەخێرهاتنی میوانەکان کرا.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا "رزگار قادر زادە"، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بریتانیا، بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بە خێرهێنانی میوانەکان ئاماژەی بە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دۆخی هەنووکەیی پرسی کورد لە پارچەکانی کوردستان و پێداگریی لەسەر زەروورەتی تەبایی نێوان هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان کردەوە. "رزگار قادرزادە" لە درێژەی وتەکانی دا بە ئاماژە بەوەی کە بە درێژایی مێژوو کورد بۆ دامەزرانی کیانێکی سەربەخۆ خەباتی کردووە و تا ئێستاش ئەو ئامانجە بنەڕەتییە وەدی نەهاتووە، تیشکی خستە سەر گرنگیی تەوەرەی سیمینارەکە.

دوای پەیامی کومیتەی حیزب، بەرێز "کاروان جەمال تاهیر"، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووونی سیمینارەکە کرد و وتی: ئەمساڵ جیهان یادی ١٠٠ ساڵەی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم دەکاتە کە لە ئەنجامی رێککەوتنەکانی دوای جەنگدا، کوردستان دابەشکرایەوە و رێگە نەدرا کورد کیانی خۆی هەبێ و دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێ.

کاروان جەمال تاهیر لە درێژەی وتەکانیدا بە لە بەرچاوگرتنی ئەزموونی کۆماری کوردستان و ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیوای خواست کورد ئەو تەنگژانەی بەرۆکی گرتووە بڕەوێنەوە و ویستی بنەڕەتی کورد کە دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆیە بێتە دی.

لە درێژەی ئەم رێورەسمەدا نوێنەرانی: "پارتی دیموکراتی کوردستان"، "هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەریی" و "حیزبی تەزامونی دیموکراتی ئەهواز" بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان پەیامیان پێشکەش کرد.

لە کۆتایی بەشی یەکەمی ئەم رێورەسمەدا سرودی "رێبەندان" کە لە لایەن گرووپی سروودی "یەکیەتی لاوانی دیموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان" ئامادە کرابوو پێشکەش کرا.

لە بەشی دووەمی ئەم یادەدا تەوەری سەرەکی سیمینارەکە (واتە: کۆمار و پرسی بە دەوڵەت بوونی کورد) خرایە بەر باس و گەنگشە. لەم بەشەدا "مادح ئەحمەدی" بە ئاماژە بە ڕابردووی گوتاری سەربەخۆیی کورد کورتەیەکی لەسەر کۆمار و پرسی سەربەخۆیخوازبوونی کۆمار و ئەو روانگانەی کە لەو پێوەندییەدا لە ئارادان خستەڕوو و

پاشان لە چوارچێوەی دیالۆگێکی کراوەدا ئەم پرسە لە لایەن دوکتور "سەعید شەمس"ەوە قسەی لەسەر کرا.

د. سەعید شەمس سەرەتا لە روانگە فەلسەفەی مێژووییەوە ڕخنەی لەو دوو خوێندنەوەیە کە بۆ پرسی سەربەخۆیی خواز بوون و یان خودموختاری خواز بوونی کۆماری کوردستان دەکرێت، گرت. سەعید سەمس ئاماژەی بەوەدا ئەو دوو خوێندنەوەیە بۆ کۆماری کوردستان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رووداوەکانی سەردەمی خۆیان و لەو روانگەیە خوێندنەوەیان بۆ کۆماری کوردستان کردووە. سەعید شەمس بە ئاماژە بەم دوو خوێندنەوە دژ بە یەکە بۆ کۆمار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە نێوان ئەو دوو خوێندنەوەیەدا خوێندنەوە و روانگەیەکی دیکەش هەیە.

سەعید شەمس بە لە بەرچاو گرتنی مۆدیلی دەسەڵاتداریتی و هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرپرسانی باشووری کوردستان لە حوکمڕانی و هەنگاو نان بۆ سەربەخۆیی نەیانتوانیوە ئەزموون لە کۆماری کوردستان وەربگرن.

لەدرێژەی ئەم باسەدا ژمارەیەک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان خستەڕوو و دواتر لە لایەن دوکتور سەعید شەمسەوە قسەیان لەسەر کرا.

جێگای ئاماژەیە کە خاتوو بەفرین مەحمودی وەک پێشکەشکاری رێورەسمەکە بۆ نێو ئاخنی بەرنامەکە بە پەخشان و شیعر بەرنامەکەی رازاوەتر کرد.

ئەم سیمینارە زیاتر لە سێ کاتژمێر خایاند و لە هەمان رۆژیشدا پێشانگای هونەرمەند "سمایل مامڵێ" کە تایبەت بوو بە وێنە و ڤیدیۆ و بەڵگەنامە لە سەر کۆماری کوردستان لە مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لە لەندەن کرایەوە.

پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو حیزب و رێکخراوانە بە بۆنەی ٧٢هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆمارەوە پەیامیان هەبوو کە لە بەر نەبوونی کات تەنیا ناوەکانیان خوێندرایەوە:

* یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* بزووتنەوەی گۆڕان
* کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
* "ئاکام ڕەسووڵی" بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بریتانیا
* "محەممەد ئەفەندی"یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە بریتانیا
* حیزبی مردمی بلوچستان
* پارتی ئازادی کوردستان سوریە
* یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - بریتانیا

٢٠ی جانیوێری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری یۆتێبۆری وڵاتی سوید



**ناوەندی هەواڵ - سوید**: ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ - ١ - ١٢٠١٨ بەرانبەر بە ٢٣ی بەفرانباری ٢٧١٧ی کوردی، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە شاری یوتوبوری وڵاتی سوئید سمینارێکی سیاسی بو ڕێزگرتن لە ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی کۆماری کوردستان ڕێکخست.

ئەو سمینارە کە کۆمەڵێکی بەر چاو لە کوردانی دانیشتوی شاری یۆتۆبۆری و دەوروبەری و نوێنەرایەتی چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان ڕێزی بەرنامە لە لایەن بەڕیوەبەرانی سمینارەکە هاوڕێیان خاتوو نازێ قۆربانیپوور و کەمال حەسەنپوور پێکەش کرا. بە دوای ئەواندا هاوڕێ جەلال بەهلوڵ زادە " کۆخانی" بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری بەخێر هاتنی بەشدارابووانی کرد.

ئینجا بۆ باس لە سەر دووی ڕێبەندان وکۆماری کوردستان هاوڕێ خۆشەویست چالاکوانی سیاسی کاک حاتم مینبەری باسیکی زۆر بەپێزو پڕناوەرۆکی لە ژێر ناوی بە حیزبی نەکردنی ٢ی ڕێبەندان و بۆنە و ڕێورەسمە نەتەوەییەکان پێشکەش کرد. هاوڕێ حاتەم مێنبەری وێرای ئاوڕدانەوە لە مێژوو و چۆنیەتی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان، هاتنە بەرهەمی دەستکەوتێکی ئاوا گەورە کە لە مێژووی کورد دا بێ وێنە بووە، بە موڵکی نەتەوەیی زانی و پێی وا بوو کە دەبێ ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بکرێتە ڕۆژێکی گشتی کوردستان و لە هەر چوارپارچەی کوردستان خەڵک و حیزب و ڕێکخراوەکان بە هی خۆیانی بزانن. بەڕێز حاتەمی لە درێژەی قسەکانی دا باسی ڕۆژگەلێکی وەک ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی پێشمەرگە و چەندین ڕۆژی گرینگی دیکە لە مێژووی گەلەکەماندا کرد و پێی باش بوو کە ئەو ڕۆژانە وا دیاری بکرێن کە هەموو لایەن کە هی خۆیانی بزانن.

دوای باسەکەی بەڕێز کاک حاتەم پشوویەکی نێو کاتژمێری ڕاگەیاندراو و دواتر نۆرە گەیشتە بەشی هونەری کە هونەرمەندانی دەنگ خۆش کاک ئەسعەد ڕەزازی وکاک جەمال فەتحیان بە پیشکەش کردنی سرودی نیشتمانی وشۆڕشگێڕانە سەرنجی بەشدار بووانیان بۆ لای خۆیان ڕاکیشا.

دوابەشی سمینارەکە لەلایان کاک دکتۆر خالید خەیاتی مامۆستا زانستە سیاسیەکان لە شاری لینشۆپینگ بەڕێوەچوو. باسەکەی بەڕێزیان لە سەر کوردستان و بەکۆلۆنی کردن بوو. بەڕێز خەیاتی لە وتەکانی دا باسێکی تێروتەسەلی لە سەر بوونی دەوڵەت نەتەوە وەک فاکتەری ڕزگاری بۆ گەلە ژێر دەستەکان لە چنگ زوڵم و زۆی داگیرکەران پێشکەش کرد. لە روانگەی بەڕێزیانەوە کورد و وڵاتەکەی کە لە نێوان چوار وڵات دا بەش کراون، بە هۆی نەبوونی حکومەتێکی سەرەبەخۆ، جگە لە خاک و نەتەوە، تەنانەت زمان، کلتوور و تەنانەت ئایین و ئایینزاکانیشی دابەش کراوە، دەستی بە سەر داگیراوە و ئاسمیلە کراوە. دکتور خەیاتی لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا ئاوڕی لە هاوشیوە بوونی پیلانی داگیرکەرانی کوردستان کرد دژ بە گەلی کورد و پێێ وا بوو کە لەوانەیە لە

شێوە شکڵ دا هێندێک جیاوازی هەبێ لە ڕەفتار و هەڵسووکەوتی داگیرکەرانی کوردستان لە پارچە جیاوازەکاندا، بەڵام هەموویان لە یەک خاڵ دا یەک دەگرنەوە کە ئەویش ئینکار کردنی نەتەوەیەکە بە ناوی کورد. ئەوان بەو داگیرکاری و سنوور بەندییە کە لە نێوان بەشەکانی کوردستان دا کردوویانە دەیانەوێ پێمان بڵێن کە ئێوە هیچ نین، خاوەن خاک وو لآت و زمان و کلتور و تەنانەت ئایینی خۆتان نین، ئەبێ پەیڕەوی لە ئێمە بکەن، بۆ ئەو ئیدعایەشی پیلانی هاوبەشی هەر سێ حکومەتی داگیرکەری کوردستان، واتە ئێران، تورکیە و عێراقی کرد دژ بە ڕفراندۆمی باشووری کوردستانی وەک نموونە هێنایەوە. شایانی گوتنە کە لەم سمینارەدا هاوڕێ تێکۆشەر کاک بابا عەلی مێهرپەرور سیمای خۆشەویستی دێمۆکرات تەشریفیان هەبوو و چەند وتەیەکی سەبارەت بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هێنایە زمان.پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە خوارەوە بەشداری سمینارەکە بوون و بە ناردنی بروسکە پیرۆزبایی یادی کۆماریان کە حیزبی دیموکرات و هەموو خەڵکی کوردستان کرد:

نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات (حەوزەی) یۆتۆبۆری

کۆمەلەی شۆرشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران

کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان

پارتی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

پارتی یەکیەتی دیموکراتی کورد لە سوریە

لە کۆتایی ڕیوڕەسمەکە دا چەپکە گولی ڕێز لینان لە لاین کۆمیتەوە پێشکەشی بەڕێزانی کۆڕگێر کاک دکتۆر خالیدی خەیاتی و کاک حاتم مینبەری چالاکوانی سیاسی هونەرمەندی دەنگ خۆش کاک ئەسعەد ڕەزازی و کاک کاک بابا عەلی مێهرپەرور کرا.

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە شاری یوتوبوری سوئید

١٣ی جانێوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕێزگرتن لە یادوبیرەوریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان
## لە ناوخۆی کوردستان:

### چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات لەشاری پاوە ، بۆ بۆنەی ٢ی ڕێبەندان



لە درێژەی چالاکیی بە بۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ، شەوی ڕابردوو ڕێکەوتی ٣ی ڕێبەندان لە شاری پاوە چالاکیی تەبلیغی کرا.

لە گەڵ یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان، تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری پاوە لە چالاکیی تەبلیغیدا، ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان گرت و، لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات وەفاداریی خۆیانیان دووپات کردەوە.

تێکۆشەران و دۆستانی دێموکرات، لە شاری پاوە بە بڵاوکردنەوەی وێنەی پێشەوای کوردان و، نووسراوەی تایبەت

بە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چەندین شوێنی ئەو شارە چالاکییان نواندو لەو ڕێگایەوە لە گەڵ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم یادە پیرۆزە لە سەرجەم ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزب لە شاری پاوەدەکا.

٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات لەشاری بانە، بۆ بۆنەی ٢ی ڕێبەندان




بە بۆنەی ٢ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری بانە چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

بۆ ڕیزگرتن لە یادوبیرەوەریی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان ئەمساڵیش لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

لە گەڵ یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان ، تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزب لە شاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بانه له چالاکیی تەبلیغیدا، ڕێزیان له یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان گرت و، لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات وەفاداریی خۆیانیان دووپات کردەوه.

تێکۆشەران و دۆستانی دێموکرات، له شاری بانه به بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی تایبەت به یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان له چەندین شوێنی ئەو شاره چالاکییان نواندو لەو ڕێگایەوه له گەڵ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوه.

کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوه وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم یاده پیرۆزه له سەرجەم ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان به گشتی، دەستخۆشی له تێکۆشەرانی حیزب له شاری بانه دەکا.

٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨

## له شاری پیرانشار به بۆنەی ٢ی ڕێبەندان چالاکیی تەبلیغی کرا




شەوی یەکشەممه ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان به بۆنەی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان که هاوکاته لەگەڵ ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان له شاری پیرانشار چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

شەوی ١ لە سەر ٢ی ڕێبەندان، کە هاوکاتە لە گەڵ یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان، تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزب لە شاری پیرانشار لە چالاکیی تەبلیغیدا، ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان گرت و، لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات وەفاداریی خۆیانیان دووپات کردەوە.

تێکۆشەران و دۆستانی دێموکرات لە شاری پیرانشار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی تایبەت بە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چەندین شوێنی چالاکییان نواندو لەو ڕێگایەوە لە گەڵ ئامانجەکانی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم یادە پیرۆزە لە سەرجەم ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزب لە شاری پیرانشار دەکا.

٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨

## ئیلامی دێرین، بە وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و، دروشمی شۆڕشگێڕانە ڕازایەوە




بەبۆنەی ٧٢مین ساڵیادی دامەزارنی کۆماری کوردستان و ڕۆژی مێژوویی ٢ی ڕێبەندان، تێکۆشەرانی دێموکرات لە پارێزگای ئیلام بە شێوەی بەربڵاو و کەم وێنە، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا ئەو یادەیان بەرزڕاگرت.

ئەنـدامان و دۆسـتانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە پارێزگـای ئـیلام لە شـەوانی ڕابـردوو سـەر لە نـوێ بە بڵاوکردنەوەی تراکتی شۆڕشگێڕانەو هەروەهـا وێـنەی پێشـەوا قـازی محەممەد یەکەم رئیس جمهووری کوردستان، ڕێزیان لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی گەلەکەیان گرت و، لەو ڕێگایەوە وەفاداریی خۆیانیـان بە ڕێبـازی پیشـەوا قـازی محەممەد دووپات کردەوە.

ئەو شوێن و ناوچـانەی کە لە پارێزگـای ئـیلام وبەتـایبەتی شـاری ئـیلام بە بـۆنەی دامەزرانـی کۆمـاری کوردسـتان چالاکیی تەبلیغی کراون بریتین لە:

چـوارڕای بێهزیسـتی، زەوییەکـانی شـارەداری، فەرمانـداری ئـیلام، شـەهرەکی فەرهەنگیـان، شـەقامی ٢٤ میتـری، نەوروزئاباد، شەقامی خوڕەمشەهر.

هەروەهـا لایەنگرانی چاونەترسی و بـوێری حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لە شـەوی ١ی ڕێبەنـدان لە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕانە دارو دیواری دەیان گەڕەک و کۆلانی شاری ئیلام و دوروبەری ئەو شارەیان بە دروشم و وێـنەی پێوەنـدی دار بە ٢ی ڕێبەندان ڕازاندوتەوە.

بەشێکی دیکە لەو شوێنانەی پارێزگای ئیلام کە چالاکیی تەبلیغی تێدا کراون بریتین لە: بلوواری بەهەشتی شـاری ئیلام، گەڕەکی هانیوانە، کتێب فرۆشی لووقمان، ناو شاری دێهلۆڕان، ئاوایی گوڵ گوڵی خواروو، شـاری ئاودانـان، سێ ڕێیانی ئاودانان بەرەو دەرە شار، دوو ڕێیانی موورمووری دیهلۆڕان، دێهیاری ئاوایی ژیوەر،سێ ڕێیانی مەلەکشای بەرەو مێهران و دەرە شار، لەگەڵ دەیان شوێنی دیکە لە پارێزگای ئیلام.

شیاوی باسە لە چەند رۆژی ڕابردوودا، ئەمە دوویەمین جارە کە لە پارێزگای ئـیلام بە بـۆنەی سـاڵیادی دامەزارنـی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەدەچێ.

کۆمیسـیۆنی تەشـکیلاتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان وێـڕای ڕیزگـرتن و لەبەرچـاوگرتنی چـالاکیی تێکۆشـەرانی نیشتمانپەروەر لە ناوچەی ئیلامی سەرفەراز، سڵاویان بۆ دەنێرێ و، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سنە




تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە لەم شارە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

شەوی ٣٠ی بەفرانبار و لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا کە هاوکاتە لە گەڵ یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان، تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزب لە شاری سنە بە چالاکیی تەبلیغی، ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان گرت و لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات وەفاداریی خۆیانیان دووپات کردەوە.

تێکۆشەران و دۆستانی دێموکرات لە شاری سنە بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی تایبەت بە یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چەندین شوێنی ئەوشارە کە بریتین لە: گەڕەکەکانی بەهاران، شەهرەک ١- ١٧ شەهرەک پەیام شیرکەت گاز، گرێزە، شەهرەک کەوسەر، دووشان شەهرەک ساحیلی، مەیان قەبا و چەندین گەڕەک و کۆڵانی دیکە، یادی ٢ی ڕێبەندانیان بەرزڕاگرت.

کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم یادە پیرۆزە لە سەرجەم ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزب لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاری سنە دەکا.

٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان، لە شاری ئیلام




بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستان، لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئیلام لە چالاکییەکی تەبلیغاتیدا ئەو یادەیان بەرزڕاگرت.

دۆستان و لایەنگرانی وەفاداری حیزبی دێموکرات لە شاری کوردپەروەری ئیلام لە بەرەبەری هاتنی دووی ڕێبەندان وەکوو بۆنەیەکی گرینگ لە مێژووی کورد، لە چالاکییەکی بەربڵاو ڕێزیان لە ڕێبەری گەورەی کورد، پێشەوا قازی محەممەد گرت و، خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای ئەو ڕێبەرە مەزنە زانی.

ئەندامان و دۆستانی چاونەترسی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی ڕابردوو ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانبار لە شاری ئیلام بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە چەندین شوێنی بەرچاوی ئەوشارە تراکت و نووسراوەی پێوەندیداریان بلاو کردەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو شوێنانەی کە لایەنگرانی حیزب لە شاری ئیلام چالاکیی تەبلیغاتییان تێدا کردووە بریتین لە:

مەنتەقەی سەرابەی ئیلام، پارکی سەراب، میانی ئەسڵی شار و چوارڕای بێهزیستی و زەوییەکانی شارداری لە گەڵ چەندین گەڕەک و کۆلانی دیکەی ئەوشارە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سپاس و پێزانین و هەروەها پیروزبایی کردنی ئەو رۆژە مێژووییە لە سەرجەم دۆستانی خۆی لە شاری دێرینی ئیلام، سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

## بڵاوکردنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە بلواری تاقوەسانی کرماشان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان





لە درێژەی کار و چالاکیی تێکۆشەرانی حیزب لە ناوخۆی وڵات بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، تێکۆشەرانی حیزب لە شاری کرماشان بەم بۆنەوە تێکۆشانی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی دەروەست و بەهەڵوێستی حیزب لە شاری کرماشانی سەربەرز بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد لە چەند گەڕەکێکی ئەم شارە و هەروەها بڵاوکردنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب لە بلۆاری تاقوەسانی شاری کرماشان، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان گرت.

بۆم بۆنەوە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری کرماشان، سەربەرزی و سەرکەوتنی زیاتریان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

## ڕێزگرتن لە یادوبیرەوەریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد




تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە لەم شارە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

شەوی ٢٩ی بەفرانبار و لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا کە هاوکاتە لە گەڵ یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە شاری مهاباد، تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزب لەم شارە بە نواندنی چالاکیی تەبلیغی، ڕێزیان لە یاد و بیرەوەریی کۆماری کوردستان گرت.

تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی شەهید پێشەوا قازی محەممەد لە پارکی شایگان و گەڕەکەکانی بلواری پەرەستار و ئەسحابە سپی، ئەم یادە مێژوویی و نەتەوەییەیان بەرز ڕاگرت.

کۆمسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە وێڕای پیرۆزبایی کردنی ئەم یادە پیرۆزە لە سەرجەم ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەستخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزب لە شاری مهاباد دەکات.

١٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغیی تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری شنۆ بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە



بە بۆنەی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی پێکهێنەرانی کۆمار و زیندووڕاگرتنی ئەم یادە مێژوویی و نەتەوەییە، تێکۆشەرانی سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی

کوردستان لە شاری شنۆ بە شێوەیەکی بەربەرین چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

شەوی ۲۸ لە سەر ۲۹ی بەفرانبار و لە بەرەبەری ۲ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا کە هاوکاتە لە گەڵ ۷۲ ساڵەی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد، تێکۆشەرانی ئازا و بەجەرگی دێموکرات لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی سەدان نووسخە لە تراکت و وێنەی سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد لە نزیک بە ۲۰ شوێن و گەڕەکی ئەم شارە تێکۆشانی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ کارو چالاکیی تەبلیغییان بەم بۆنەوە تێدا بەڕێوەبردوە بریتین لە:

گەڕەکەکانی: سەیداوێ، ئاتەشنیشانی، شەبانەڕووزی، شووورای ڕووحانییەت، شەهرەک، مەجیدئاوا، ئەمیرئاباد، تاچیناوێ، شاکرئاباد، جانبازان، سەلیمئاباد، مام تەمر، ڕەحیم ئاباد و هەروەها گوندەکانی:

شێوەسماک، خوریشت، سەرگیز، قەرەسەقەڵم، شێخان، کانیەڕەش، قەڵاتیان، بابخالاوێ، و چەپەڕاوێ. مزگەوتی حاجی حەسەن، کۆڵانەکانی پشت بانکی میللی، دەورووبەری ئێران خودرۆ و شەقامەکانی نێوشار.

بە بۆنەی ئەم چالاکییە بەرین و بەربڵاوەی تێکۆشەرانی حیزب لە یادی ۷۲ ساڵەی دامەزرانی کوماری کوردستانەوە، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستخۆشییان لێ دەکات و بەردەوامییان لە ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان دا بە ئاوات دەخوازێ.

۱۹ی جانێوێری ۲۰۱۸



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشوازی کردن لە ٢ی ڕێبەندان لە ناوچەی سنە




**تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاوایی سرنجیانەی شاری سنە، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.**

**لە بەرەبەری ساڵیادی دامەزرانی کۆماری مەزنی کوردستان وەکوو ڕووداوێکی نەتەوەیی و پیرۆز، ئەندامان و چالاکانی دێموکراتدۆستی حیزب، لە ناوچەی سنە و ئاوایی سرنجیانە لە تێکۆشانێکی تەبلیغاتیدا ئەو یادەیان بەرز ڕاگرت.**

**دۆستان و لایەنگەرانی کوردپەروەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چالاکییە تەبلیغاتەییەدا بە بڵاو کردنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانە وەفادرایی خۆیانیان بە پیشەوای کوردان و درێژەدەرانی ڕێگای قازی محەممەد دووپات کردەوە.**

**کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەستخۆشی کردن لە سەرجەم لایەنگرانی حیزب، لە ناوچەی تێکۆشەرپەروەری سنەو، بەتایبەتی خەڵکی ئاوایی سرنجیانە، سپاسیان دەکا و، هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.**

**١٧ی جانێوێری ٢٠١٨**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئەم وێنەیە لە ڕۆژنامەی کوردستان وەرگیراوە

-----------------------------------------------

***ڕێبەندانی ٢٧١٧ی کوردی - فێبریوێەی ٢٠١٨ زایینی***